# کاروانی ئەندێشە

# کاروانی ئەندێشە

**(کۆنفۆشیوس، ئەرستۆ، سوکرات، ئەفلاتوون، کانت، دیکارت و یۆنگ)**

**هەڵبژاردن و ئامادەکردن و وەرگێڕانی**

**جەلیل عەباسی (قەقنەس)**

**هەولێر- ٢٠١٠**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **کاروانی ئەندێشە**
- وەرگێڕان: جەلیل عەباسی
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: ئەدهەم عەباسی
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٩٤١) لە ساڵی ٢٠٠٩
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٥٣٨)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

دەفتەری یەکەم: رووباری هێمن/ کۆنفۆشیۆس.................................. ٩
دەفتەری دووەم: شۆکەرانی شیرین/ ئەرستۆ و سوکرات ...................... ٣٣
دەفتەری سێیەم: خاك و مەلەکووت/ ئەفلاتوون............................. ٥٥
دەفتەری چوارەم: فەلسەفەو بیرکردنەوە: کانت و دیکارت..................... ٧٧
دەفتەری پێنجەم: هەنگاوێك تا مانگەشەو/ یۆنگ.............................. ٩٧
ژێدەرەکان...................................................................... ١٢٧
پێزانین.......................................................................... ١٢٨

**کۆنفۆشیۆس دەڵێت:**

" ئەوەی کە فێر دەبێت بەڵام بیر ناکاتەوە، ون بووە،

ئەوکەسەی کە بیر دەکاتەوە بەڵام فێر نابێت، لە مەترسییەکی گەورەدایە"

وێڕای ونبوون، وێڕای جەهلی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، دنیای فکر لە بەرەوپێشچوونێکی بەردەوامدایە، کۆی ئەو نەشونمایەش لە بەدواداچوون و رەخنەو تیۆریزەکردنی هەڵوێستی سەردەم دێتە بەرهەم، بەو مانایەش فکر شتێك نییە لەدەرەوەی مەرجەکانی واقیعدا بژی و لە هەوادا مەله بکات، وەك ئایدیالیستەکان و تەقلیدییەکان بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو مەحکومە بە کۆمەڵێك شت کە بەسەریدا دەسەپێنرێن، هەر لەوێشەوە ئەقڵ و ئەقڵانییەت پەیدا دەبێت.

(کاروانی ئەندێشە) لە مۆدێلێکی نوێی شێوە زنجیرەئامێزدا خۆی دەردەخات و (جەلیل عەباسی)ی وەرگێڕ، لە هەوڵێکدا کە شایستەی ڕێزو پێزانینە، بە زمانێکی روون و تا رادەیەك قووڵ، بەشێك لە ژیان و بەرهەم و بەسەرهاتی بیریار و فەیلەسووفانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەندێکی زۆر لە بنەمای فکریی ئەمرۆیان لەسەر رۆ نراوە. هەروەها دەشێ بڵێم ئەو مۆدێلە لە پێناساندن، لە لایەك جۆرێکە لە دنە دانی خەیاڵ و بیری خوێنەر، لە لایەکیدیکە هەنگاوێکە بۆ بەدواداچوونی زێتر و حەزی زۆرتری پەی پێبردن، هەر لەوێشەوە بڕوابوونمان بە فیکر قووڵتر دەکاتەوە. چونکە قووڵترین قەیران کە کۆمەڵگە تێیدەکەوێت، ئەوەیە کە خۆی بخاتە دەرەوەی فیکرەوە، هەر فەرامۆشکردنێکی لەوجۆرەش، ژیانێك دەژی کە مەترسییەکەی (کۆنفۆشیۆس)ی بەدواوەیە.

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

**هەولێر**

**٢٠٠٧/١٠/٧**

## دەفتەری یەکەم

*

## رووباری هێمن...

*

## کـــۆنفۆشیۆس

"له ولاتێكدا كه به دروستی بەڕێوه دەبرێ، هەژاری هۆی شەرمەزارییه، هەرواش له وڵاتێكدا كه خراپ و نادروست ئیداره بكرێ، سەروەت و سامان دەبنه هۆی سەرشۆڕی"



# کۆنفۆشیۆس

هەرکە پەروەردە و راهێنان و ئەدەبیات لەچیندا پەرەی سەند و زانایان وەکو وەزیری پاشایەکان گەیشتنە دەسەڵات و رێز و پلەوپایەی خۆیان، فەیلەسووفەکانیش سەریانهەڵدا و گەشەیان سەند. لەشەشەمین سەدەی پ.ز، دوو فەیلەسووفی مەزن بۆ سەرجەم چاخەکان لەچیندا سەریانهەڵدا:

(لائۆزی) بناغە دارێژی دائۆئیسم و (کۆنفۆشیۆس)یش کەفەلسەفە و قوتابخانەکەی پتر لەدوو هەزار ساڵی رەبەق بەسەر چیندا زاڵبوو.

**کۆنفۆشیۆس کێ بوو؟**

زانیارییەکی جێی متمانە لەژیانی کۆنفۆشیۆس لەبەر دەستدا نییە چونکە یەکەمین ژیاننامەی ئەو، **٣٧٥** ساڵ پێش مردنی و لەلایەن مێژوو نووسێکی نەناسراو بەناوی (سۆ ــ ما ــ چی یەن)ەوە نووسرا کە جێی برِوا و سەرنج و متمانە نەبوو. دیارە لەو زەمەنە دوورودرێژەی پاش مردنیشی بەهۆی گەورەیی و ناوداری و ناوبانگی زۆریەوە، ئەفسانەگەلێکی زۆر لەمەرِ ژیانی لەناو جەماوەردا دروستکران و دیاریشە کە زۆربەیان کەوتنە ناو نووسینەکانی سۆما چی یەن بۆ نووسینی ژیاننامەکە. لەوانەیە دروستترین و برِواپێکراوترین نووسراو لەمەرِ ژیانی کۆنفۆشیۆس هەرلە ناوەرِۆکی وتارەکانی خۆیدا بەردەست بکەوێت کەدوابەدوای مردنی لەلایەن قوتابییەکانیەوە کۆکراونەتەوە.

کۆنفۆشیۆس لەساڵی ٥٥١ی پ.ز لەهەرێمی بچووکی (لۆ) کە ئەمرِۆ بۆتە بەشێك لە شاری (شاندۆگ) هاتە دنیا و لە ٤٧٩ پ.زدا کۆچی دوایی کرد. دایك و باوکی، (هەرلەسەرەتای منداڵیی ئەمدا کۆچی دواییان کرد) ناویان لێنا (کۆنگ ــ کۆیی). کۆنفۆشیۆس لە وشەی لاتینی (کۆنگ فۆزی) بە واتای (مامۆستای مەزن ــ کۆنگ) وەرگیراوە.



کۆنفۆشیۆس بەناوبانگترین و بەرێزترین فەیلەسووفە لەمێژووی چیندا. ئەندێشەکانی لەساڵی ١٠٠ی پ.ز تا ساڵەکانی ١٩٠٠ی زایینی زۆرترین کاریگەرییان هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی چین. حکوومەتی چین ئەندێشەکانی ئەوی کردبووە بنەمای فەلسەفەی رەسمیی چین و زۆربەی وڵاتە دراوسێکانیش رێزی زۆر و تایبەتییان لە بیرو برِواکانی دەگرت.

کۆنفۆشیۆس دەیویست ببێتە راوێژکاری یەکێك لە حاکمەکانی چین بەڵام لەهەوڵەکەیدا سەرنەکەوت. هیوای ئەوەبوو بەدەستەبەر کردنی ئاوا پلە و پایەیەك بتوانێ بیروبۆچوونەکانی خۆی پراکتیزە بکات و لەرِێگەیەوە کۆمەڵگەی چین بگۆرِێت.

ئەگەر قوتابییەکانی نەبوونایە، هیچکات راهێنانەکانی لە سەرتاسەری چیندا بڵاونەدەبوونەوە و ئەویش نەدەناسرا. کۆنفۆشیۆس هیچ لە بیروبرِوا و راهێنانەکانی خۆی نەنووسینەوە، بەڵام پاش مردنی، سەرجەم وتار و راهێنانەکانی لەلایەن قوتابییەکانیەوە لەکتێبێکدا بڵاوکرانەوە. سەردەمی ژیانی ئەو، تەژی بوو لەئاشووب و پیلانگێرِیی سیاسی و شەرِوشۆرِەکانی کۆتایی بەهار و دەسپێکی پایزی سەرهەڵدانی مێژوو. سەردەم، سەردەمی دارِووخانی فەرمانرِەوایی ئیمپراتۆرییەتەکانی چین بوو. سەرەرِای هەبوونی سزای قورسیش، کوشتن و رشوە و بەرتیل خواردن و دەسدرێژی و هەرچەشنە تاوانێکی دیش ببوونە شتێکی ئاسایی. سێ بنەماڵە لە (لۆ)دا لەسەر دەسەڵات و فەرمانرِەوایی لەشەرِدا بوون، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە زۆربەی نەجیبزادە خوێندەوارەکان، یا بەدوای کارێکی بچووکدا دەگەرِان لەنێو دەزگاکانی حکوومەتدا، یاخود لەهەژاریی تەواودا دەژیان.

کۆنفۆشیۆس لە بنەماڵەیەکی رەسەن و نەجیبزادە بوو، بەڵام بنەماڵەکەی سەروەت و سامانی خۆی لەدەستدابوو و بەهەژاری دەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەروەك تاکێکی نەجیبزادە پەروەردە کرا و فێری مۆسیقا و تیروکەوان و ماسی گرتن بوو، گەرچی خۆی واتەنی (هەر بەبێ (تۆرِ/ داو)یش ماسیی دەگرت و هیچکاتیش نیشانەی لە باڵدارێك نەدەگرت کە لە حاڵی خەوتن یا پشوودا بووبێت). کۆنفۆشیۆس هەر بە منداڵییش

قوتابییەکی راستگۆ و تێکۆشەر بوو. لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا لەدەزگایەکی بچووکی حکوومی، وەك فەرمانبەرێکی سادە دامەزرا، بەڵام بەهۆی وشیاری و جدیبوونی لەکارەکەیدا، هەر زوو درەوشایەوە و لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا بەتەواوی دەناسرا. ئەو، قەڵەمڕەوی زۆربەی پاشاکانی سەردەمی خۆی گەڕا و داکۆکیی لەڕوانگە سیاسییەکانی خۆی کرد، بەو ئومێدەی کەلەلایەن پاشاکانەوە بەهەند وەربگیرێن و لەحکوومەتەکانیاندا لەو تێڕوانینگەلە کەڵك وەربگرن، بەڵام دەتگوت بیروڕاکانی بۆ کەڕ و نابیستەکان دەگوترانەوە و هیچ نەدەبیستران، هەربۆیەش سەرەنجام کۆنفۆشیۆس دوایین بڕیاری خۆیدا و ئیدی پاشماوەی تەمەن و هەموو توانای خۆی بۆ فێر کردن و راهێنان تەرخانکرد. لە هەرێمی (لۆ)دا نیشتەجێ بوو و قوتابخانەیەکی هەر بەناوی خۆیەوە لەوێ کردەوە، کە تیایدا هەموو قوتابییەکی وەردەگرت بەبێ گوێدانە هەبوون یا نەبوونی توانای مادی. کاتێ خەڵك بەو قوتابخانەیەیان زانی، هەر زوو منداڵەکانی خۆیان بۆ خوێندن و فێربوون ناردەلای، ئەویش هەر هەمووی وەرگرتن و بەمجۆرەش لەمێژووی پەروەردەی چیندا، ئەو، یەکەمین کەس بوو کە قوتابخانەی تایبەتی (ئەهلی)ی دامەزراند. گەنجێکی هەژار بەناوی (یان هۆی) دەیویست بچێتە ئەو قوتابخانەیە و لەوێ وەربگیرێت، بەڵام بنەماڵەکەی هێندە هەژار و نەدار بوون، کە تەنانەت خەرجی رۆژانەشیان نەبوو و ئەویش لەوە دەترسا لەبەر نەبوونی خەرجی ناونووس کردن و خوێندن، لەقوتابخانەکەدا وەرنەگیرێت، رۆژێك سەردانی ئەو گۆڕەپانەی کرد کە کۆنفۆشیۆس تیایدا خەریکی قسە کردن بوو بۆ جەماوەر، دیتی چەندین کەس لەژێر درەختێکدا دانیشتوون و گوێ رادەگرن و کۆنفۆشیۆس قسەیان بۆ دەکات:" هەرکەس دە پل گۆشتی خوێدار بهێنێ، لە قوتابخانە وەردەگیرێت بەبێ گوێدانە رەگەز و رەچەڵەکی." یان هۆی بە بیستنی ئەم مژدەیە یەکسەر رایکردە ماڵەوە و مژدەکەی گەیاندە هاوڕێکانی (زی لۆی) و (زی کۆنگ) و، چەند رۆژی پێنەچوو هەرسێکیان بوونە قوتابیی کۆنفۆشیۆس. تەنانەت پیاوێکی هەژاری تازە لەزیندان بەربوویش بەناوی (کۆنگ بێچانگ)لەو قوتابخانەیەدا وەرگیرا و کەوتە ژێر سایەی کۆنفۆشیۆسەوە. کۆنفۆشیۆس زۆرجار لەمەڕ فەزیلەتی خێرخوازییەوە قسەی بۆ



قوتابییەکانی دەکرد و داکۆکیی لە گرینگایەتی خۆشویستنی دیتران دەکرد. رۆژێك لەگەڵ قوتابییەکانی گەشتێکی ئازادیان رێکخست و چوونە شاخ... لەداوێنی کێوی (تای)دا چاویان بە ئافرەتێك کەوت، کە بەسەر گۆڕێکەوە دەگریا، کۆنفۆشیۆس لێی پرسی بۆچی ئاوا بەکوڵ دەگری؟ ژنەکەش بەدەم پرمەی گریان و هەنسکدانەوە گوتی: ئالێرەدا پڵنگێك کوڕ و مێرد و خەزوورمی خوارد. کۆنفۆشیۆس پرسیی: ئەی کەواتە بۆچی ئێرە بەجێ ناهێڵن؟ ژنەکە گوتی: لەبەر ئەوەی کە حاکمی ئێرە ستەمکارنییە و حاکمێکی دادپەروەرە. کۆنفۆشیۆس رووی کردە قوتابییەکانی و گوتی: بەم پێیە تێدەگەن کە دەبێ لەحاکمێکی ستەمکار زۆرتر لە پڵنگێکی دڕندە بترسێن.

کۆنفۆشیۆس چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی قوتابییەکانی زۆر بەوردی دەخستە ژێر سەرنج... قوتابییەکی هەبوو بەناوی (زای یو) کە بە پێچەوانەی ئەوانیدی زیرەك و چالاك نەبوو و زۆرجار لەکاتی وانەگوتنەوەدا دەنوست و لەگەڵ ئەوەشدا کوڕێکی هاشەوهوشەکەر بوو، کۆنفۆشیۆس بە قوتابییەکانی گوت خەریکی خوێندنەوە بن... دیتی زای یو دیسان خەوی لێکەوتووە، کۆنفۆشیۆس زۆر تووڕە بوو، رایچڵەکاند و زۆر بەتوندی سەرکۆنەی کرد: " تۆ وەکو چڵەدارێکی وشکبووی پواوی، هیچکەس ناتوانێ بەسەر چڵێکی وشکی پواوەوە کار بکات... تۆ وەکو دیوارێکی رەش و پیسبوویت، کە هیچکات سپی و خاوێن نابێتەوە". زای یو لەوەڵامدا گوتی: مامۆستا ببوورە ئیدی هەرگیز ئەم هەڵەیەم دووبارە ناکەمەوە. کۆنفۆشیۆس سەرێکی بادا و گوتی: "من هەمیشە بڕوام بەبەڵێنی دیتران هەبووە، بەڵام لێرەدا ناتوانم بەڵێنەکەی تۆ بە تەنیا وەربگرم بەڵکو پێویستە چۆنییەتیی بەجێهێنانی بەڵێنەکەشت بخەمە ژێر چاودێریمەوە". زای یو ئەوەندە شەرمەزار بوو کە زمانی لە گۆ کەوت و سەری خستە خوارەوە.

رۆژێك لەگەڵ قوتابییەکانیدا بەمەبەستی قسەکردن بۆ خەڵك سەردانی هەرێمی (ڤێی)یان کرد، لە ناو رێگادا باسی هەندێ بابەتی وەك: شیعر و ئەدەب و دەوڵەتی بۆ دەکردن. قوتابییەکانی رێزێکی زۆریان لە راهێنانەکانی مامۆستا دەگرت و دەیانویست

تێبگەن کە ئەو، چۆن لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەئەنجام گەیاندووە، کۆنفۆشیۆس لەمبارەیەوە گوتی: "من، زۆرجار بەتەنیا دادەنیشتم و بیرم لە بابەتە جۆربەجۆرەکان دەکردەوە، هەندێجار تەنانەت خەو و خۆراکیشم لە بیر دەکرد، سەرەڕای ئەوەش ئەنجامێکی دڵخوازم دەسنەدەکەوت، دواتر کتێبی زۆرم لەمەڕ هەموو بابەتەکان دەخوێندەوە، کەچی ئەم کارەش سوودی نەبوو، زۆری پێچوو تا تێگەیشتم بیرکردنەوە و خوێندنەوەی بێ سنووریش بەبێ بەکارهێنانی مێشك سوودی بۆم نابێت، چونکە ئەگەر بیرکردنەوە دوور بێت لە راستییەکان و خوێندنەوە بەسەرنجێکی وردەوە ئەنجام نەدرێت، ئەوا خوێنەر هەمیشە گێژ و وێژ دەبێت، خوێنەر دەبێ هەر هەمیشە بەو شتانەدا بچێتەوە کە فێریان بووە و خوێندنەوەکانی لەگەڵ بیر و مێشکی خۆیدا تێکەڵبکات. بەم چەشنە خوێنەر دەتوانێ بیرو هزری خۆی رێنموون و رێبەری بکات و کێشەکان چارەسەر بکات، سەرکەوتنیش هەربەم شێوەیە دەستەبەر دەبێ".

کۆنفۆشیۆس خۆی بۆ راهێنانی دیتران تەرخانکرد و لەتەمەنی خۆیدا سێ هەزار قوتابیی پێگەیاند کە حەفتاودوو کەسیان بەجوانی درەوشانەوە و بوون بەزانا و بیرمەندی هەرە دیاری سەردەمی خۆیان، کۆنفۆشیۆس هەر لەرێگەی کاری فێرکاری و راهێنانەکانییەوە توانیی روانگە سیاسییەکانی خۆی زیاتر بڵاو بکاتەوە و سەرەنجام لەگەڵ قوتابییەکانیدا قوتابخانەیەکی هزریی سەربەخۆیان دامەزراند، قوتابخانەیەك کە کاریگەرییەکی زۆری کردەسەر چینی فیۆدال، کە هەزاران ساڵ بەردەوام بوو. کۆنفۆشیۆس حەفتا ساڵ ژیا و کاتێکیش مرد، قوتابییەکانی شینی زۆریان بۆ گێڕا و بۆی ئازیەتبار بوون و هەندێکیان بۆ ماوەی سێ ساڵی رەبەق لەپاڵ گۆڕەکەیدا مانەوە و بەجێیان نەهێشت، (زی لو) شەش ساڵ هەر لەپاڵ گۆڕەکەیدا ژیا. بۆئەوەی راهێنانەکانی فەرامۆش نەکرێن، قوتابییەکانی بەهاوفکری و یاریدەی یەکدی، سەرجەم گوتار و قسەکانیان نووسییەوە. دواتر هەرچی قسەی کۆنفۆشیۆس هەبوو لەگەڵ چۆنیەتیی ئاوڕدانەوەی لەکێشە و کاروبار و بارودۆخە جۆربەجۆرەکان، هەموویان کۆکردەوە و سەرجەم لە کتێبی (هەڵبژاردەی گوتارەکانی کۆنفۆشیۆس)، بەناونیشانی



قوتابخانەی کۆنفۆشیۆس چاپ و بڵاو بۆوە. کۆنفۆشیۆس هەر بەڕاستی مرۆڤێکی هۆشمەند و هەستیار بوو، ئەو، بەهەموو پێوەرێك هەر ئەو کەسە بوو کەئەفلاتوون (فەیلەسووف)ی پێدەڵێت. ئەو، تێگەیشتنێکی سەلماوی هەبوو لەمەڕ ئەوەی کە شتەکان دەبێ چۆن بن، (هەقیقەت). هەر بەپێی ئەو تێگەیشتنەش دەجووڵایەوە و دیترانی رادەهێنا. دیترانیش هزر و هۆشی ئەویان بەرێزەوە سەیردەکرد و لەکاتی پەرێشانی و دوودڵیدا کەڵکی زۆریان لێوەردەگرت. کۆنفۆشیۆس بەڕواڵەت سەرەڕای هۆگریی زۆری بەدنیای ئەندێشە و هزر و ناسینی (رێگا)، هەوڵی دەدا بەوەرگرتنی پلە و پایەی حکوومی یاخود بەهەڵسوکەوتێکی خێرخوازانە و مەزنانە کاریگەری لەسەر دەوڵەتیش دابنێت. ئەو، دەربارەی ئەو شتانەی کە شارەزایی تەواوی لێیان نەبوو وەکو (رێکخستنی سەربازی و کاروباری لەو چەشنە) قسەی نەدەکرد، بەڵکو ئەشقی فێر بوون لەناخیدا دەجۆشا. لەکتێبی حەوتەمی هەڵبژاردەی گوتارەکاندا هاتووە: "راهێنانەکانی مامۆستا لەسەر چوار بنەما بوون، رۆشنبیری ، هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، هەوڵدان تا ئەوپەڕی توانا و راستگۆیی لەگوتنەکاندا..."

کۆنفۆشیۆس سەبارەت بەتایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ و تەنانەت هی خۆیشی بەگومان بوو، دەیگوت: هیوای بەوە نییە، کە لەم جیهانەدا حەکیمێکی زانا بدۆزرێتەوە و خۆیشی لەوەرگرتنی پلەوپایە و ناوبانگ وەکو حەکیمی زانا، یا مرۆڤی هزرمەندی خێرخواز دەترسا و دوودڵ بوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا بۆ سەقامگیر بوون و زاڵبوونی بنەماکانی (رێگا) بەسەر جیهاندا و دیترانیشی هاندەدا لەو بوارەدا خەبات بکەن. ئەمەش وێنەی مامۆستایەکی مەعنەویی هزرمەندە، کە سەرەڕای ئاگایی لە بێئەنجامی و بێسوود بوونی کارەکانی، هەر داکۆکی دەکاتە سەر ئەنجامی بیروبڕواکانی خۆی، ئەویش هەم بەهۆی ئەخلاقی تاکەکەسی و هەمیش رەوشتی کۆمەڵایەتی. کۆنفۆشیۆس بەپێچەوانەی فەیلەسووفە ئەفلاتوونییەکان، بایەخ و گرنگییەکی لە رادەبەدەری دەدایە هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی دروست و شیاو، ئەم هەڵسوکەوتە دروست و شیاوەش، لای ئەو بریتی

بوولە: ڕێزگرتن لە ڕەمەکیی خەڵك و کەسانی غەیرە ئەشراف، ڕێزگرتن لە داب و دەستوور و نەریتەکان، ڕێزی باوك و دایك و زۆر هاوکێشەی دیکە. لەکتێبی نۆیەم بەشی چوارەمدا هاتووە: "چوار شت هەبوون کەمامۆستا هەرگیز بەلایاندا نەدەچوو: هیچکات بۆی نەدەچوو (وای بۆدەچم، پێموایە...)، داکۆکیی لەهیچ کێشەیەکی نەسەلمێنراو نەدەکرد، هیچکات سەرسەختیی لەخۆی نەدەنواند و هیچکاتیش خۆپەرست و خۆبەزلزان نەبوو..."

بەگشتی دەبێ بڵێین کۆنفۆشیۆس مرۆڤ بوو بە هەموو پێوەرێك، ئاگاداری ناتەوانی و ناتەواوییەکانی خۆی بوو، ژیر بوو، تینووی فێربوون بوو، خاکی و ڕۆحسووك بوو، بەڵام لەبواری خێرخوازی و (ڕێگا)دا هیچکات پاشەکشەی نەدەکرد و نەدەگۆڕا، پەیڕەوی ڕەوشت بوو، میانڕۆ و واقیعبین، بەڵام ئارمانگەرا بوو، ئەهلی کردەوە و تێکۆشان بوو، بەڕێز و جێی حورمەت بوو. بەجۆرێك نوقمی جیهانی مۆسیقا دەبوو، کەجارێکیان بۆ ماوەی سێ مانگی تەواو تامی گۆشتی نەکرد. ئەو، خۆی لەسەر کاروباری سووکی خەڵکی ژێردەستە وەکو دوکانداری و کڕین و فرۆشتن و چاودێری لەوەڕگە و...یش ڕاهێنا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای ئەوەش کە کۆنفۆشیۆس ئامادەی وەرگرتنی هەر ئیشوکارێکی دروست و شەرەفمەندانە بوو، زۆربەی جار نەیدەتوانی کارێك پەیدا بکات، کە لەوانەیە ئەمەش بەو هۆیەوە بێت، ئەو بەهۆی پەیڕەوی لە بنەما ئەخلاقییەکان نەیدەتوانی خزمەتی دڵخوازی حوکمڕانەکانی سەردەمی خۆی بکات، لەبەرانبەردا هەموو کاتی خۆی تەرخانی کارێك دەکرد، کە خۆی حەزی لێدەکرد، واتە درێژەدان بەفێر بوون و ڕاهێنان. کۆنفۆشیۆس هەر لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە دڵی دایە فێرخوازی و فێر بوون، لە تەمەنی سی ساڵیدا هەستیکرد، بەرەبەرە خەریکە فێر دەبێت و لە تەمەنی چل ساڵیشدا ئیدی سەرگەردان و پەرێشان نەبوو. لە پەنجا ساڵیدا هەستیکرد لەسەریەتی، بکەوێتە دوای ئیرادەی خواوەند (مەشییەتی ئیلاهی)، لە شەست ساڵیدا بیستنی هەموو شتێکی بەلاوە ئاسان بوو و لە حەفتا ساڵیدا ئیدی دەیتوانی بەبێ سەرپێچی لە بنەما ئەخلاقییەکان دەست بداتە هەر ئیشوکارێك کە خۆی حەزی لێ بێت. هیچ مامۆستایەك خۆی بە



تەنێ کۆنفۆشیۆسی نەختەستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. چونکە ئەو هەوڵیدەدا لە هەموو کەس شت وەربگرێت و فێر ببێت. نموونە و هێما و سیمبول بۆ ئەو، هەمان فەرمانڕەوای کۆنی (ژۆ) بوو، بەجۆرێك کە جارێکیان ئەو پەیوەندییە مەعنەوییەی خۆی لەگەڵ ئەو فەرمانڕەوایەدا بەداخ و پەژارەیەکەوە ئاوا دەردەبڕێ، کە گوایە ماوەیەکی زۆرە نەهاتۆتە خەوی!

کۆنفۆشیۆس بەرهەمە کلاسیکەکانی مێژوو: شیعر و ئەدەبیات و بەتایبەت کتێبی گۆڕانکارییەکان (ئی چینگ)ی بەسەرنجەوە خوێندبوویەوە، ئەو، بڕوای وابوو کە ئەگەر پەنجا ساڵی تەواو کتێبی گۆڕانکارییەکان بخوێنێتەوە و لەگەڵی بژی، ئیدی هیچکات تووشی هەڵەیەکی گەورە نابێت.

کۆنفۆشیۆس هەر بەمنداڵی هەتیو کەوت. دواتر خێزانی پێکەوەنا و بووە خاوەنی کوڕ و کچێك و هەروەها برا گەورەکەیی بەخێو دەکرد، کە ئیفلیج و ناتەوان بوو. کۆنفۆشیۆس بۆخۆی داوای هیچ شتێکی زیادی نەدەکرد، تەنیا داواکاریی ئەوە بوو، کە تازیەیەکی چاکی بۆ بگێڕێت، ئەو، هەرگیز دەمی بە مەشروبەوە نەدا. دەکرێ کۆنفۆشیۆس بەیەکەمین مامۆستای فێرکاریی گەورەکان (بەتەمەنەکان) لە چیندا بزانین. سەرەنجام لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە لایەن حکوومەتەوە وەزیفەیەکی پێ سپێردرا، گەرچی زۆریش پێشنیارەکانیان بەهەند وەرنەگرت. ئەو پێشنیاری بە (جەی کەنگ زی)ی گەورەی بنەماڵەی دەسەڵاتدار کرد، سەبارەت بە باوك و دایکی خۆی لە خۆبووردوویی و، لە بەرانبەر منداڵەکانیشیدا میهرەبانیی هەبێت، پلەی خەڵکانی شایستە بەرزتر بکاتەوە و ناشارەزایانیش فێری کار بکات، لێرەدایە کە دەبینێ فێر کردن و توانای پەرەپێدان لەلای ئەو، چەندە لە ئیرس و میرات گرنگتر و پڕ بایەخترە. چەند کەسێك لەقوتابییەکانی کۆنفۆشیۆس لەناو حکومەتدا گەیشتنە پلە و پایەی بەرز، کۆنفۆشیۆس خۆی پێشنیاری دامەزراندنی چەند کەسێکیانی کرد: (زی لۆ) لە بەر توانا و لێهاتوویی زۆری، (زی گۆنگ) بەهۆی دەرك و ئەقڵ و توانای ناسین و لێکدانەوە و (ڕەن کیو) لە بەر ئاستی بەرزی هەڵسەنگاندن و پێوەرگەرایی.

ناوبانگی کۆنفۆشیۆس جگە لەفێرکاری و راهێنان، دەگەڕێتەوە بۆ نووسینی کتێبی (ئۆدێس) واتە دیوانی قەسیدەکانی، سالنامەی بەهار و پاییز، پێداچوونەوە لەمەڕ مۆسیقا و هەرواش نوسینی شەرحێك لەسەر کتێبی گۆڕانکارییەکان.

سەرچاوەی ئەسلیی راهێنانەکانی ئەو، کە لە گفتوگۆ و دیالۆگی نێوان خۆی و قوتابییەکانیدا وەسفکراوە، لەهەلبژاردەی گوتارەکانی (لۆنگ یو)دا لەلایەن قوتابییەکانییەوە تۆمار کراوە. بەپێی ئەم نووسراوانە، کە نەك هەر بیروڕاکانی کۆنفۆشیۆس دەناسین بەلکو لەگەڵ شێوازی راهێنان و روانگە و هەلسوکەوتەکانیشیدا ئاشنا دەبین. دەگوترێ، ئەو هیچکات پێش سەلماندن، ئەنجامگیریی نەدەکرد، وشکە هزر نەبوو، پێداگریی نەدەکرد و خۆپەسەند نەبوو، سرشتی ئەو، ئارام و هێمن و میهرەبان بوو، زالبوو بەسەر بارودۆخەکاندا بەلام تووڕە نەبوو بەلکو بەئەدەب و ئاسانگیر بوو. زی گۆنگ دەلێت:" کۆنفۆشیۆس بەیەك دلّی و راستگۆیی و ئەدەب و میانەڕۆیی و رێزەوە زانیاری لە شوێنەکانی دیکەوە دەست دەخست، بەلام دیتران بەمشێوەیە نەبوون و لەم رێگەیەوە توێژینەوەیان نەدەکرد."

ئەو، هێمن و لەسەرخۆ و رۆحسووك بوو و هیچکات زیز نەدەبوو لەوەی کە قوتابییەکانی رەخنەی لێبگرن. کۆنفۆشیۆس بەتایبەتی رێزی لە تازیەباران دەگرت و هەرواش رۆحسووکی و میهرەبانی و خاکەساریی دیترانی لەبەرانبەر دایك و باوکیاندا بەبەهرە و فەزیلەتێکی گەورە و سەرەکی دەزانی... لەمبارەوە گوتوویەتی:

"مرۆڤ لەکاتی خزمەتکردن بەدایك و باوکی، دەبێ بەمیهرەبانی و دلنەرمی لەگەلیان بجولێتەوە... ئەگەر بیروڕای لەگەڵ هی ئەواندا جیاواز و دژبەر بوو و نەیتوانی بەنەرمی روانگەکەیان بگۆڕێت، ئەوا دەبێ رێز لەخۆیان و بیروڕایان بگرێت و نابێ بەتوند و تیژی وەلامیان بداتەوە... لەوانەیە دلسارد بێتەوە و ئومێدی لێیان ببڕێ، بەلام هیچکات نابێ بەزەیی و میهرەبانی و خاکەسارییان لێ دریغ بکات".

کۆنفۆشیۆس بایەخ و گرنگییەکی لەڕادەبەدەری بەخەلك دەدا، بەجۆرێك کە دەکرێ ئەو بەیەکەمین ئۆمانیست (مرۆڤگەرا)ی مێژووی مرۆڤایەتی بژمێردرێت. ئەگەر



گەورێك ئاگری بگرتبا، ئەو بۆ ئەسپ و ئاژەلەکانی نەدەپرسی، بەلکو گورج پرسیاری خەلکەکەی دەکرد و دەیپرسی ئایا کەسێکیش زیانی پێگەیشتووە؟ ئەو، ئاگاداری ئیرادە و ئەختیاری مرۆڤەکان بوو، بڕوای وابوو بەئاسانی دەکرێ فەرماندەی سێ لەشکرو سوپا و...، لەسەر کار لا بدرێ بەلام هیچکات ناتوانین ئیرادەی کابرایەکی تەنانەت ئاسایی و سادە و ساکاریش لەخۆی بستێنینەوە. ئەو، باس لە رێگا (دائۆ) دەکات و دەلێ: "بەیانیان دلّ و گوێ بدەنە (دائۆ) تا شەوانیش بەرەزامەندی سەربنێنەوە" سەرەڕای ئەمەش بڕوای وابوو:

(ئەوە رێگا نییە کە مرۆڤ گەورە دەکات بەلکو ئەوە مرۆڤە کە دەتوانێ رێگا گەورەتر و هەموارتر بکات... تاك دەتوانێ لەناو دڕندەکانیشدا بژی، چونکە فەزیلەت و مەزنایەتی هیچکات بەتەنێ نامێنێتەوە و هەمیشە هاوشێوەیەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە... ئەشرافزادەیەك دەبێ هاوکاریی نیازمەندەکان بکات نەوەك دەولەمەندەکان دەولەمەندتر بکاتەوە).

کۆنفۆشیۆس بڕوای وابوو کە راسپێردراوە پەرە بەرۆشنبیری بدات و ئەم راسپاردەیەش لەلایەن (شا وەن)ەوە خراوەتە ئەستۆی و بەبڕوای پتەو بەوەش، کە ئەم ئەرکە خواست و ئیرادەی خواوەندە، ئەو، لە بەئەنجام گەیاندنیدا لە هیچ شتێك و تەنانەت لە مردنیش ناترسێت. هەروەها ئەو بڕوای بەدوعا و نزا هەبوو، لای وابوو، هەرکەس روو لەخواوەند وەربگێڕێت و پشتی تێبکات، ئیدی هیچ کەسی دیکەی نییە. ئەو دەیگوت ئەگەر کارەکانم لەم دنیایەشدا بێ بایەخ بن، ئەوا لە مەلەکووتدا بایەخ و پاداشتی خۆیان هەیە. کۆنفۆشیۆس دانی بەوەدا دەنا کە کەسانێکی دیکەش هەن، هێندەی ئەو راستگۆ و رەوشت بەرزن، بەلام هیچکەس نییە بەقەدەر ئەو ئاشق و شەیدای فێر بوون بێت. هەر بارودۆخێك بۆ ئەو، دەبوو بە وانەیەك... کاتی پیاسە کردن لەگەڵ خەلکانی دیکەدا سەرنجی دەدا و سیفەتە چاکەکانی وەردەگرتن و لە رووی لایەنە خراپەکانیشیانەوە سیفەتە خراپ و لاوازەکانی خۆی دەدۆزییەوە و چاکسازیی تێدا دەکردن. کۆنفۆشیۆس خۆی بە خاوەن حیکمەت یا فەزیلەتی ناب نەدەزانی و

هیچکات بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد، بەڵام ماندوو نەناسانە هەوڵی فێربوون و فێرکردنی دیترانیشی دەدا. ئەو، بڕوای وابوو کە سروشتی مرۆڤەکان وەك یەکە و جیاوازییان دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤەکان.

**ئایینی کۆنفۆشیۆس:...**

کۆنفۆشیۆس تاقانە دیاردەی هێژا و پڕبایەخی مرۆڤانەیە لە ژیانی مرۆڤی چینیدا. ئەو، لە چیندا هەموو شتێکی خستە ژێر کاریگەریی بیروبڕواکانی خۆیەوە: پەروەردە، حکوومەت و هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکانی چینیش. ئایینی کۆنفۆشیۆس دین و مەزهەب نەبوو، بەڵکو زۆرتر فەلسەفەیەك و رێنماییەك بوو، بۆ پیشاندانی رەفتاری دروست و ئەخلاقی. ئەو دەورانە کە کۆنفۆشیۆسی تێدا لەدایکبوو، چین پەیتا پەیتا دەکەوتە بەر شاڵاوی شەڕ و هێرش، ئاڵوگۆڕە بەپەلە سیاسییەکانیش بەجۆرێك پێکهاتەی کۆمەڵگەی چینیی تووشی گۆڕانکاری کرد، کە ئیدی جەماوەر هیچ بایەخێکیان نەدەدایە رێنموونییە سەلمێنراوە رەوشتییەکان و هیچ رێزێکیان لێنەدەگرتن. کۆنفۆشیۆس بڕوای وابوو کەمرۆڤی راستەقینە، ئەو کەسەیە کە ناخ و سرشتێکی ئەخلاقیی هەبێت... مرۆڤی راستەقینە حورمەتی نزا و خواپەرستی دەگرێت و رێز لەدایك و باوك و سەرۆکەکەی دەنێت... ئاوا کەسێکیش دەبێ بۆخۆی لەناخەوە بیربکاتەوە و بنەما سەرەکی و راستەقینەکانی ئەخلاق ببنە رێبەر و رێ پیشاندەری. کۆنفۆشیۆس واتەنی ئاوا کەسێك دەبێ:" بەڕادەیەك بۆ دۆزینەوەی رەفتاری دروست و ئەخلاقی هەوڵبدات کە مرۆڤێکی دنیا پەرست دەیدا بۆ وەدەستهێنانی سوود و قازانجی مادی و تاکەکەسیی زۆرتری خۆی. بەڕای کۆنفۆشیۆس هەبوونی سرشت و رەفتار و ئاکارێکی ئەوتۆ لە ناخی فەرمانڕەوایاندا گەلێ زۆرتر لە هەبوونی یاسا و سزا یاساییەکان کاریگەرتر دەبێت، هەربۆیەش ئەگەر ئاوا کەسانێك ببنە فەرمانڕەوا، ئاکارە ئەخلاقییەکانیان دەبێتە وانە و سەرمەشقی دیتران و جەماوەر بۆ ژیانێکی باشتر و رەواتر هان دەدات.



کاتێك کۆنفۆشیۆس مرد، فەلسەفەکەی چەندان نەناسرابوو، دەکرێ بڵێین، ئەگەر هەوڵ و تەقالای قوتابییەکانی نەبووبا، رەنگە تا ئێستاش هەربەجوانی نەناسرابا، کۆنفۆشیۆس بۆخۆی هیچکات شتێکی نەنووسی بەڵکو (وەکو پێشتر گوترا) سەرجەم گوتارەکانی دواتر لەلایەن قوتابییەکانییەوە، لەکۆمەڵە بەرهەمێکدا بەناونیشانی (هەڵبژاردەی گوتارەکان) کۆکرانەوە و لەچاپدران، کە ئەوانیش بریتین لە هەموو ئەو بابەت و زانیارییانەی، کە مرۆڤی ئەمڕۆ لە مەڕ ژیان و فەلسەفەی کۆنفۆشیۆس دەیزانێت. دوو فەیلەسووفی دیکە هەن، کە دەکرێ پێیانبڵێین (فەیلەسووفی کۆنفۆشیۆسی) یەکیان (مەنسیۆس، ٣٠٩ - ٣٠٥ی پ.ز) ئەویدی (زۆن زێی، ناوەڕاستەکانی ٢٠٠ی پ.ز). ئەوانیش بیروڕایەکی تاڕادەیەك هاوشێوەی کۆنفۆشیۆسیان هەبوو، بەڵام بە روانگەیەکی جیاوازەوە. لە روانگەی (مەنسیۆس)ەوە مرۆڤەکان بەچاکە و پاکی دێنە دنیا و ئەوەندە بەستە کە (بەزەیی و میهرەبانی سروشتی لە دڵی خۆیاندا بپارێزن). (زۆن زێی) دژی ئەم روانگەیە دەوەستا و دەیگوت خەڵکی کاتێ دەتوانن چاك بن و بەئارامی بژین، کە زیهنی خۆیان بەداهێنان و رەوشت پەروەردە بکەن. ئەم دوو تیۆرەش لەو بەشەیدا کە (مرۆڤەکان دەتوانن چاك بن) لەگەڵ بیروڕای کۆنفۆشیۆسدا نزیك و هاوبەشن. ئایینی کۆنفۆشیۆس بەپێچەوانەی بۆدیسم و تائۆئیسم، کە (سەرنجدەدەنە توانای مرۆڤ بۆ ژیانی هەماهەنگ لەگەڵ سروشتدا)، لە بنەڕەتدا گرنگیی بەنیازەکانی کۆمەڵگە دەدات. دوو قوتابخانەی بۆدیسم و تائۆئیسم لە سەرەتاکانی ٢٠٠ی پ.ز کاریان کردە سەر گۆڕانکارییەکانی ناو چوارچێوەی ئایینی کۆنفۆشیۆس، هەر بۆیە چەمکی وەك (سروشت) لەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە. لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠ تا ٦٠٠ی زایینی پاشەکشێیەکی بەرچاو لە مەڕ بیروبڕوا کۆنفۆشیۆسییەکان روویدا و هۆکارەکەشی ئەوەبوو، کە دەبوو ئایینی کۆنفۆشیۆس لەگەڵ هەردوو لایەنی بۆدیسم و تائۆئیسمدا (کە لەو کاتەدا گەشەیان کردبوو) رکابەری بکات. ئەو دوو ئایینە، لە بەرانبەری ئایینی کۆنفۆشیۆسدا وەکو شەو وا بوون لەبەرانبەر رۆژدا، واتە بەئاشکرا ببونە خاڵی دژبەر و بەرانبەری داهێنانەکانی

کۆنفۆشیۆس. ئەوان بێئەندازە نیگەرانی چەمکگەلێکی وەك (مەینەت و مەرگ) بوون، لە حاڵێکدا کە ئایینی کۆنفۆشیۆس ئەو چەمکانەی لەبەرچاو نەدەگرت. ئایینی کۆنفۆشیۆس دەوروبەری ساڵەکانی ٦٠٠ ی پاش زایین بەرەبەرە گیانی پێدا هاتەوە و لە ٧٠٠ی پاش زاییندا بەتەواوی بووژایەوە و زیندوو بووەوە. لە ساڵەکانی ١١٠٠ ی زایینی بزووتنەوەیەك بەناونیشانی ئایینی نوێی کۆنفۆشیۆس بەڕێبەرایەتی (زو ـــ کسێی) لەدایك بوو، ناوبراو لایەنێکی بزووتنەوەکەی بەناوی (لایەنی ئەقڵگەرایی) گەشە پێدا، لایەنێکی پەیوەست بوو بەخوێندنەوەی (لی) یا (پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت)ەوە. لایەنەکەی دیکە بەناونیشانی (بەشی بینراو) زۆرتر پەیوەست بوو بە(ڕۆشنگەریی بەهۆی تێکەڵاوییەك لە پاراسایکۆلۆژی و ئاکارە ئەخلاقییەکان)ەوە. لە ١٩٠٠دا ئاڵۆزییەك کەوتە نێوان ئایینی کۆنفۆشیۆس و بیروبڕوا رۆژاواییەکانی کۆمۆنیستەوە، بەجۆرێ کە: تا چەندین ساڵ دوای گۆڕانکارییەکان لەحیزبی کۆمۆنیستی چیندا، حکوومەت بەتوندی دژی ئایینی کۆنفۆشیۆس دەوەستایەوە، چونکە لە روانگەی ئەوانەوە ئەم ئایینە، لە بری ئایندە سەرنجی دەدایە رابردوو. بەهەرحاڵ دژبەریی حکوومییەکان لەگەڵ ئایینی کۆنفۆشیۆسدا لەساڵی (١٩٧٧)ی زایینی کۆتایی پێهات و ئەم ئایینە بەشێوەیەکی باشتر و زیندووتر جێی خۆی گرتەوە.

❊

# گوڵبژێرێك لە قسەكانی كۆنفۆشیۆس...

١- خێزانەكەت هەروەكو برژاندنی ماسییەكی بچووك، زۆرزۆر بەنەرمی و بەئارامی و لەسەرخۆ بەڕێوە بەرە.

٢- بۆ ڕێكخستنی جیهان پێویستە سەرەتا نەتەوەكان ڕێك بخرێن... بۆ ڕێكخستنی نەتەوەكان دەبێ سەرەتا خێزان و بنەماڵەكان ڕێك بخرێن... بۆ ڕێكخستنی خێزان و بنەماڵەكانیش دەبێ سەرەتا ژیانی تاكەكەسی خۆمان ڕێك بخەین... واتە سەرەتا دەبێ دڵ و دەروونمان ساف و خاوێن بكەین.

٣- ئەو كەسەی كە بیەوێ بەرژەوەندیی دیتران بپارێزێ، ئەوا پێش هەمووان بەرژەوەندییەكانی خۆی پاراستووە.

٤- بێدەنگی هاوەڵێكە، هیچوەخت خیانەت ناكات.

٥- ئەگەر لەگەڵ یەكێكدا ئاشنا بوویت كە لە خۆت چاكتر بوو، هەوڵبدە وەكو ئەو بی، ئەگەر لەگەڵ كەسێكیشدا ئاشنا بوویت كە وەك خۆت چاك نەبوو، ئەوا باشترە لەناخی خۆت رامێنی و خۆت لە ناوەوە هەڵسەنگێنی.

٦- شەرەفمەندترینی مرۆڤەكان ئەوانەن، كە ڕێز لە چاكەی دیتران دەگرن و لایەنە لاوازەكانیشیان زەق ناكەنەوە... مرۆڤە چەوت و خراپەكان بەپێچەوانەی ئەو ڕێسایە دەجووڵێنەوە.

٧- حەز مەكە ئیشوكارەكانت بە پەلە ئەنجامبدەیت... مەكەوە دوای قازانجگەلی بچووك.. پەلە كردن لە كاردا دەبێتە هۆی ئەوەی كە كار بەچاكی ئەنجام نەدرێت، هەرواش كەوتنە دوای قازانجی بچووك و كەم بایەخ دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەنجامنەدانی كاری گەورە.

٨- لە سێ ڕێگاوە ئەتوانین زانایی و ئاوەز وەربگرین: یەكەم، بیركردنەوە و وردبوونەوە، كە رەسنترین ڕێگایە... دووەم، چاولێكەری، كە ئاسانترین ڕێگایە و سێهەمیش ئەزموونی تەجرووبە، كە تاڵترین ڕێگایە.



٩- گەر شتێك بەمن بڵێیت، لەبیری دەكەم بەڵام ئەگەر پیشانم بدەیت لە بیرەوەریمدا هەڵیدەگرم... خۆئەگەر لەگەڵ بابەتی شتەكەدا تێكەڵم بكەیت، ئەوا منیش تێیدەگەم و دەركی دەكەم.

١٠- سەفەری هەزاران كیلۆمەتری بە یەكەمین هەنگاو دەستپێدەكات.

١١- مرۆڤی پایە بەرز كەم قسە دەكات و كرداری زۆرە.

١٢- توانای ئێمە هەرگیز بڕستی گەیشتنە ئەو هەموو چاوەڕوانییەی نییە، كە لێی دەكەین.

١٣- دەبێ لەحكوومەت و حاكمێكی ستەمكار زۆرتر لە دڕندەیەك بترسین.

١٤- لەبیری نەكەی، ئەوە گرنگ نییە كە بۆ كوێ و بەرەو كوێ دەڕۆی... گرنگ ئەوەیە كە هەنگاوی یەكەم هەڵگری... تادەگەیە ئامانج.

١٥- یەكدانە ئەڵماس تەنانەت گەر شكابێتیش هەر باشترە لە بەردێكی هەرچەند سافیش.

١٦- ئەو كارە بەپیشەی خۆت بگرە كە حەزت لێیە تا لە تەمەنتدا ناچاری كاركردن نەبیت.

١٧- ژیان و مردن پێشتر دیاریكراوە... سەروەت و شانازییەكانیش لەدەستی خواوەنددان.

١٨- هەموو شت جوانە، بەڵام هەموو كەس جوانییەكان نابینێ.

١٩- ئەوەی كە فێر دەبێ بەڵام بیر ناكاتەوە، ون بووە، ئەو كەسەش كە بیر دەكاتەوە بەڵام فێر نابێت، لە مەترسییەكی گەورەدایە.

٢٠- ئەو كەسەی كە زۆر قسە دەكات (زۆر بڵێ) ناتوانێ قسەی چاك بكات.

٢١- بەهەشت واتە بوون بەیەك لەگەڵ خواوەند.

٢٢- كێشەم ئەوەنییە دیتران چ ئەندازە دەمناسن... كێشەی من ئەوەیە كە ئایا تا چ ئەندازە خوازیاری توانینم.

٢٣- ئەگەر ببمە هاوسەفەری دووکەس، ئەوان دەبنە مامۆستام: خاڵە بەهێز و چاکەکانی ئەمیان وەردەگرم و خۆمی لەسەر رادێنم، خاڵە لاواز و خراپەکانی ئەویشیان دەناسم و لەناخی خۆمدا دەیاندۆزمەوە و چاکیان دەکەم.

٢٤- ئەگەر ژیان نەناسین چۆن دەتوانین مردن بناسین.

٢٥- کاتێ لەدڵ و ناخی خۆت رامایت و هیچ خراپەیەکت نەدیت ئیدی چ جێگای نیگەرانی و ترسە.

٢٦- ئەگەر نیشانەت لە ئەستێرەکان گرت بەڵام لە مانگت دا، هیچ کێشەیەك نییە، گرنگ ئەوەیە نیشانەی شتێکت گرتبێ، زۆربەی خەڵك هەر نیشانەش ناگرن!.

٢٧- لە ولاتێکدا کە بەدروستی بەڕێوە دەبرێ، هەژاری هۆی شەرمەزارییە، هەروەها لە ولاتێکدا کە خراپ و نادروست ئیدارە بکرێ، سەروەت و سامان دەبنە هۆی سەرشۆڕی.

٢٨- لەجیێی ئەوەی بیر لە وەدەسهێنانی پیشەو پلەوپایە بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دەبنە مرۆڤێکی شایستە بۆ گەیشتنە پلەو پایە.. نیگەرانی ئەوە مەبن کە ناناسرێن، وابکەن کە شایستەی ناسین و ناسراوی بن.

٢٩- گرنگ نییە تاچەند ئارام و کاوەخۆ دەڕۆن، گرنگ ئەوەیە کە رانەوەستن.

٣٠- قین کردن و تووڕەیی ئاسانە و خۆشویستن سەختە.. هەموو شتێکیش هەروایە.. ئەنجامدانی کاری چاك زەحمەتە و کارە خراپەکان بەئاسانی ئەنجامئەدرێن.

٣١- بێ متمانەیی بەهاوڕێیان شەرمهێنەرترە لە فریوخواردن لێیان.

٣٢- ژیان لە راستیدا زۆر ساکارە، کەچی ئێمە هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ ئاڵۆزکردنی.

٣٣- سەرنجبدەنە ئەوەی کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە خواست و چێژەکانی خۆی، دەست بۆ چ کار و ئامرازێك دەبات.. مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە پشتەوەی شتێکدا بشارێتەوە.

٣٤- هیچکات لەگەڵ کەسێکدا، کەلە خۆت چاکتر نییە دۆستایەتی مەکە.

٣٥- هیچکات شمشێر نەدەیتە دەستی کەسێکەوە، کە شارەزای سەماکردن نەبێ.



٣٦- هەرچەندیش کە سەرقاڵ بیت، پێویستە کاتێك بۆ خوێندنەوە و پشوویەکی خۆویستانە تەرخانبکەیت.

٣٧- تەنیا گەمژەترین و هەروەهاش زاناترین مرۆڤەکانن کە هەرگیز ناگۆڕدرێن.

٣٨- بڕوا بکە پیری شتێکی زۆر دڵگیرە، راستە کە بەئارامی دەتنێنەلاوە بەڵام دوای ئەوە لەشوێنێکی ئەمن و لەپێشەوەی دیتراندا دات دەنیشێنن.

٣٩- گەورەترین شانازی ئەوە نییە کە هیچکات نەکەوین، بەڵکو لە هەستانەوەی دوای هەر کەوتنێکدایە.

٤٠- زانایی راستەقینەی هەرکەس ئەوەیە، کە ئاگاداری رادەی نەزانیی خۆی بێت.

٤١- قسەی حەق بکە... بە رق و قینەوە هاوار مەکە... ئەگەر داوای شتێکی کەمت لێکرا بیدە... بەم سێ شتە دەگەیتە خوا.

٤٢- سەرکەوتن بەستراوە بەئامادەکاریی پێشووتر... بەبێ ئەم ئامادەکارییە بەدڵنیاییەوە شکست بەرهەمدێت.

٤٣- گەر دەتەوێ پێشبینیی ئایندە بکەیت، ئەوا دەبێ رابردوو باشتر بخوێنیتەوە.

٤٤- دەبێ رێز لە کتێب فرۆش بگرین، چونکە بەپێی کارەکەی خۆی، سەرنجمان بۆ ئەو کتێبانە رادەکێشێت کە زۆرتر پێویستمان پێیانە و زۆریش لێیان غافڵین.

٤٥- وشیاری و بەئاگا بوون زۆرکەم و بەدەگمەن تووشی تاوان دەبێت.

٤٦- گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە ژیاندا هەمانە، بەستراوە بە هەوڵی خۆمانەوە، وەستا کارێك کە دەیەوێ ئیشەکەی چاك و بێ عەیب بێت، دەبێ لە پێشەوە ئامرازی کارەکەی بەجوانی ئامادە و رێکوپێك کردبێت.

٤٧- ئەو مرۆڤانە بەفەزیلەت و مەزنایەتی نزیکترن کە: خۆڕاگر و دڵگەرم و ساکار و خاکی بن.

٤٨- ئارمانجی مرۆڤی پێگەیشتوو هەمان گەیشتنە بەهەقیقەت.

٤٩- هێزی نەتەوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ یەکبوون و یەکگرتنی لە بنەماڵەدا.

٥٠- مرۆڤی پێگەیشتوو نیگەرانی بەرتەسکیی تواناکانی خۆیەتی... نیگەرانی ئەوە نییە، کە دیتران ئاگاداری توانستەکانی ئەو نەبن.

٥١- مرۆڤە پێگەیشتووەکان هەمیشە بیر لە فەزیلەت و مەزنایەتی دەکەنەوە و مرۆڤە سادە و بچووکەکانیش هەر لە بیری ئاسایش و حەسانەوەدان.

٥٢- مرۆڤی تێگەیشتوو تێدەگا چ شتێك دروستە و مرۆڤی سووکیش دەزانێ چ شتێك باشتر دەفرۆشرێت.

٥٣- چەرخی شانس هەردەم لە گەڕاندایە، کێ دەتوانێ بەخۆی بڵێ ئەمڕۆ من لە هەمووان بەرزتر و باشترم.

٥٤- هەڵە کردن زۆر گرنگ نییە، مەگەر ئەوەی کە هەمیشە یادی بکەیتەوە.

٥٥- هیمەت کردن بۆ بردنەوە، سەرکەوتن خوازی و پێداگری بۆ گەیشتن بە زۆربەی زۆری دەرفەتەکان... ئەمانە ئەو کلیلانەن کە دەرکە بۆ بەرزبوونەوە و پایەبڵندیی تاك دەکەنەوە.

٥٦- دوو شت هەن، کە دەبێ جێگۆڕکێیان پێبکرێت... کێ هەیە، کە هەمیشە (ئەقڵ) و (بەختەوەری)ی لەگەڵدا بێت.

٥٧- زیادەڕۆیی بە ڕێژەیەکی ناتەواو کارێکی هەڵەیە.

٥٨- زانایی، زانینی ئەوەیە کە هیچ نازانی... ئەمە واتای زانایی ڕاستەقینەیە.

٥٩- ئەو پەڕی ترسنۆکی ئەوەیە، کە بزانین کارێك هەڵەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی بدەین.

٦٠- بینین و گوێگرتن لە خەڵکی لاسار خۆی دەسپێکی لاسارییە.

٦١- بە پیشەکردنی پێنج کار لەهەر کات وساتێکدا نیشانەی مەزنایەتیی تەواوە: ویقار، جوامێری، ڕۆح، یەکڕەنگی و چاکە و میهرەبانی.

٦٢- مەزنایەتی هیچکات بەتەنیا نامێنێتەوە... ئەو کەسەی کە مەزنانە ڕەفتار دەکات، هەمیشە هاوڕێ و هاودەم بۆخۆی دەستەبەر دەکات.

٦٣- خەڵکانی زانا ئەگەر بۆ بەربەستەکان چۆك دابدەن، ئەوا بە قبوڵکردنی مەلوولی تۆڵە لەخۆیان دەکەنەوە.



٦٤- کارێك لەگەڵ دیتران مەکە، کە ناتەوێ لەگەڵ خۆتدا بکرێ.

٦٥- کاتێ ڕقت سەررێژ دەکات، تۆزێ بیر لە ئاکامەکەی بکەوە.

٦٦- کاتێ مەخسەد بەجوانی دیار نییە، ئاڵوگۆڕی پێ مەکە، بەڵکو هەوڵبدە ڕێگای پێگەیشتنی بگۆڕی.

٦٧- ئەگەر کارێکت بۆ دیتران ئەنجامدا، هەر بە هەمان شەوقەوە بیکە کە بۆ خۆتی دەکەیت.

٦٨- کاتێ شتێك دەزانی پابەند بە پێوەی... کە شتێکیش نازانی، بیر بکەوە و بزانە کە نایزانی... زانایی هەر ئەوەیە.

٦٩- بۆهەرکوێ ئەڕۆی بەدڵ و بە گیان برۆ.

٧٠- هەرگیز نەبووە و نابێ کتێبێك بکەیتەوە و شتێکی لێوە فێر نەبی.

**کۆتایی دەفتەری**

**یەکەم...**

* *

## دەفتەری دووەم

## شۆکەرانی شیرین...

*

## ئەرستۆ

## و

## سوکـــرات

- تەنیا بارودۆخێك، كە هەمیشە پایەدار بمێنێ ئەوەیە كە تیایدا هەموو مرۆڤەكان لە بەرامبەر یاسادا یەكسان بن.



**ئەوانەی کە بە هەموو کردارەکانی تۆدا هەڵدەڵێن، دڵسۆزت نین.. دڵسۆزانی تۆ ئەو کەسانەن، کە بە میهرەبانییەوە هەڵەکانت پیشانی خۆت دەدەنەوە.**

## (أ) ژیانی ئەرستۆ:...

ئەرستۆ.. فەیلەسووف، زانا، فیزیکزان و یەکێك لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی بیریاریی رۆژاوا، ساڵی (٣٨٤ی پ ز) لە شاری ئەستاگیرای مەقدوونییەدا لەدایکبوو. بڕوا پێکراوترین نووسراو لەمەڕ ژیانی ئەرستۆ لە لایەن (دیۆنێس)ی هاوڵاتی (هالیکارناسۆس)ەوەیە، کە لەمەڕ دیمۆستن و ئەرستۆ نووسیویەتی. دیۆنێس لە کتێبەکەیدا دەنووسێت:

" ئەرستۆ کوڕی (نیکۆ ماکۆس)ە کە یەکێکە لە نزیکان و میراتگرەکانی (هەنری ماکائۆن)ی کوڕی (سکۆلاپێرس). دایکی، (فاستیەس) نەوەی کەسێك بوو کە کۆلۆنیالیی لە (چارلسیس)ەوە گواستەوە بۆ (ئەستاگیرا).

ئەو، سێ ساڵ پێش دیمۆستن واتە ساڵی ٣٨٣- ٣٨٤ی پ ز هاتە دنیا. ساڵی ٣٦٦ی پ ز لە تەمەنی ١٨ ساڵی و دوای مەرگی باوکی رۆیشتە ئاتن لای ئەفلاتوون و ماوەی ٢٠ ساڵ لەوێ مایەوە. لەگەڵ کۆچی دوایی ئەفلاتوون (٣٤٧ پ ز) رووی لە دەرباری (هەرمیاس)ی دەسەڵاتداری ستەمکاری ئاتارینۆس کرد و دوای سێ ساڵ (٣٤٤ پ ز) ئەوێیشی بەجێهێشت و رۆیشتە میتیلن لە ئاسیای بچووك و چووە لای (فلیپ)ی پاشای مەکدوونییە و ماوەی هەشت ساڵ وەکو مامۆستای تایبەتی کوڕەکەی فیلیپ (ئەسکەندەر) کاری کرد، قوتابییەکەی، دواتر ناوبانگی بە (ئەسکەندەری مەزن) دەرکرد. دوای مردنی فیلیپ (٣٣٦ پ ز) گەڕایەوە ئاتن و قوتابخانەی (لایسیۆم)ی دامەزراند و ماوەی دوازدە ساڵ بەڕێوەی برد و قوتابیی زۆری تیادا پێگەیاند، کە پێیاندەگوترێ: (پریپات تیکس) واتە (رێبوار)، لەوانەیە ئەم نازناوەش لەو رووەوە درابێتە پەیڕەوانی ئەفلاتوون، کە خۆی (ئەفلاتوون) لە کاتی قسەکردنیدا بە پەلەپەل هەر هاتوچۆی دەکرد و رانەدەوەستا.



لە سێزدەیەمین ساڵی بنیاتنانی قوتابخانەکەیدا و پاش مەرگی ئەسکەندەر (٣٢٣پ.ز) رۆیشتە چالسیس و هەرلەوێ مایەوە، تا ئەوکاتەی کە نەخۆش کەوت و لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد".

دوای مەرگی ئەسکەندەر هەستی دژە مەکدۆنی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاتندا سەریهەڵدا، هەربۆیەش ئەرستۆ گیرا و بە تاوانی لاساری و خراپەکاری مەحکەمەیان کرد و لەوانەشە هەر هەمان حوکمیان بۆ لەبەرچاو گرتبێت، کە پێشتر بەسەر سوکراتدا سەپاندبوویان. بەڵام ئەرستۆ بەرەو چالسیس هەڵات و ساڵی دواتر هەرلەوێ کۆچی دوایی کرد. بەرهەمەکانی ئەرستۆ هەڵگری زانیارییەکی فراوان و هەمەلایەنەن لەمەڕ سەرجەم زانستەکانی وەك: لۆژیك، متافیزیك، رەوشت، سیاسەت، شیعر و بەیان و مەعنا، زیندەوەرزانی، فیزیك و دەروونزانی.

بەرهەمەکانی ئەرستۆ کاریگەرییەکی هەرە زۆریان هەبووە لەسەر فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست (بەتایبەتی لەڕێگەی - سەنت تۆماس ئەکیناس -ەوە) و فەلسەفەی ئیسلامی (بەتایبەتی لە رێگەی - ئیبن رۆشدی - یەوە) و هەرواش سەرجەم بیروبڕوا زانستی و فەلسەفییەکانی رۆژئاوا.

لەو بەرهەمانەی ئەرستۆ کە ئەمڕۆ پتر لەوانیدی دەخرێنە بەر سەرنج و خوێندنەوە بریتین لە: ١- متافیزیك (ناوی سەرەکیی بەرهەمەکە - پاش مادە(یە)
٢- رەوشت ٣- سیاسەت ٤- پۆئیتیکا (هونەری شیعر).

کتێبی پۆئێتیکا، (بەرهەمە ناودارەکەی ئەرستۆ لە مەڕ شیعر و شانۆ) لە راستیدا یەکەمین بەرهەمە لە بواری رەخنەی ئەدەبی و هونەری لەمەڕ تیۆر و پراکتیك لە شانۆنامەنووسیدا. ئەم بەرهەمە، سەرەڕای ئەوەی کە چڕکردنەوەیەکی جوانی یەکەمین قۆناغی مەزنی چالاکییە شانۆییەکانە، کاریگەرییەکی هەرە سەرسوڕ هێنەریشی هەبووە لەسەر هەرهەموو شانۆنووسەکانی ئەوروپا و دیکەی گەلانی جیهانیش. بەدەگمەن نووسراوێك دەبینرێت کە لەو بوارەدا نووسرابێت و لەژێر کاریگەریی ئەو بەرهەمەی ئەرستۆدا نەبێت. بەڵام شێوازی ناتەبا و داڕشتنی هەندێ دەستەواژەی

گوشراوی چڕکراوەی داخراو و هەروەها ئەو بەشانەی، کە دواتر دەستیان تێبراوە و شێوێنراون، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم بەرهەمە زۆرجار بەهەڵە لێکبدرێتەوەو بە هەڵە بخوێنرێتەوە و بە هەڵەش باسی لێوەبکرێت.

لە (یۆنیتێز)ی ناسراو (یەکیەتی سیانەی شانۆیی بە پێی بۆچوونی ئەرستۆ و رەخنەگرانی نیوکلاسیك) دەستەواژەکانی (لاسایی) و (هەڵاواردن) بەتایبەتی بەرای رەخنەگرە ئیتالّییەکان لەسەردەمی رۆنسانس و هەروەها پەیڕەوەکانیان لە فەرەنسادا، ببوویە کێشەیەکی گەورە. بەڵام بەم دواییە نوسخەگەلێکی شەرحلێکراوی پڕبایەخ لەم بەرهەمە چاپکراون، کە بەهۆی شەرحکردن و لەسەر نووسین و لێکدانەوەیەکی ورد و رۆشن، گەلێ لە بەرداشتە هەڵەو بەدلێحاڵیبوونەکانی لەسەر بەرهەمەکە سڕیوەتەوە. گەرچی بەرهەمەکانی ئەرستۆ، بەپێی دەرکێکی یۆنانی نووسراون کە خۆی لەگەڵی ژیابوو، کەچی دەبینین بابەتی گشتی و ئەنجامگیرییەکانی بۆ سەرجەم هونەرە شانۆییەکانی جیهان شیاوی سەرنج و کەڵك لێوەرگرتنن.

هەرچەند نوسخەیەکی دەسنووسی پۆئێتیکا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەبەردەست بوو، کەچی تاکاتێ (جۆرجیۆ ڤالا) وەرگێڕانە لاتینییەکەی لە ڤینیزیا دا بڵاو نەکردەوە، ئەم بەرهەمە نەکەوتبۆوە دەست هۆگرانی خۆی، بەڵام دوای ئەو، واتە ساڵی ١٥٨ نوسخە یۆنانییەکەشی بڵاو کرایەوە و دواتریش وەرگێڕدرایە سەر گەلێ زمان لە وڵاتە جیاجیاکانداو، هێندەی پێنەچوو کە نەك هەر لە ئیتالّیا بەڵکو لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیاشدا زۆرترین گرینگی و ناوبانگی وەدەستهێنا.

*

# گوڵبژێرێک لە وتەکانی ئەرستۆ...

١- دۆست (هەڤاڵ)- خود- ی دووەمە بۆ مرۆڤ.

٢- کرداری مرۆڤەکان وڵامی چەند هۆکارێکە، لەوانەش: بەخت، سروشت، خووخدە، ئەقڵ، ئیحساس، ئاوات، پەلە و هەڵچوون.

٣- هەر پیشەیەک لەپێناو (هەقدەس)دا بێت، ئەوا زیهن هەڵدەلووشێت و خاوی دەکاتەوە.

٤- مەزنایەتی لە خاوەندارێتیی شانازیدا نییە، مەزنایەتی لەوەدایە، کە بزانی و تێبگەیت کە شیاوی ئەو شانازییەیت.

٥- وەدەسهێنانی زانست باشترین توێشەیە، بۆ سەفەری بەرەو پیری.

٦- بەختەوەری لەدەستی خۆماندایە.

٧- تەنز تەنیا ئەزموونکردنی سەرنجڕاکێشانە و لایەنی سەرنجڕاکێشیی تەنز بۆ بابەتێک، کە ئەو لایەنەی تێدا نییە گومان ورووژێنە، گاڵتەیەکیش کە بێبەش بێت لە ئەزموونکردنی جدی، دەبێتە رووخۆشییەکی درۆیین.

٨- لە پانتایی ژیانی ئینسانیدا شانازی و پاداشت بەو کەسانە دەگات، کە شایستەیی خۆیان بسەلمێنن.

٩- نەزم و ڕێکوپێکیی کۆمەڵگا تەنیا لە عەدالەت و دادپەروەریدا کۆ دەبێتەوە.

١٠- نیشانەی پێگەیشتوویی زیهن ئەوەیە کە فکرێک لە خۆیدا پەروەردە بکات، بێ ئەوەی خۆی قبووڵی بکات.

١١- هیچ شایستە و شیاو نییە کە پیاوە گەنجەکان شیعارو دروشمی ئەخلاقی بەرزبکەنەوە.

١٢- یاسا (زیهن)ێکە کە ئەقڵی تێدا نییە.

١٣- مرۆڤێک کە لە ناو کۆمەڵگەدا گەیشتبێتە کەماڵ باشترین گیاندارە، خۆ ئەگەر بە بێ یاسا و بەبێ دادوەری ژیابێت، ئەوا دەبێتە ترسێنەرترین دڕەندە و جانەوەر.



١٤- مرۆڤەکان (شایستەیی تایبەت)ی خۆیان بە هۆی ئەنجامدانی هەمیشەیی کردارگەلی تایبەت وەدەسدێنن... بە کردەوەی دادگەرانە دەبێتە دادوەر.. گەر خۆڕاگرانە بجووڵێیتەوە دەبیتە خۆڕاگر و گەر کردەوەی ئازایانەشت هەبێ، ئەوا دەبیتە مرۆڤێکی ئازاو بەجەرگ.

١٥- چێژ وەرگرتن لە پیشە دەبێتە هۆی کامڵبوونی ئیشوکار.

١٦- هەژاری باوکی شۆڕش و دڕندەییشە.

١٧- تەنانەت خواکانیش شەیدای گاڵتە و بزە و رووخۆشین.

١٨- تەنیا بارودۆخێک، کە هەمیشە پایەدار بمێنێ ئەوەیە کە تیایدا هەموو مرۆڤەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بن.

١٩- بۆ ئەوەی بتوانین بڕیارێکی ئازاد و رەزامەندانە بە قازانجی هەقیقەت بدەین، دەبێ داوەر بین نەک لایەنگر.

٢٠- دەرک کردن، واتە رەنج بردن و ئازار چێژان.

٢١- ئێمە هەرهەمان ئەو شتەین، کە هەمیشە بە کردەوە ئەنجامی دەدەین.

٢٢- گەنجەکان هەردەم سەرخۆشن، چونکە گەنجێتی شیرینە و ئەوانیش هەر لە گەشەونەشەدان.

٢٣- مرۆڤی چاکبوون یاخود هاوڵاتیی چاکبوون، هەمیشە یەکجۆر و یەک شێواز نییە.

٢٤- بەدبەختی بۆمان بەدیار دەخات، چ کەسانێک دۆستی راستەقینە نین.

٢٥- زانست باشترین پاشەکەوتی پیرییە.

٢٦- ئومێد خەونێکی شیرینە، لە بێداریدا.

٢٧- من ئەوە لە فەلسەفە فێر بووم کە: ئەوکارەی دیتران لە ترسی یاسا ئەنجامیدەدەن، من بەبێ ئەوەی هیچکەس پێمبڵێت ئەنجامیدەدەم.

٢٨- درۆزن تەنانەت گەر راستیش بڵێت، هەر هیچکەس بڕوای پێناکات.

٢٩- دۆست (هەڤاڵ) کێیە؟.. یەک رۆح (گیان) لە دوو جەستە (لەش)دا.

٣٠- بەڕای من، ئەوکەسەی کە زاڵبێت بەسەر ئارەزووەکانیدا، گەلێ ئازاترە لەوەی کە سەردەکەوێ بەسەر دوژمنەکانیدا.

٣١- هەموو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سروشتی و لەناخەوە خوازیاری زانینن.

٣٢- ئەو شتانەی کە دەبێ فێریان بین تا ئەنجامیان بدەین، بەئەنجامدانیان فێریان دەبین.

٣٣- شکست رێگا و شێوازی زۆری هەیە، لەحاڵێکدا سەرکەوتن تاقە یەك رێگای هەیە.

٣٤- بە هاتن و جریوەی (کەناری)یەك بەهار نایەت.

٣٥- پارێزکاری (پاکی)، وایدەخوازێت کە بەڕاستی رێز لە دۆستەکانمان بگرین.

٣٦- ئاگایی لەمەڕ دەرك و فکرمان، ئاگاییمانە لە ژیان و هەبوونی خۆمان.

٣٧- چێژ وەرگرتن لەو شتەی کە شیاوی چێژە و بێزارییش لەو شتەی کە شیاوی بێزارییە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی کەسێتی.

٣٨- دەجەنگێین تاوەکو بە ئاشتی بژیین.

٣٩- دووەمین کار لە کارە هەرە باشەکان، ئەوەیە کە کەمتر تووشی خراپە ببین.

٤٠- ناسینی (فەزیلەت) بەتەنیا بەست نییە بەڵکو دەبێ وەدەستی بهێنین و رەفتاری پێبکەین.

٤١- هیچکەسێك بەبێ هەبوونی دۆست، حەز لە ژیان ناکات تەنانەت گەر هەرهەموو شتە چاکەکانی دیکەیشی هەبن.

٤٢- لەناو سەرجەم دیاردەکانی سروشتدا (یەك بە یەکیان)، شتێکی سەرسوڕهێنەر شاردراوەتەوە.

٤٣- زەمان، هەموو شتێك دەهاڕێت، هەموو شتێ لە ژێر دەسەڵاتی زەماندا ورد دەبێت و بە تێپەڕبوونی زەمان فەرامۆش دەبێت.

٤٤- دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی سادە نییە بە شوێنێکی هاوبەشەوە، کە بۆ پێشگری لە تاوانی هاوبەش یا بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی دانرابێت، دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی



سیاسییە و کۆمەڵگەی سیاسییش بۆ ئاکاری شەرافەتمەندانە دروستدەبێ نەك بۆ دۆستایەتییە ساکار و باوەکان.

٤٥- مرۆڤ خوازیاری خێرە بەشێوەیەکی گشتی نەك هەر ئەوەی کە باپیرانی هەیانبووە.

٤٦- یاساکان، تەنانەت کاتێکیش کە دەنووسرێن و دادەنرێن، نابێ بۆ تاهەتایە وەك خۆیان و بە نەگۆڕی بمێننەوە.

٤٧- ئەو کەسەی نەتوانێ لەناو کۆمەڵدا بژیت یا هەر خۆی بە کامڵ و تەواو بزانێت و نیازی بە کۆمەڵ نەبێت، یا جانەوەرێکی دڕندەیە، یاخود یەکێکە لە خوداکان.

٤٨- ئەگەر ئازادی و یەکسانی (وەك هەندێکەس بۆیدەچن) بنەمای دیموکراسییەتن، زەمانێك بەتەواوەتی و بە کاملی دەستەبەر دەکرێن، کە هەموو تاکەکان بە یەکسانی لە حکوومەتدا بەشدار بن.

٤٩- تایبەتمەندیی ئارەزوو، ئەوەیە کە هەرگیز بەدینایەت، زۆربەی خەڵك تەنیا بە ئومێدی وەدیهاتنی ئارەزووەکانیان دەژین.

٥٠- یاسا واتە رێکوپێکی و یاسای چاك باشترین رێکوپێکییە.

٥١- مرۆڤ لە (زات)ی خۆیدا بوونەوەرێکی سیاسییە.

٥٢- سروشت هیچکات کار و جووڵانەوەیەکی بێسوود ئەنجامنادات.

٥٣- بنەماو بناغەی دەوڵەتێکی دیموکراسی هەمان ئازادییە.

٥٤- کەسانێك دەبێ حکومەت بکەن، کە زۆرتر و باشتر لە هەموان بتوانن بیکەن.

٥٥- دەسپێکی چاك نیوەی ئەنجامە.

٥٦- نەبوونی دەرفەتێکی چاك، باشترە لە هەبوونی چەندین دەرفەتی خراپ.

٥٧- گشتییەت شتێکە کە سەرەتا و ناونج و ئەنجامی هەبێت.

٥٨- خراپە دەبێتە هۆی لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤەکان.

٥٩- کاتێ کە ڕووی دەم لە هەمووان بوو، ساکاری و سادەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەمەکیی خەڵك کاریگەرتر بن لە نوخبە و زانا و ڕۆشنبیرەکان.

٦٠- تووڕە بوون ئاسانە و هەمووان دەتوانن تووڕە ببن، بەڵام تووڕە بوون لەکەسێکی دروست، بە ڕێژەی دروست، لەکاتی دروستدا، بە نییەتی دروست و بە مەبەستی دروست، ئاسان نییە و لە توانای هەموو کەسێکدا نییە.

٦١- بەختەوەری، هیی کەسێکە کە پشت بەخۆی ببەستێت و بەسەر پێی خۆیەوە بوەستێ.

٦٢- لە ناو سەرجەم (فەزیلەت)ەکاندا سرشتی ئازاد دڵگیرتر و خۆشەویستترە.

* * *



## (ب) ژیانی سوکرات:

سوکراتی ئاتنی (٤٦٩-٣٩٩ پ ز) لەسەدەی پێنجەمی پ ز لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە ڕەخنەییەکانیەوە و هەرواش وەفاداریی هەرە پتەوی بە هەقیقەت و هەروەها ڕێچکەی ڕووناکی ژیانی خۆیەوە، پێوەرێکی بۆ فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکانی پاش خۆی داهێنا. لە بەر ئەوەی کە سوکرات هیچ میراتێکی ئەدەبیی پاش خۆی بەجێ نەهێشتووە، بەناچار بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی، پشت بەنووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی، وەك ئاریستۆفان و زەینەفۆن دەبەستین. سوکرات لە گەنجێتیدا وەکو قوتابییەکی ئارکلۆس هۆگریی خۆی لەمەڕ تیۆریە زانستییەکانی ئاناگزا گۆڕا پیشاندا. بەڵام دواتر دەستی لە پێداویستییە دنیایی (مادی)یەکانی هەڵگرت و خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ کەسێتیی ئەخلاقی تەرخانکرد. سوکرات کە لە (دلیۆم) و (ئامفیپۆلیس) وەکو سەربازێك لە شەڕی (پلۆپۆنز)ی باشووری یۆناندا بەشداریی کردبوو و ئازایەتی و قارەمانێتیی لە خۆی پیشاندابوو، دواتر خۆی خەریکی ئەو ئاڵۆزییانە کرد، کەدوای شەڕ ئاتنی شێواندبوو. دواتریش خۆی لەو ژیانە پڕ جموجوڵە کێشایەوە و ڕووی لە پیشەی بەرد تاشین کرد و لە پاڵ هاوسەرەکەی (زانینیە)دا بەپەروەردە و بارهێنانی منداڵەکانیەوە خەریکبوو. دوای ئەوەش، کە میراتێکی لە باوکییەوە (کە پەیکەرتاشی سافرۆنیس کۆس بوو) پێگەیشت، بەجوانی کەڵکی لێوەرگرت بۆ داهێنان لە بەکارهێنانی پرسوجۆی فەلسەفی و دوابەدوای ئەوەش ئیدی سوکرات تاکۆتایی تەمەن، خۆی تەرخانکرد بۆ باس و گفتوگۆی بێسنوور و بێ مەرج، لەگەڵ هاوڵاتییە گەنج و ئەشرافزادەکانی ئاتن و، زۆر پێداگرانەش متمانەی هەرە قووڵی ئەوانی بە ڕاوبۆچوونە گشتییەکان دەخستە ژێر پرسیارەوە، گەرچی هیچ کات ڕێنمونییەکی دیاریکراویشی وەك جێگرەوە پیشاننەدەدا.

سوکرات بەپێچەوانەی سۆفیستەکانی ئەو سەردەمە، کە هەقدەست و پاداشتیان لە قوتابییەکانیان وەردەگرت، بەتانە و تەشەرێکی تایبەتەوە ئەو هەقدەستەی ڕەت

دەکردەوە، کە قوتابییەکانی لە بەرانبەر راهێنانەکانیدا دەیاندایە، کە لەڕاستیدا چەشنە سووکایەتی پێکردنێك بوو بۆ ئەوان، بەڵام لەگەڵ ئەو سووکایەتی پێکردنەش زۆربەی قوتابییەکانی بەئەشقەوە وەفادار و ئەمەکناس مانەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە باوك و دایکەکانیان نیگران بوون لەو کاریگەرییەی، کە ئەو بەسەر منداڵەکانیان (قوتابییەکانیەوە) هەیبوو. هاوپەیمانێتیی سوکرات لەگەڵ لایەنە دژەکانی حکومەتی دیموکراسی، ئەوی کردبۆوە سیاسەتوانێکی ئاژاوەگێڕ و تەنیا لێبووردنە گشتییەکەی ساڵی ٤٠٥ پ.ز بووە هۆی رزگار کردنی لە گیران و تاوانبار کردنی لە سەر چالاکییە سیاسییەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دادوەرێکی ئاتنی هەندێ تاوان و تۆمەتی بۆ دۆزییەوە: دەستێوەردانی ئایینی و بەلارێدا بردنی گەنجەکان. ساڵی **٣٩٩** پ.ز لەسەر ئەو تۆمەتانە سوکراتیان مەحکەمە کرد و حوکمیان بەسەردادا، ئەویش حوکمەکەی پەسەند کرد و لەناو دۆست و قوتابییەکانیدا هەر خۆی گیراوی (شۆکەران)ەکەی بەسەریەوە ناو خواردبییەوە. گرنگترین سەرچاوەی زانیاریی ئێمە لەمەڕ روانگە فەلسەفییەکانی سوکرات دیالۆگە سەرەتاییەکانی قوتابییەکی خۆی (ئەفلاتوون)ن، کە تێیاندا هەوڵیداوە وێنایەکی دروست لە شێواز و راهێنانەکانی مامۆستاکەی خۆی بداتە دەست. (گەرچی سوکرات ببووە کەسێتییەکی هەمیشەیی و زیندووی ناو دیالۆگەکانی ئەفلاتوون، بەڵام لە راستیدا ئەو نووسراوانە پیشاندەری شوێنگەیەکی فەلسەفین کە ئەفلاتوون ساڵەها پاش مەرگی سوکرات پێی گەیشتبوو).

لە دیالۆگە سوکراتییەکاندا، گفتوگۆی بەربڵاوی ئەو لەگەڵ قوتابیان و دەسەڵاتداران و دۆستەکانی خۆی، هەمیشە دەبووە یاریدەدەرێك بۆ دەرککردن و پاشان رێکخستنی کردار و رەوشتەکان، بە پێی ئەو (فەزیلەتانەی) کەلە مێشکی ئەودا چەکەرەیان کردبوو، ئەم کارە گرینگەش بەهۆی بەکارهێنانی شێوازە دیالێکتیکەکانی تایبەت بە (لۆژیك و رووبەڕوو بوونەوە) دەکرا کە بە هۆیەوە بنەما و حیکمەتە باوەکانی سەردەمی لاواز دەکرد. سوکرات، پێیوابوو، تێکشکاندنی ئەو خەیاڵەی کە (ئێمە هەر ئێستاش هەموو شتێك لە مەڕ جیهان دەزانین) و هەروەها قبووڵکردنی



راستییەکانی ئەم جیهانەمان بەڕاستگۆییەوە، هەنگاوێکی هەرە کاریگەرە بەرەو دەستەبەرکردنی زانیاریی راستەقینە، ئەویش لە رێی دۆزینەوەی پێناسە جیهانییەکان لەناو ئەو چەمکە داخراوانەدا کە بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵن.

بۆ وێنە... سوکرات لە رووبەڕووبوونەوەیەکی لە گەڵ گەنجێکی مەغرور و خۆبەزلزان لە (یۆتیفرۆ)دا بەشێوەیەکی سیستماتیك چەمکی دینداری و رەوشتبەرزی بەبیانووی شاد کردنی خواکان، رەتکردەوە. ئەو هەوڵی زۆری دا پێناسەی رەوشت بکات، لە رووی هەر بنەمایەکی دەرەکی، بەکەڵك وەرگرتن لە بەڵگەی سەلمێنراوی دوو لایەن لەمەڕ سەرچاوەی چاکە، بەڵام هەوڵەکانی سەریان نەگرت.

بەرگرینامەکەی ئەفلاتوون شەرحکردنێکی قسەکردنە ناسەرکەوتووەکەی سوکراتە، لە بەرگریکردن لە خۆی لە بەرانبەر دادوەرە ئاتنییەکەدا. ئەو قسانەی سوکرات لەپەیوەندیی لەگەڵ (وەسفکراوەی هۆکار و ئامانجی چالاکییە فەلسەفییەکان بەشێوەی خودی خۆی و هەروەها باس کردنی گەرمو گوڕیی نرخ و بایەخەکانی لەژیانیدا) خۆیان دەگرتەوە. بەپێی نووسینی کرتیۆ، سوکرات لە زینداندا بە دڵنەرمییەوە وەڵامی ئەو هاوبەندییانەی دەدایەوە، کەدەیانویست دەربازیبکەن، هەر بەو نەرمییەش ئاکامی کارەکەی هەڵدەسەنگاند و پاشان بەپێچەوانەی حەزی ئەوان دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە: هاوڵاتییەك تەنانەت ئەگەر بوویێتە قوربانیی کردەوەیەکی ناشەرعی و بێویژدانانە، هیچ کات بۆی نییە لەیاساکانی دەوڵەت سەرپێچی بکات. سوکراتێك کە لە نووسینەکانی (مێنۆ)دا هاتووە، هەوڵدەدات ئەو دەرەنجامە رابگەیەنێت کە ئایا فەزیلەت شتێکە، دەتوانین فێریبین یا ناتوانین؟ ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەستراوە بەپشکنینی زۆر وردی خودیەتیی فەزیلەتەوە. گەرچی وەڵامی راستەوخۆشی بۆ پرسیارەکە ئەوەیەکە: فەزیلەت شتێك نییە فێریببین، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا تیۆریی وەبیرهێنانەوە دێنێتە ئاراوە، تا بە هۆیەوە روونی بکاتەوە، کە بۆچی بەم حاڵەشەوە ئێمە هێشتا لە ژێر گوشاری زانیاریگەلێکی دیاریکراوداین لەمەڕ هەمان ئەو بابەتانە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە سوکرات لەو تیۆریەیدا روونی دەکاتەوە کە پەیوەندیی نێوان

زانست و فەزیلەت هێندە قووڵ و پتەوە، کە هیچ مرۆڤێك بەئاگاییەوە خراپە ناكات، ئێمە هەمیشە ئەو کارە ئەنجامدەدەین کە وادەزانین دروستترین کارە.

کرداری ناشایستە، پێش ئەوەی نیشانەی لاوازیی ئیرادەی ئێمە بێت بەرهەمی نەزانیمانە، (نووسراوەکانی ئاکراسیا).

ڕوانگەیەکی هاوشێوە لە نووسراوەکانی (پرۆتاگۆراس)یشدا دەبینرێت، ئەویش لەگەڵ ئەو بڕوایەدایە: دەبێ هەموو فەزیلەتەکان لە یەك کات و یەك شوێندا پەروەردە بکرێن.

❊



## گوڵبژێرێك لە وتەکانی سوکرات....

١- ئەی پیاوانی ئاتن... ئێستا زۆرتر لەوەی کە دەبێ لەلایەن خۆمەوە پارێزگاری لەخۆم بکەم، پێویستە لەلایەن ئێوەوە پارێزگاری لەخۆم بکەم، نەوەك بەمەحکوم کردنی من لە پاراستنی دیاریی خواوەنددا تووشی هەڵەبن، چونکە ئەگەر من بکوژن ئیتر هەرگیز ناتوانن کەسێکی وەکو من بەئاسانی بدۆزنەوە.

٢- ئیدی پیاوێکی دیکەی وەکو من بەئاسانی بەرەو رووی ئێوە نایەت، ئەی پیاوان، ئەگەر بڕواتان بەمن هەیە، ئەوا من لە تاوان بەری دەکەن... بەڵام لەوانەشە بڕەنجێن، وەکو کەسێك کە خەوتبێت و لە ناکاو رای بچڵەکێنن، بەلێدانی من و بڕواهێنان بەئانیتۆس تا دواچرکەی تەمەنتان هەر لەخەودا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی کە خوای پارێزەرتان خۆی پیاوێکیدیکەی وەك منتان بۆ بنێرێت.

٣- بۆ ئەوەی خۆتان بدۆزنەوە... هەر بۆخۆتان بیر بکەنەوە.

٤- بۆ دەستەبەر کردنی خۆشناوی (ناوی چاك) پێویستە هەوڵبدەن خۆتان ببنە ئەو شتەی کە ئاواتی بۆدەخوازن.

٥- پێشنیارتان پێدەکەم ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بنێن، ئەگەر هاوسەرێکی شایستەتان دەستکەوت، بەختەوەر دەبن و ئەگەر نا، ئەوا دەبنە فەیلەسووف.

٦- کارێك کە حەز ناکەی لەگەڵت بکرێ، لەگەڵ دیتراندا مەیکە.

٧- چاوچنۆکی، برینداریی رۆحە.

٨- بە پیاهەڵدانی رووکەش دۆست مەگرە، بەڵکو هەوڵبدە دیاریی ژیرانەی خۆشەویستیی پێ ببەخشی.

٩- ناوت گرانبەهاترین گەنجینەیە لەدەستتدا، چونکە بایەخ وەکو ئاگرە، ئەگەر دایگیرسێنی بەئاسانی دەتوانی بیپارێزی، بەڵام ئەگەر کوژاندتەوە، ئەوا هەڵکردنەوەی دووبارەی زۆر ئاستەمە.

١٠- لە بیرت نەچێ، هیچکام لە هاوکێشە مرۆییەکان تاسەر نامێننەوە، کەواتە لە بەختەوەریدا خۆت لە فیزی نەشیاو و لە گرفتاریشدا خۆت لەپەژارەی نەشیاو بەدوور بگرە.

١١- لە بیرت نەچێ... ئەو شتەی کەئەنجامدانی شایستە نییە، باس کردنیشی بەزمان هەر ناشایستەیە.

١٢- بەتەنیا (چاکە) زانینە و بەتەنیا خەراپە نەزانینە.

١٣- کورتترین و دڵنیاترین ڕێگەی ژیانی شەرافەتمەندانە، ئەوەیە کە بەڕاستی هەرهەمان بیت کە دەنوێنی، بزانە کە سەرجەم فەزیلەتە ئینسانییەکان تەنیا بەهۆی بەکردەنی کردنیانەوە گەشە دەکەن.

١٤- ئەوانەی کەبەهەموو کردارەکانی تۆدا هەڵدەڵێن، دڵسۆزت نین.. دڵسۆزانی تۆ ئەو کەسانەن، کە بەمیهرەبانییەوە هەڵەکانت پیشانی خۆت دەدەنەوە.

١٥- نابێ تەنیا لەبەر ژیان و مانەوە بخۆیت و ناشبێ تەنیا لەبەر خواردن بژیت.

١٦- کەمترین خواست و داواکاریم هەیە، بەم پێیەش لەخوداکان نزیکترم.

١٧- جگە لە ڕاستییەکانی نەزانیی خۆم، هیچ نازانم.

١٨- پیاوخراپەکان بۆیە زیندوون تا بخۆن و بخۆنەوە و پیاوچاکانیش بۆیە دەخۆن و دەخۆنەوە تا زیندوو بمێنن.

١٩- من ئاتنی یاخود یونانستانی نیم، من هاوڵاتییەکی جیهانیم.

٢٠- من هیچم نەکردووە، بێجگە لەوەی کە ئێوە وشیار بکەمەوە، تا بەتەنیا لە بیری ئازیزان و ماڵ و سامانتاندا نەبن، بەڵکو بیریش لەگەشەونەشەی خۆتان بکەنەوە، پێتاندەڵێم کە پارە فەزیلەت (مەزنێتی) ناهێنێ بەڵکو ئەوە مەزنێتی و پاکییە کە پارەش و هەموو شتە چاکەکان دێنێتەدی، چ بۆ تاك و چ بۆ کۆمەڵیش، ڕاهێنانەکانی من هەر ئەمانەن و گەر ئەمەش گەنجەکان بەلاڕێدا دەبات... ئەوا من کابرایەکی خەراپم.

٢١- قەناعەت سامانێکی سروشتییە و هەڵەخەرجییش هەژارییەکی دەسکرد.



٢٢- هاوڕێیان، ترسی ئێمە لەمردن، بەهۆی ئەوەوەیە کە ئێمە خۆمان بەزانا دەزانین بەبێ ئەوەی زانابین.. وابیر دەکەینەوە کە شتێك دەزانین، کە لە ڕاستیدا نایزانین.. خەڵك چی دەڵێن با بیلێن... مەرگ گەورەترین خەیرێکە کە بەسەریاندا دەبارێت، لەحاڵێکدا ئەوان بەڕادەیەك لەمەرگ دەترسێن، کە گوایە بەڕاستی دەزانن مردن خراپترین بەڵایە بۆگیانیان... ئەمەش، هیچ نییە جگە لە نەزانییەکی قێزەون ئەگەر خۆمان بەزانا بزانین لەمەڕ شتێك کە نایزانین.

٢٣- هەرچی خواستمان کەمتر بێت، لەخوا نزیکترین.

٢٤- چ کەسانێك بەزانا و خوێندەوار دەزانم؟! یەکەم ئەو کەسانەی کە بتوانن بارودۆخی ڕۆژانەی خۆیان ڕێکبخەن... دووەم ئەوانەی کە بەنەزاکەت و دروستکاری لەگەڵ دیتران دەجووڵێنەوە، ئەو شتانە بەڕۆحسووکییەوە وەردەگرن کە لای دیتران بێزاری هێنەرن، تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ مرۆڤێك بلوێ لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا بەدڵنەرمی و ڕۆحسووکی و لۆژیکەوە هەڵسووکەوت دەکەن، کەسانێك کە زاڵن بەسەر شادییەکانی خۆیاندا و لە بەرانبەری بەڵاکانیشدا چۆك دانادەن، کەسانێك کە سەرکەوتن سەرخۆشیان ناکات و (خود)ی ڕاستەقینەیان لەدەست نادەن، بەڵکو بەئەقڵ و وشیارییەوە سرشت و ناخی خۆیان دەپارێزن... پیاوە هزرمەندەکان.

٢٥- ناوبانگ عەتر و بۆنی کردەوە قارەمانانەکانە.

٢٦- لە گرتنی دۆستایەتیدا لەسەرخۆبە، بەڵام کاتێ کە بوویتە دۆست، بەنەرمی بۆ هەمیشە درێژەی بدەرێ.

٢٧- چی شەڕ و شۆڕ و شۆڕش هەن، تەنیا و تەنیا پەیوەستن بە جەستە (لەش) و خواستەکانی لەشەوە، هەموو شەڕەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵات و سامان دەکرێن و هۆکاری سەرەکیی نیازی ئێمەش بەسامان، هەمان جەستەیە چونکە لەڕاستیدا ئێمە بەندەیەکین لە خزمەتی جەستەدا.

٢٨- مەرگبارترین رق و کینە لە قوولترین ئارەزوو و ئاواتەوە سەرهەڵدەدات.

٢٩- نابێ هیچ شتێك بخرێتە سەرووی یاسا و دادوەرییەوە.

٣٠- کۆتایی ژیان چەشنە(بەخوا بوون)ێکە، ڕۆحێك کە پەیڕەوی لەخودا دەکات، دەبێتە هاوشێوەی ئەو.

٣١- کاتێ کە ئارەزوو، ئەقڵ بخاتە دواوە و زاڵببێ بەسەر داوەرییە ڕاستیخوازانەکاندا، دەکەوێتە ڕێبازی چێژێك کە تەنها دەموچاوێکی جوان ئیلهام بەخشیەتی، ئەوکاتەش لەژێر کاریگەریی ئارەزووە هاوسرشت و هاوشێوەکانیدا و بەهۆی دڵەخورپەیەکی زۆرەوە بەرەو جوانییە مادی و مەلموسەکان دەکێشرێت، ئەم ئارەزووە لەدڵەخرپە توندەکان نازناو وەردەرگرێت و (ئەشق)ی پێدەگوترێ.

٣٢- لوتکەیەکی بڵند، کێوێك، دەریایەك و ڕۆخانەیەك ببینە... هەموو شتت بینیوە.

٣٣- خۆزگە خەڵکانی ڕەمەکی وەرگرتەی بێ سنووریان بۆخراپە و توانای بێسنوریشیان بۆچاکە کردن تێدا دەبوو.

٣٤- لە هەر شوێنێك ڕێز و حورمەت هەبوو، ترسیش هەیە، بەڵام لەهەر شوێنێك ترس هەبوو، ڕێز و حورمەت نابێت، چونکە بەدڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین، ترس پانتاییەکی فراوانتری لەڕێز و حورمەت داگیر کردووە.

٣٥- لەوە دەترسام کە بە بینینی شتەکان بەچاو و هەوڵم بۆناسینیان بەهۆی هەستەکانمەوە، ڕۆحم بەتەواوەتی کەڕ و کوێر بکەم.

٣٦- چەندە زۆرن ئەو شتانەی، کە بەبێ ئەوانیش هەر دەژین.

٣٧- کاتێ خۆتان بۆ پێشکەوتنی خۆتان بەکاربەرن. بە خوێندنەوەی بەرهەمی دیتران بە ئاسانی دەگەنە ئەو شتانەی کە دیتران بۆ دەستەبەرکردنیان زەجر و زەحمەتێکی فراوانیان کێشاوە.

**کۆتایی**

***دەفتەری دووەم...***

* * *

# دەفتەری سێیەم:

## خاك و مەلەكووت...

*

## ئەفلاتوون

*یەکێك لەسزاکانی بەشداری نەکردن لەسیاسەتدا ئەوەیەکە سەرەنجام دەکەونە ژێـر سەیتەرە و دەسەڵاتی ژێر دەستەکانتانەوە.*





## ژیانی ئەفلاتوون

ئەگەر (تالیس) بەیەکەم فەیلەسووفی گەورەی یۆنان بزانین، ئەوا دەبێ ئەفلاتوون وەك بەناوبانگترینی سەرجەم فەیلەسووفەکانی یۆنان ببینین، ئەگەر نەڵێین گـەورەترین، بێـشك دەبێ بڵێین کە یەکێك لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی سەردەم بوو. هەروەها لە یەکـەمین ئەو فەیلەسووفانە بوو، کە سەدان ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح لە یۆناندا هاتە دنیـا و یەکەمین فەیلەسووفیشە، کە سەرجەم بەرهەمەکانی کەوتوونەتە دەستی ئێمە.

ناوی راستەقینەی ئەم ئەشرافزادەیەی ئاتن (ئاریستۆکلْ) بوو، بەڵام لە قوتابخانـەدا نازناوی (پلاتۆن)یان پێبەخشی، کە بە واتای پانوپۆڕ، کەڵەگەت، بەرین و فراوان دێـت کە ئەمەش بەهۆی کەتەیی و کەڵەگەتی و چوارشانەیی ئەوەوە بوو، بەهـەرحاڵ، ئـەو، تاقە پیاوی مـەزن نییـە کـە بـەهۆی نازنـاوی خۆماڵییـەوە ناوبـانگی دەرکردبێـت.. (سیسرۆن)ی ناوداری رۆمانیش یەکێکە لەو کەسانە. ئەفلاتوون لـە دەوروبـەری سـاڵی ٤٢٧ی پ.ز لە شاری ئاتن لەدایك بـوو و دەوروبـەری ٣٤٧ی پ.ز هـەر لـە هـەمان شاردا کۆچی دوایی کرد. ئەو ژیاننامە دەسنووسانەش کە گەیشتوونەتە دەستی ئێمـە، سەدان ساڵ پاش مردنی ئەو نووسراون، بۆ وێنە دەسنووسـی (ئـاپۆلیۆس) لـە سـەدەی دووەمـی پـاش زایـین و دەسنووسـی (دیـۆژن لۆرتیـۆس) کـە لەمـەڕ ژیـان و هـزری فەیلەسووفە یۆنانییەکانە، سەدەی سێیەمی پاش زایین نووسراون، کە هیچکامیش هیچ لەو نووسراوانە ناچن ئەمرۆ پێیاندەڵێین سەربردە و ژیاننامە. لەوە خـراپتریش ئەوەیـە کە ئەفلاتوون، هیچکات لە دیالۆگەکاندا باسی خۆی نەکردووە، ئـەو، تـەنیا دووجـار ئاماژەی بەخۆی کردووە، ئەویش لە پەیوەندی لەگەڵ مەحکەمە و مردنـی سـوکراتدا. بۆیە دەبێت ئەو راستییەمان لە بەرچاو بێت، کە هەندێ لەو بابەتانەی لەمـەڕ ژیـان و سەرگوروشـتەی ئـەفلاتوون خوێندوومانەتـەوە، راوبۆچـوونی دیـتران بووەوبـەس، راوبۆچـوونێك، کـە ئـەوانیش بەسـەر بناغـەی گریمانـەکانی پێـشووتر بنیـاتنراون و

سەرەتاكەشیان دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرانی چاخی دێرین، كە بەرهەم و دەسنووسەكانیان هەندێ زانیاری سەرەتایی لەمەڕ ئەفلاتوون گەیاندۆتە ئێمە. زۆربەی ئەو زانیارییانەی كە ئێستا لەسەر ئەفلاتوونمان هەیە، پشت بەو نامەگەلە دەبەستێ كە خۆی نووسیوینی، كەچی هێشتاش ئەم پرسە لە ئارادایە، ئاخۆ نامەكان لەلایەن خودی خۆیەوە نووسرابن یا نا؟ سێ گریمانە لەم بارەیەوە لەگۆڕێدان:

یەكەم.. ئەفلاتوون خۆی نامەكانی نووسیبن، بەم پێیەش ناوەڕۆكەكەیان جێی بڕوا و متمانەیە.

دووەم.. كەسێكیدی ئەم نامانەی نووسیبن كە ئەفلاتوونی ناسیبێ، یا لانیكەم دەستی گەیشتبێتە هەندێ زانیاریی پەیوەست بە ژیانییەوە.

گریمانەی سێیەمیش (كە بەداخەوە ناكرێ پشتگوێ بخرێ)، ئەوەیە كە نامەكان لەلایەن كەسێكیدیكەی دوور لە ئەفلاتوونەوە نووسرابن و تەنیا ئەفسانە و حیكایەتێكی دەسكرد و هەڵبەستراو بن.

كەم تا زۆر دەزانین و دڵنیاشین، كە ئەفلاتوون بە ماوەیەكی كورت پاش مردنی (پریكلۆس)، لە یەكێك لە ئەشرافیترین بنەماڵەكانی یۆنان لەدایكبوو. ئەو، بچووكترین منداڵی (ئاریستۆن) و (پریستیۆن) بوو، كە هەردووكیان لە بنەماڵە ڕەسەن و كۆن و دەوڵەمەندەكانی یۆنان بوون. لەوانەیە ئەفلاتوون لەلایەن باوكەوە بگاتەوە بە (كۆدرۆس)ی دوایین پاشای ئەساتیریی یۆنان و لەلایەن دایكیشیەوە، بە (سۆلۆن)ی مۆسیقازانی یۆنانی.

هێشتا منداڵ بوو كە باوكی كۆچی دوایی كرد و دایكی شووی كردە (پایریلامپس)ناوێك و ئیدی بەشێكی زۆری ژیان و پەروەردەی ئەفلاتوون لەماڵی ئەم زڕباوكەدا تێپەڕێ.

لە مێرمنداڵییەوە فێری زانیارییەكانی جەنگ كرا و هەستی زیادەڕۆیی و زیادەخوازییەكی زۆری سیاسی لەمێشكیدا هەبوو. هەرچۆن بێت هەرگیز لەگەڵ دیموكراسی (خەڵك سالاریی ئاتینییەكان)دا نەبوو و بەدڵ نەیدەتوانی بەحكوومەتەوە بلكێت.



بێشك گرنگترین ڕووداو لەژیانی ئەفلاتووندا هەمان ئاشنا بوونی بوو لەگەڵ سوكراتدا، ئاشنایەتییەك، كە بووە هۆی ئەوەی تاكاتی مەحكەمە، كوشتنی سوكرات (٣٩٩ پ.ز) هەروەك قوتابییەكی ژیرو بەئەمەكی بمێنێتەوە و لێی دانەبڕێت. هۆی ئەم ئاشنایەتییەش دەگەڕایەوە بۆ خاڵەكەی (برای دایكی ئەفلاتوون بەناوی چارمیدۆس، كەیەكێك بوو لە هاوڕێ هەرە نزیكەكانی سوكرات). وەڵامێكی سەلمێنراو بۆ ئەم پرسیارە نەدۆزراوەتەوە، كە (ئایا ئەو لە گەنجێتیدا مامۆستای دیكەشی هەبوون... ئاخۆ چ وانەیەكی لەلا خوێندوون؟) بەڵام لە دیالۆگەكاندا دەردەكەوێ كە ئەو ئاگای لە زۆربەی قوتابخانە فەلسەفییەكانی پێش خۆی هەبووە، ئەو قوتابخانەگەلەی كە ئێمە ئێستا (فەلسەفەی پێش سوكرات و سۆفیستی)یان پێدەڵێین. هەرواش دەردەكەوێ، كە لەمەڕ زانستەكانی سەردەمی خۆی، بەتایبەتی ماتماتیك لە پلەیەكی هەرە بەرزدا بووە. ئەو قوتابی و پەیڕەوێكی وەفاداری سوكرات بوو، كە لە ساڵی ٤٠٩ی پ.ز دا چووە جەرگەی قوتابییەكانییەوە و تاسەر لەگەڵی مایەوە، مەحكەمە كردن و كوشتنی سوكرات بەدەستی دیموكراتەكان، زەبرێكی كوشندە بوو لە ئەفلاتوون درا. ئەو، پاش ئەم كارەساتە ئاتنی بەجێ هێشت و بڕوای بەوە هێنا، تا پاشاكان نەبنە فەیلەسووف یاخود فەیلەسووفەكان نەبنە پاشا، جیهان خۆشی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. (لەبەر ئەوەی كەئەو خۆی لە بنەماڵەی یەكەمین پاشای ئاتن بوو، لەوانەیە لەو بیروبڕوایەیدا خۆی لەبەرچاو بووبێت.)

ئەفلاتوون بەهۆی بیروڕاكانییەوە دەبوا ڕووی لەسیاسەت بكردبا، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییەی كەخۆی لە (نامەی حەوتەم)دا دەماندانێ، لەژێر كاریگەرێتیی سوكرات و، هیوابڕاو لە (سیاسەتی ئاتن) بەتایبەت ستەمی خزمەكانی خۆی كە لە گەنجێتیدا دیتبووی و ئاكامەكەشی هەمان كوشتنی سوكرات بوو، گەیشتە ئەو بڕوایەی كەچارەنووسی مرۆڤ ڕەش و هیوابڕە... مەگەر ئەوەی كەلە شێوازی پەروەردە و ڕاهێنانەكانی مرۆڤدا بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێ بڕۆنە ناو كاری سیاسی و حكومییەوە، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بێتە ئاراوە، بڕواشی وابوو: تەنیا شتێك كە خۆی

(فەلسەفە)ی پێدەگوت (شتێك کە لەبواری بنەما ناسییەوە بە واتای ئەقڵ و دۆستایەتی دێت) دەتوانێ مرۆڤ پەروەردە بکات و بیکاتە شایستەی پلە و پایەکەی.

ئەو، پاش مەرگی سوکرات ساڵەهای ساڵ دوور لەئاتن بەشارە یۆنانییەکانی ئەو سەردەمەی ناو ئەفریکا و ئیتاڵیادا گەڕا و خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و بیر و بڕوا (فیساگۆرس)یەکان بوو تا ئەوەی لەساڵی ٣٨٧ پ.ز گەڕایەوە شاری ئاتن و نیوەی دووەمی تەمەنی خۆی هەرلەوێ بۆ فەلسەفە تەرخانکرد. لەبەشی باشووری شاردا قوتابخانەیەکی بنیاتنا کە دەکرێ بە یەکەمین زانکۆی جیهان ناوی بەرین. قوتابخانەکەیان ناولێنا (ئاکادیمی) ئەویش بە بۆنەی ناوی خاوەنی پێشووی ئەو زەوییە، کە پیاوێکی ناوداری یۆنانی بوو بەناوی (ئاکادیمۆس)، هەر لەو کاتەشەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ناوی (ئەکادیمی) بوو بەناوی تایبەتی سەرجەم ناوەند و ڕێکخراوە فێرکارییە باڵاکان. بەمچەشنەش لەجیاتی ئەوەی گیانی بخاتە مەترسیی کاروباری سیاسییەوە، لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا و دوای سەفەرەکانی سەرەتای بۆ سیسیل و ئیتاڵیا هەمو توانای خۆی بۆ بنیاتنانی ئەو قوتابخانەیە خستەگەڕ تا بتوانێ لەو ڕێگەیەوە سەرۆك و سەرکردەکانی دوارۆژ پەروەردە بکات، تا کۆتایی تەمەنیشی هەرلەسەر ئەو کارە و لەو قوتابخانەیەدا مایەوە، بێجگە لەدوو قۆناغی کورتخایەن لەساڵەکانی ٣٦٠ی پ.ز کە سەردانی شاری گەورەی (سیراکۆز)ی لە سیسیل کرد، تاببێتە مامۆستای تایبەتی پاشا (دیونیزۆس)ی دووەم. لێرەدا دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە پاشایەك بکاتە فەیلەسووف، کەچی ئەنجامەکە زۆر خراپ شکایەوە... پاشا دەیویست هەر لەکاتی خوێندنیشدا وەکو پاشایەك بجولێتەوە، بەڕادەیەك کە بەڕای ئەفلاتوون، دیمۆکراتەکانی ئاتن گەلێ لەو نەرمتر و باشتر بوون. ئەفلاتوون زۆر بەزەحمەت توانیی خۆی دەرباز بکات و بەسەلامەتی بگەڕێتەوە ئاتن.

ئەرستۆ دەنوسێت: ئەفلاتوون لەبەر دەستی (کراتیلۆس)ی قوتابیی (هراکلیت)دا خوێندوویەتی. هراکلیت بەهۆی تیۆرە گەردووناسییەکەیەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە تیایدا دەیگوت: مادەی سەرەکیی پێکهێنەری گەردون (ئاگر)ە. ساڵەکانی ٤٣١ تا ٤٠٤ی پ.ز



شەڕی نێوان یۆنان و سپارت لەسەر نیمچە دوورگەی باشوور دەستیپێکرد و ئەفلاتوون ساڵەکانی ٤٠٩ تا ٤٠٤ی پ.ز ڕۆیشتە ناو سوپا، بەڵام لەجیاتی بەشداریکردن لە شەڕدا، خۆی خەریکی کاروباری سیاسی کرد، دوای شەڕیش چووە ناو (ئۆلیگارش)ی سێ دیکتاتۆرەکەی ئاتن کەساڵی ٤٠٤ی پ.ز پێکهێنرابوو و یەك لەسەرکردەکانیشی خاڵۆی خۆی (چارمیدۆس) بوو، بەڵام کردارە توند و تیژەکانی ئەوان دڵساردی کردەوە و بووە هۆی جیابوونەوە و دابڕانی لێیان. ساڵی ٤٠٣ پ.ز سیستەمی دیمۆکراسی لە ئاتندا دامەزرا و ئەفلاتوونیش، هیوایەکی زۆری پەیدا کرد بۆ گەڕانەوە بۆ کاروباری سیاسی، کەچی زیادەڕۆییەکانی ژیانی سیاسی وای لێکرد، بۆ هەمیشە دەست لەکێشە سیاسییەکان هەڵبگرێت، بەتایبەت کوشتنی سوکرات (٣٩٩ پ.ز) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانا بۆ هیوابڕ بوون و دەستکێشانەوە لە سیاسەتی ئاتنی بۆ تاهەتایە.

(وەك پێشتر گوتمان) ئەفلاتوون دوای مەرگی سوکرات یۆنانی بەرەو میسر و سیسیل و ئیتاڵیا بەجێ هێشت. لە میسردا فێری بەکارهێنانی کاتژمێری ئاوی بوو و کاتی گەڕانەوەی بۆ یۆنان خستییەگەڕ، لە ئیتاڵیاش لەگەڵ بەرهەمەکانی فیساگۆرسدا ئاشنا بوو و دەرکی بە بایەخی ماتماتیك کرد، ئەمەش دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ ئەو، چونکە بەهۆی ئەو شتانەوە کە لە قوتابییەکانی فیساگۆرس فێر ببو، تیۆرییە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند:

"... ئەو ڕاستییەی کە هزرە زانستییەکان بەدوایدا دەگەڕێن، دەبێ لەڕێگەی دەستەواژەگەلی ماتماتیکی باس بکرێت، ماتماتیك ڕۆشنترین و دەقیقترین نەوعی فکرێکە کە لە توانای ئێمەدا هەیە، گرنگیی ئەم بڕوایەش بۆ پێشکەوتنی زانست هەرلەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ گەلێ گەورە و بەرچاوە."

جەنگ دیسانەوە دەستیپێکردەوە و ئەویش دیسان گەڕایەوە ناو سوپا. ئەو نووسەرانەی لەمەڕ ژیانی ئەویان نووسیوە، دەڵێن کە لەو شەڕەدا نیشانەی ئازایەتیی پێبەخشرا، هەرواش دەڵێن کە گوایە ئەفلاتوون هەرلەو سەروبەندەدا دەستی کردۆتە نوسینی دیالۆگەکان.

تەنیا پاڵنەری ئەفلاتوون بۆ بنیاتنانی ئەو ئاکادیمیایەی کە پێشتر باسمانکرد، ئەو تەجروبە تاڵە بوو، کە لە ڕێگەی چالاکییە سیاسییەکانی پێشووتردا وەدەستی هێنابوو. ئەو لەبنەما و پێوەر و پێودانگەکانی ناو سیاسەت و دەسەڵاتی حکوومیی ئەو سەردەمە دڵسارد و نائومێد ببوو و هیوای دەخواست، کە لەو قوتابخانەیەدا گەنجەکان بۆ سیاسەت و دەسەڵات پەروەردە بکات، واتە بەفێر کردن و ڕاهێنانیان لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کە خۆی بڕوای پێیان هەبوو، وایان لێبکات کە بتوانن شیرازەی دەسەڵات و ڕێبەرایەتیی شارەکانی یۆنان بگرنە دەست و لەو وەزعە ئاڵۆز و نالەبارە ڕزگاریان بکەن.

تەنیا دوو ڕووداوی دیکە لەژیانی ئەفلاتووندا تۆمار کراون (کە ئەمڕۆ لەبەر دەستی ئێمەدان): ساڵی ٣٦٧ پ.ز دوای مردنی دیونیزۆس، ڕۆیشتە سیراکۆرز، ئەویش بەداواکاری و پێداگریی زۆری (دیۆن)ی زڕبرای دیونیزۆسی یەکەم، بۆئەوەی ئەفلاتوون ببێتە مامۆستا و ڕاهێنەری تایبەتی حاکمی شار (دیونیزۆسی دووەم). گەرچی ئەفلاتوون خۆی هیچ هیوا و خۆشبینییەکی بەسەرکەوتنی ئەو کارە نەبوو، بەڵام لەسەر پێداگریی لەڕادەبەدەری دیۆن و ئارکیتاس قبووڵیکرد. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەگەر دیونیزۆسی دووەم لە بواری فەلسەفە و دیکەی زانستەکاندا پەروەردە بکرێت، دەتوانێ پێش بەهێرشی کارتاژ بۆسەر سیسیل بگرێت... دواتر دیونیزۆس ڕقی لە دیۆن هەڵگرت و شاربەدەری کرد و بەرنامەکەش وەك چۆن ئەفلاتوون بۆی دەچوو شکستی هێنا. ئەفلاتوون گەڕایەوە ئاتن، بەڵام جارێکیدیکەش (ساڵی ٣٦١ پ.ز) دیسانەوە سەردانی سیراکۆرزی کردەوە، ئەمجارەیان نەك بۆ ڕاهێنانی پاشایەکی فەیلەسووف بەڵکو بەو ئومێدەی کە بتوانێ هەردوو لایەنی ناکۆك و دژ بەیەك پێکەوە ئاشت بکاتەوە، کەچی ئەمجارەشیان مانەوە و هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون و نەیتوانی هیچ ڕێگە چارەیەکی سیاسی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، ساڵی ٣٥٧ی پ.ز دیۆن هێرشێکی توندی کردە سەر شار و دەستی بەسەردا گرت، بەڵام خۆیشی لە ٤٥٤ی پ.زدا کوژرا و ئیدی ئەفلاتوون بۆ هەمیشە گەڕایەوە و تا



دواساتەکانی تەمەنی هەرلە ئەکادیمیایەکەیدا مایەوە. کاتێکیش مرد، بەڕێوەبەرایەتیی ئەکادیمیا درایە (سپیۆسیپۆس)ی برازای و دواتریش گەیشتە دەستی ئەرستۆ، کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانی، ئەم ئەکادیمیایە سەدان ساڵ دوای ئەفلاتوونیش هەر مایەوە و چالاکیی بەردەوامی پێشکەشکرد.

بەرهەمەکانی ئەفلاتوون یەکێکن لە سەرنجڕاکێشترین و زیندووترین و کاریگەرترینی سەرجەم ئەو نووسراوە فەلسەفییانەی کە تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە، ئەم بەرهەمانە بریتین لەکۆمەڵێك دیالۆگ (گفتوگۆ) لەنێوان سوکرات و دیتراندا، کە بە شێوازێکی زۆرجوان داڕێژراون، زۆربەی زانیارییەکانی ئێمە لەمەڕ سوکرات، هەرلەم دیالۆگگەلەوە سەرچاوە دەگرێ، ئیتر خوێنەر دەبێ وشیار بێت و پەی بەرێت بەوەی، کە کامە بیروبۆچوون لە دیالۆگەکاندا هی سوکراتە و کامەیان هی ئەفلاتوونە، چونکە ئەفلاتوون لەو نوسراوانەدا هیچکات ناوی خۆی نەهێناوە. خاڵێکی دیکەش هەیە کە ناتوانین هیچ حوکمێکی لەسەر بدەین، چونکە هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکراو لەمەڕ سەلماندنی یان نەسەلماندنی لەبەر دەستدانییە، ئەویش چۆنیەتی یاخود ساتی نووسینی دیالۆگەکانە واتە نازانین هەرکام لەو دیالۆگانە لەچ کات و ساتێکدا نووسراون و ئایا هەموویان یاخود بەشێکیان لەسەردەمی ژیانی خۆیدا بڵاوکراونەتەوە... واتە لەدەرەوەی ئەکادیمیایەکەیدا کەوتوونەتە بەر دیدی خەڵکانی دیکە؟!

ئەفلاتوونیش هەروەکو سوکرات، هۆگری فەلسەفەی ئەخلاق بوو و بەچاوێکی سووك و نزم دەیڕوانییە فەلسەفەی سروشت (زانست). دەگێڕنەوە (پرسیارێکی دروستکراوە کە لەبارەی —ئۆقلیدۆس- یشەوە گوتراوە)، قوتابییەك لە ئەفلاتوون دەپرسێت: ئەو زانست و زانیارییەی کە پێی فێر دەکرێت بەکەڵکی چی دێت؟ ئەفلاتوون گورج بەیەکێك لە ڕەنجبەرەکان دەڵێت بڕوات و دراوێك بهێنێت و بیداتە قوتابییەکەی، تاکو وا نەزانێت کە لە خوێندن و فێرکارییەکەی خۆی هیچ سوود و بەرهەمێکی پێنەگەیشتووە... دوای ئەوەش قوتابییەکە لە ئەکادیمیا دەکاتە دەرەوە. زانست لای ئەفلاتوون هیچ سوودێکی مادی و پراکتیکی نییە، بەڵکو هەرتەنیا بەقازانجی لایەن و بواری (ڕۆحی)یە و بەس.

ئەفلاتوون شەیدای ماتماتیك بوو، ئەویش بەهۆی دووری و دابڕان و جیاییە هەمەلایەنەکەیەوە بوو لەمادە و مادیات. ئەمڕۆ کەڵك لەسەلمێنراوترین بابەتی ماتماتیك وەردەگیرێت و دەخرێتە خزمەتی بابەتە کردارییەکانی زانستەوە، کەچی لەسەردەمی ئەفلاتووندا وانەبوو، زانایەکی ماتماتیك وایدەزانی کە هەرتەنیا پەیوەندیی بەنابترین شکڵی بیروڕا تیۆرییەکانەوە هەیە و ئیدی هیچ پەیوەندییەکی بەکاروبارو باس و بابەتی زبری دنیاییەوە نییە، هەربۆیەش بەسەر دەرگای ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوونەوە نووسیبوویان:

"مەهێڵن ئەو کەسەی شارەزای ماتماتیك نییە، بێتە ئەم شوێنەوە"!.

ئەفلاتوون بڕوای وابوو کە ماتماتیك لەشکڵە ئارمانییەکەیدا بەکاری فەلەکییات دێت، چونکە تەنە فەلەکییەکان لەشکڵی هەندەسی دەچن. ئەم تیۆرەشی بەڕاشکاوی لە دیالۆگی (تیمیۆس)دا ڕاگەیاندووە و ئەو چوارچێوەیەی پیشانداوە، کەخۆی بۆ گەردوون قایل بوو.

ئەو، پێنج (و هەر تەنیا پێنج) پانتایی سەقامگیر پیشاندەدات، کە هەر پێنجەکەیان بەش و شێوازی وەك یەکیان هەیە و هەمان ئەو وێکچوونەش هێڵ و گۆشەکانیان پێکدێنن. ئەم پانتاییگەلەش بریتین لە: پانتاییگەلی چوار سووچ و شەش سووچ و هەشت سووچ و دوانزە سووچ و بیست سووچ. بەبڕوای ئەفلاتوون چوار لەو پانتاییگەلە پیشاندەری چوار مادەی سەرەکییە، بەڵام پانتاییە دوانزە سووچییەکە نموونەی گشتییەتیی گەردوونە.

سەرەتا قوتابییەکانی فیساگۆرس ئەو پانتاییگەلەیان دۆزییەوە، بەڵام ناوبانگی ئەم دیالۆگە وایکرد، کە تا ئێستاش ناوی (پانتایی ئەفلاتوونی)یان لێ بنرێ. ئەفلاتوون بڕوای وابوو بەو پێیەی کە (ئەفلاك) کامڵن، پێویستە تەنە جۆربەجۆرە فەلەکییەکان لە هێڵی شەفاف (پانتایی کامڵ)دا لەبازنەگەلی زۆر ڕێکوپێکدا بخولێنەوە. ئەم هێڵانە تیۆرییەکی دیکەی فیساگۆرس بوون. بیروڕای فیساگۆرسییەکان لەمەڕ دەنگ، خۆی لەتیۆریی (فێبلۆلۆس)دا دەبینێتەوە کە بڕوای وابوو هەسارە جۆربەجۆرەکان لەگەڵ



سووڕانەوەیان بەدەوری خۆیاندا (مۆسیقای مەلەکوتی) دروستدەکەن، بڕوایەك کە تا چاخی کۆپلێر، واتە دوو هەزارساڵ دواتر هەر برەوی هەبوو، ئێمە هێشتاش بۆ وەسفی جیلوەی دەنگە مەلەکووتییەکان، یا جوانیی رووتی کەش تەعبیری (مۆسیقای -گۆ-یەکان) بەکاردەبەین، ئەو بڕوا پتەوەی کە ئەفلاك (ئاسمانەکان) نیشانەی کامڵبوونی ماتماتیکی رووتن، ئەویش لە ساناترین شکڵی خۆیدا، تا سەردەمی کۆپلەریش بە سەر بۆچوونی ئەستێرە ناسەکاندا زاڵبوو، گەرچی دوای کۆچی دوایی ئەفلاتوون و لە سەردەمی ئۆدیۆس و کالیپۆسدا بەرەبەرە دەبوو ئەستێرەناسان لە راستییەکان نزیکتر بوونایەتەوە. ئەفلاتوون لەدیالۆگی تیمیۆسدا چیرۆکێکی ئەخلاقیی لەمەڕ سەرزەمینێکی خەیاڵی (یۆتۆپیا) بەناوی ئاتلانتیس داهێنا. ئەگەر بەڕاستی (ڤالهالا)یەك [1] بۆ فەیلەسووفەکان بوونی هەبێت، دەبێ ئەفلاتوون تیایدا بەحوزنەوە دابنیشێت و بیر لەو هەزاران گەمژەیە بکاتەوە، کە لە سەردەمی خۆی تاکو ئێستاش بەبێ ئەوەی هیچ کاتێك دیالۆگەکانی ئەویان خوێندبێتەوە یا وشەیەکیش لەڕاهێنانەکانی ئەویان خستبێتە ناو هزرو ئەندێشەی خۆیانەوە، لە قووڵایی ناخیانەوە بڕوایان بە سەرزەمینی خەیاڵیی ئاتلانتیس هێناوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، کە پاشماوەی شارێکی کۆن لەیەکێك لە دوورگەکانی دەریای ئیژەدا بەدیار کەوتووە کە گوایە ساڵی ١٤٠٠ی پ.ز بەهۆی گڕکانێکەوە وێرانبووە و کەوتۆتە ژێر دەریا... ڕەنگە ئەمەش تا ڕادەیەك گیانێك بەبەر ئەو ئەفسانەیەدا بکات کە ئەفلاتوون لەمەڕ ئاتلانتیس دایهێنا. کاریگەرێتیی بیر و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون تاماوەیەکی زۆریش دوای مردنی، هەردیار و بەرچاو بوو و تائێستاشی لەگەڵدا بێت هەر ماوە. ئەکادیمیایەکەی، وەکو قەڵایەکی بڵندی بیروبڕوای غەیرەدینی لەجیهانی مەسیحییەتدا، تا ٥٢٩ی پاش زایین (تا ئەو کاتەی جاستینیان، ئیمپراتۆری رۆمای رۆژهەڵات دایخست) هەمیشە ئاوەدان و پڕجموجووڵ و بە برەو بوو.

١- هۆڵی میوانداریی خوای ئۆدیەن لە ئوستوورە یۆنانییەکان.

فەلسەفەی ئەفلاتوون، تەنانەت دوای ئەو سەردەمەش و لە سەرەتاکانی سەدەی ناوەڕاستیشدا زاڵبوو بەسەر بیروبڕوای کڵێسەدا، لە سەدەی سێزدەی زایینی بەدواوە بوو کە بەرەبەرە روانگەی ئەرستۆیی کەوتە پێش فەلسەفەی ئەفلاتوونییەوە. ئەو بۆچوونەی دیتران کە گوایە ئەفلاتوون تۆژێنەرێکی دوورەپەرێز و نادنیایی بووە و دوور لە ژیان و کاروباری رۆژانەی دنیایی، هەر نوقمی تیۆرییە فەلسەفییەکانی خۆی بووە، راست دەرناچێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو پیاوی دنیا بوو، بۆ وێنە ئەو سەربازێکی بەئەزموون و مرۆڤێکی گەرۆك و گەڕیدە و هەمیشە لەگەڵ سەرۆك و سەرکردەکاندا لەپەیوەندیدا بوو، چ لەشاری خۆی و چ لەشارەکانی دیکەشدا. کاری سەرەکیی ئەفلاتوون لە بواری فەلسەفە و ماتماتیك و زانستەکاندا بوو. دۆزینەوە و ناسینی خاڵە بنەماییەکانی روانگەی فەلسەفیی ئەفلاتوون کارێکی چەندان ئاسان نییە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو (ئەفلاتوون) هیچ نوسراوێکی بنەڕەتی و دیاریکراوی لەخۆی بەجێ نەهێشتووە، تەنیا ئەو چەند دیالۆگە نەبێت کەخۆیان لە نزیکەی سی گفتوگۆیەك دەدەن. ئەو دیالۆگانەش پیشاندەری بلیمەتیی ئەفلاتوونن، وەکو زانایی و شارەزایی تەواوی لەمەڕ زمان، توانای بەرزی لەئاخافتنی کەسێتییەکاندا، دەرك و ناسینی بەجێی بارودۆخ و، هەروەها نیگایەکی تیژی وردبین بۆ دیتنی لایەنە ناسکەکانی هەردوو بواری گاڵتە و گریانیش، هەر ئەمەشە کە ئەفلاتوون وەکو گەورەترین نووسەرانی جیهان دەناسێنێت و، دیارە ئەویش بۆ جێگیر کردنی باشتری راهێنانەکانی خۆی، بەجوانی و وشیارانە لەو تایبەتمەندییانە کەڵکی وەرگرتووە.

لەو چەند نامەیەی لای ئەفلاتووندا داکۆکی کراوەتە سەر ئەو خاڵەی کە: بەکردەکی و پراکتیزە کردنی تیۆرییە فەلسەفییەکانی بەپێی دیالۆگەکان کارێکی ئاستەم و نەکردەنییە، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات کە: خوێنەر لە حاڵەتێکدا دەتوانێ دەرك بەو تیۆریگەلە بکات کەپێشتر بەماوەیەکی زۆر بیری لێکردبنەوە و باس و خواس و پرسیاری لەبارەیانەوە کردبێت. ئەفلاتوون لە دیالۆگەکانیدا وەکو یەکێك لە کەسێتییە بەشدارەکان پیشان نەدراوە، هەربۆیەش هیچکات ئاماژە بەوە ناکات کە



ئەو بیروبۆچوونانەی ناو دیالۆگەکان هی خودی خۆی بن. لەم دیالۆگ گەلەدا هەندێ کەسێتیی مێژوویی لەگەڵ سوکراتدا وەکو کەسێتی و پاڵەوانی سەرەکی دەکەونە جەدەل و باس و خواس و دیاریش نییە کە روانگە و بۆچوونەکانیان چ ئەندازەیان هی خودی خۆیانن، هەندێکەس بڕوایان وایە کە لانیکەم لە دیالۆگی یەکەمدا ئەو روانگە و بۆچوونانەی کە دراونەتە پاڵ سوکرات، هی خودی ئەفلاتوون بن. ئەفلاتوون هەر لەڕێگەی دیالۆگەکانییەوە چووە ناو دنیای هونەر (بەتایبەتی سەما و مۆسیقا و شیعر و تەلارسازی و شانۆ نووسی)یەوە. ئەو، بەشێك لەسەرجەمی باس و بابەتە فەلسەفییەکانی وەك زانستی ئەخلاق و زانستەکانی متافیزیکی هێنایە ناو باس کە تیایاندا بابەتگەلی وەك زیندوێتی تاهەتایی و مرۆڤ و زیهن و واقیعگەرایی خۆ دەنوێنن، هەروەها ئەو بەشە لە فەلسەفەی سیاسی و ماتماتیکی و ئایینیی بنیاتنا، کە ئاوڕ لە بابەتگەلی وەك سانسۆر یا دەربڕینی پێش پێگیراو (بەربەست کراو) یاخود بابەتگەلی وەك نەپەرستنی خوا، پەرستنی دوو خوا و هەروەها یەك خوا پەرستی دەدەنەوە. ئەو، لەبواری مەعریفەناسیدا (بایەخ و سنووری مەعریفە) بیری لەتیۆریگەلی وەك پێوانە (پەی بردن لە بەرکارەوە بۆ هۆکار لەڕێگەی قیاس - بەراورد - ەوە) و هەروەها رەسەنایەتیی ئەقڵ کردۆتەوە. ئەفلاتوون لە تیۆریی (سیماکان)دا، ئەو جیهانە لەخشتەبەرە رەتدەکاتەوە، کە ئێمە بەهۆی هەستەکانمانەوە دەرکی پێدەکەین و بەجێی ئەو جیهانی ئەندێشەمان پیشاندەدات، وەکو جیهانێکی بایەخداری هەمیشەیی و راستەقینە. بەشداریکردنی ئەفلاتوون لە بواری راهێنان و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەکادیمیایەکەی و هەروەها روانگەی لەمەڕ ئەوەی کە: چ شتێك مرۆڤێکی خوێندەوار پەروەردە دەکات، دیار و ئاشکرایە، هەروەها، ئاوڕی لە لۆژیك و فەلسەفەی ماف (بۆ وێنە واتاو دەربڕین) داوەتەوە. راستە ئەفلاتوون هیچ داهێنانێکی لەبواری ماتماتیکدا نەبوو، بەڵام بڕوای پتەوی بەو خاڵەی کە: ماتماتیك باشترین راهێنەر و فێرکارە بۆ زیهن، نەخشێکی هەرە بەرچاوی لە پێشکەوتنی ئەو زانستەدا گێڕا. ئەفلاتوون زۆر داکۆکیی دەکردە سەر (بەڵگە)و پێداگریی لەوە دەکرد، کە هەر

تیۆرییەك دەبێ ڕۆشن بێت و بەتەواوی پێناسە کرابێت، ئەم ڕوانگەیەش بنەمای ڕوانینی سیستەماتیکی ئوقلیدۆس بوو بۆ ماتماتیك.

بۆ بەشداریی ئەفلاتوون لەماتماتیکدا دەبێ بڵێین کەسەرجەمی گرنگترین ئەو کارانەی کە لەسەر ماتماتیك کراون لەسەدەی چوارەمی پ.ز و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی ئەفلاتوونەوە کراون، ئەفلاتوون لە بواری ماتماتیکدا خاوەنی چەمکی (پانتاییگەلی ئەفلاتوونی)یە، لە دیالۆگی تیمیۆسدا پێکهاتەی ماتماتیکیی هەرچوار مادە سەرەکییەکە (خاك، ئاو، ئاگر، هەوا) لێکدراوەتەوە و بۆتە چەند شکڵێکی هەندەسی بەشێوەی چوار لاگۆشە و چوار و هەشت و بیست سووچی بۆ ئەو چوار مادە سەرەکییە و ئەویدیکەش شکڵێکی دوانزە سووچی (پێنجەمین پانتایی ئەفلاتوونی) نموونەیەکە، کە ئەفلاتوون بۆ (گەردوون) دایدەنێت. بڕوای ئەفلاتوون لەمەڕ گەردوون وابوو کە: ئەستێرەکان، خۆر، مانگ و هەسارەکان لە هێڵێکی شەفافدا بەدەوری زەوی دەخولێنەوە، هێڵی مانگ نزیکترینیانە بەزەوی، دوای ئەو هی خۆر و دواتر هی عەتارود و زوهرە و مەریخ و مشتەری و زوحەل و سەرەنجام دوورترین هێل هێڵی ئەستێرەکانە، ئەو، بڕوای وابوو کە ڕووناکایی مانگ لە ڕووناکایی خۆرەوە وەرگیراوە. ئێستا ئێمە بڕوای تەواومان هەیە بەوەی کە ئەفلاتوون ویستوویەتی پەیمانێکی فەلسەفی بنووسێت نەك بابەتێکی ڕووتی گفتوگۆ ئامێز (وەکو دیالۆگەکان)، بەڵگەشمان ئەوەیە لە هیچکام لەو نووسراوانەدا هیچ ئاماژە و ناوێکی خودی ئەو وەك بەشداریکەرێکی دیالۆگەکان لە ئارادا نییە و ئەویش لەبەر ئەوەیە، کە ئەو نەیویستووە بە خوێنەر بڵێت کەخودی خۆی چۆن بیردەکاتەوە یا خودی ئەو چ وڵامێکی پێیە بۆ بنەڕەتیترین پرسیارەکانی ژیان لەمەڕ (واتای بەمرۆڤبوون) بەڵکو ئەو هەوڵیداوە خوێنەرەکانی بەجۆرێك ڕابهێنێ و هانیانبدات کە: خۆیان بیر بکەنەوە و وڵامی خۆیان بۆ ئەو پرسیارگەلە بدۆزنەوە. چونکە ئەو دەیزانی کە لەم پەیوەندییەدا نەخۆی و نەئێمەش هیچکاممان ناتوانین ئەو وەڵامەی کۆتایی بدەینەوە کە لەڕێگای زانستەوە سەلمێنراو بێت. هەروەها ئەو دەیزانی و بڕواشی وابوو، کە هەرکام لە ئێمە



دەبێ خۆمان ژیانی خۆمان دروستبکەین و بژین، هیچکەس ناتوانێ ژیانی کەسێك بسازێنێت و بیژیێنێ. ئەو مرۆڤ بەگیاندارێك دادەنێ کە (لۆگۆس)ی پێ بەخشراوە، (لۆگۆس وشەیەکی یۆنانییە بەواتای جۆربەجۆر، بەتایبەت بەواتای توانای دەربڕین (ئاخافتن) و تێفکرین دێت) ئەم تیۆرییەش بۆتاهەتایە هەر بە نەسەلمێنراوی دەمێنێتەوە. بەکورتی، ئەو دەیویست یارمەتیی خوێنەرەکانی بدات تا بگەنە ئەو دروشمەی کە بەسەر دەرکی پەرستگەی (ئالفی)یەوە نووسرابوو و بەناوی سوکراتی مامۆستایشیەوە ناسرابوو:

## "خۆت بناسە"

بەلای ئەفلاتوونەوە بوونە فەیلەسووف بەوە نییە کە لەبەش یا بوارێکی تۆژەری و زانستیدا بگەینە پلەی پسپۆڕایەتی و لەڕێگەی وانە گوتنەوە و ڕاهێنانی دیتران لەو بەش و بوارەدا بژێوی خۆمان دابینبکەین، بەڵکو پێویستە لە ڕوانگەی بنەما ناسییەوە بڕوانینە مەسەلەکە، بەپێی ڕوانینی بنەما ناسانەی وشەی فەلسەفە، فەیلەسووف واتە (خوازیاری ئاوەز) فیلۆ لە زمانی یۆنانیدا واتە خوازیار و سووفی واتە ئاوەز. بەڵام بە تەنیا ئاوەز نا... چونکە دەزانێت ئەو ئاوەزەی کە ئەو دەیخوازێت، لەم ژیانەدا بەئاسانی دەستەبەر ناکرێت، هەربۆیە دەبێ باڵیش بەسەر دادوەریدا رابکێشێت، ئەویش دادوەرییەك کە هەر تەنیا بە گوێڕایەڵیی بەڕێوەبەرانی یاساکان نایەتەدی، بەڵکو مەبەست لەو دەستەواژەیە، گەیشتنە بەهەماهەنگییەکی دەروونی لە لایەن مرۆڤێکەوە، کەخواست و ئیرادەکەی لەنێوان دوو هێزی هەست و ئەقڵدا لێك پچڕاوە. لەوانەیە لەڕێگەی ڕاڤەی بیر و بڕوای ئەفلاتوون، لەمەڕ ڕەوتی دروستی ڕاهێنانەوە بتوانین باشترین بەراورد و هەڵسەنگاندنمان هەبێت لەسەر ڕوانگەکانی. ئەو، بەمشێوەیە باس لەڕەوتی ڕاهێنان دەکات: زانستەکانی ماتماتیك و هەندەسەی ساکار و هەندەسەی گەردوونی و ئەستێرەناسی و هارمۆنیا، زانستگەلێکن کە دەبێ بەماوەی دە ساڵ

فێریان بین و لە سەریان رابێین تا زیهنمان ئاشنای ئەو پەیوەندیگەلە بێت کە هەر تەنیا بەهۆی ئەندێشەوە دەناسرێن و دەرکیان پێدەکرێ.

پێنج ساڵی دیکەش دەبێ زۆر بەجدی خەریکی فێر بوونی دیالکتیك (زانستی تایبەت بە مەنتق و گفتوگۆ) ببین. دیالکتیك هونەری گفتوگۆیە، هونەری پرسیار و وەڵامدانەوەیە و بەبڕوای ئەفلاتوون، توانا و شارەزایی دیالکتیکی خۆی لە (ئاستی توانای ورووژاندن و وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی تایبەت بەشوناس و زاتی شتەکان)دا دەبینێتەوە. دیالکتیکزان (شارەزای مەنتق) زانستی سەلمێنراو دەخاتە جێی تیۆری، مەبەست و خواستی ئەو، فێر کردنی دیترانە لەسەر سەرجەم زانیاری و زانستەکان، ئەویش بەپێی بنەما سەرەکییە سەلمێنراوەکان.

کۆتاییەکانی تەمەنی ئەفلاتوون لە شادی و ئارامیدا تێپەڕی.. ئەو، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا و دوای بەشداریکردنی لە بۆنە و ئاهەنگی هاوسەرێتیی یەکێك لە قوتابییەکانی خۆی، بەئاسوودەیی لە ناو جێگاکەیدا گیانی سپارد.



## هەڵبژاردەیەك لە وتەكانی ئەفلاتوون...

١- ئەو کاتانەی کە زیهن نوقمی بیرکردنەوە دەبێت، لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات.

٢- بەڵگە هێنانەوە، بە ئەگەرە بێهوودەکانەوە بەستراوەتەوە.

٣- هیچکات کەسێك دڵسارد مەکەوە کە بەردەوام لەحاڵی گەشە و پێشکەوتندایە، گەرچی زۆر بەخاوی و لەسەرخۆش بڕوات.

٤- ئێمە بەئاسانی دەتوانین چاوپۆشی لە منداڵێك بکەین، کە لە تاریکی دەترسێت... هەرەسی ترسێنەری ژیان ئەو کاتەیە کە مرۆڤەکان لە رووناکایی بترسن.

٥- مردن خراپترین ئەو شتانە نییە کە رەنگە رووبەڕووی کەسێك ببێتەوە.

٦- ئەگەر بڕیار بێ ئافرەتان هەمان ئەو کارە بکەن کە پیاوان دەیکەن، دەبێ هەمان ئەو شتانەیان فێرکەین کە پیاوانیان لەسەر رادەهێنین.

٧- نەزانی (جەهل) ریشەی هەموو خراپەکانە.

٨- یاساکان هەندێکیان بۆ خەڵکی چاك دانراون تا فێریان بکەن چۆن لەگەڵ دیتراندا بەدۆستی بژین... هەندێکیشیان بۆ ئەوانەیە کە نایانەوێ فێر بن، رۆحیان قابیلی نەرمی نییە و ناکرێ لەنووقم بوونیان لەخراپەدا بەرگری بکرێت.

٩- مرۆڤ گیاندارێکی دەستەمۆ و شارستانییە، سەرەڕای ئەمەش پێویستی بەفێرکاریی دروست و سروشتی شیاو هەیە، ئێنجا لە سەرجەم گیاندارەکانیدی شارستانیتر و مەزنتر دەبێت، بەڵام ئەگەر فێر نەکرێت یا بەدروستی و بەتەواوی رانەهێنرێت، لە سەرجەم مەخلووقاتی سەرزەمین دڕندەتر و خراپتر دەبێت.

١٠- هیچ بابەتێکی پەیوەندیدار بەمرۆڤەوە نییە، کە خاوەنی گرنگییەکی تەواو نەبێت.

١١- تاوانێك کە مرۆڤە چاکەکان بەهۆی خەمساردییانەوە لەمەڕ هاوکێشە گشتییەکان تووشی دەبن، هەمان ژیانە لەژێر دەسەڵات و حکوومەتی مرۆڤە خراپەکاندا.

١٢- ئەویندار هەرگیز جنێو نادات.

١٣- چ ناوگەلێکی سەیر و سەمەرەیان لەسەر نەخۆشییەکان ناوە.

١٤- زانا قسە دەکات چونکە شتێکی بۆ گوتن پێیە... نەزان قسە دەکات هەر بۆ ئەوەی شتێکی گوتبێت.

١٥- کوڕی خۆم، تۆ هێشتا زۆر گەنجی... بەتێپەڕ بوونی زەمەن زۆربەی بیروڕاکانت دەگۆڕێن و تەنانەت پێچەوانەش دەبنەوە، هەر بۆیەش پێویستە خۆت لەو خەیاڵە ببوێری، کە گوایە شارەزا و داوەری گرنگترین باس و بابەت و کێشەکانی.

١٦- بەماوەی یەك کاتژمێر یاریکردن، زۆرتر لە یەك ساڵی ڕەبەق دەتوانی تایبەتمەندییەکانی دیتران بناسی.

١٧- مرۆڤی چاك هیچکات خراپە نابینێت، نە لە ژیاندا و نەش دوای مردن.

١٨- کاتی جیابوونەوە هاتووە و ئێمە هەر کەسەمان بە ڕێگەی خۆماندا دەڕۆین.. من دەمرم و ئێوەش زیندوو دەمێنن و دەژین و هەرخواش دەزانێ کامەیان باشترە.

١٩- ژیانێك کە نەکەوێتە بەر بەراورد و لێکدانەوە شایستەی ئەوە نییە پێی بژیت.

٢٠- لێکدانەوەی (کۆ) بەبێ لێکدانەوەی (تاك) مەیسەر نابێت.

٢١- وشە درۆیینەکان نەك هەر خۆیان خراپن، بەڵکو ڕۆحیش تووشی خراپە دەکەن.

٢٢- ئایا سەرەنجام هەموو شتێك نابێتە خۆراکی مەرگ؟

٢٣- کاتێك کە کەسێکی دەمارگیر خەریکی جەدەل دەبێت، بیر لە راست بوونی بابەتەکە ناکاتەوە، بەڵکو هەر تەنیا لە فکری بێدەنگ و هاوڕاکردنی بیسەرەکانیدایە.

٢٤- هەموو شتێك لە نێوان دۆستەکاندا هاوبەشە.

٢٥- گەورەترین و توندترین سزای لاساری ئەوەیە کە ببیتە هاوشێوەی لاسارەکان.

٢٦- ئەستێرەناسی هانی ڕۆح دەدات کە نیگای ببڕێتە ئاسمان و ئێمە لەو جیهانە بەرەو جیهانێکی دیکە دەبات.



٢٧- وەرزشی داسەپاو هیچ زیانێك بەلەش ناگەیەنێت بەڵام زانستێك کە بە زۆرەملێ بەرهەم هاتبێت و داسەپابێت لە زیهندا نامێنێتەوە.

٢٨- دەکرێ بڵێین هەر شتێ کە گومڕاکار بوو ئەوا لەخشتەبەر و دڵڕفێنیشە.

٢٩- کەسێك کە سروشتێکی شاد و هێمنی هەبێت، هەست بەگوشاری پیری ناکات، بەڵام ئەوەی کە سروشت و خووخدەی پێچەوانەی هەبێت، ئەوا پیری و گەنجێتی هەردووك بەلایەوە قورس و رووخێنەرن.

٣٠- کەمتر زانایەکی ماتماتیکم بینیوە کە توانای بەڵگەخوازیی هەبووبێت.

٣١- مرۆڤەکان ستەم و بێداد پرۆتستۆ دەکەن، چونکە لەوە دەترسن ببنە قوربانیی بێداد، دەنا لەبەر ئەوە نییە کە بۆخۆیان رقیان لەئەنجامدانی بێتەوە.

٣٢- دەسپێکردن، گرنگترین بەشی هەر کارێکە.

٣٣- ئاسۆی دەسپێکی راهێنان داهاتووی ژیانی تاك دیاریدەکات.

٣٤- خەڵك هەمیشە پاڵەوانگەلێکیان هەن، کەپشتیان پێوەدەبەستن و مەزن و گەورەیان دەکەنەوە، ئەمەش ریشەیەکە دیکتاتۆرەکانی لێدەڕوێن، هەموو ستەمکارەکان پێشتر و ڕۆژێ لەڕۆژان پاڵەوان بوون.

٣٥- ڕۆحی مرۆڤ نەمرو زیندووی تاهەتاییە.

٣٦- سێ هونەر هەن کە لەگەڵ هەموو شتێك سەروکاریان هەیە: هونەری دروستکردنی شتەکان، هونەری کەڵك وەرگرتن لەشتەکان و هونەری لاسایی کردنەوە لەو دوانە.

٣٧- سامان سەرچاوەی زرق و برق و تەوەزەلییە، هەژاری سەرچاوەی پەستی و بێڕەحمیە و هەردووکیشیان سەرچاوەی ناڕەزایەتین.

٣٨- کە هاتە پای باجی داهات، بۆ داهاتێکی یەکسان، مرۆڤی بەویژدان باجێکی زۆرتر دەدات و مرۆڤی بێ ویژدان باجی کەمتر.

٣٩- کەسێك کە بتوانێ بەدروستی و راستی کاری دیاریکردن و دابەشکردن ئەنجامبدات، دەبێ وەکو خواشێوەیەك سەیر بکرێ.

٤٠- حاڵەتی گاڵتـە ئـامێزی هەندەسـەی فـەزایی بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لێـی دووربکەومەوە.

٤١- ڕەوا نییە کەسـێك بـەمرۆڤ بزانرێـت کـە تێنـەگات لـەوەی ڕووبـەری چـوار گۆشەیەك لەگەڵ هێڵەکەیدا بەراورد ناکرێ.

٤٢- ماتماتیك وەکو یاریی (دۆمینۆ)یە، بۆ گەنجەکان شیاوە و هیچ زیانێکیشی بۆ حکومەت تێدانییە.

٤٣- ئەو زانستەی کەجێ مەبەستی هەندەسەیە، زانستێکی ئەبەدییە.

٤٤- فێر بوونی سـێ شـت هـەر هەمیـشە شایـستەی مرۆڤێکـی سـەربەرزە کـە یەکێکیان ماتماتیکە.

٤٥- زەوی وەکو یەکێك لەو تۆپانەیە، کە دوانزدە پێستە (توێ)یان هەیە.

٤٦- دەتوانم ئەوەتان بۆ بسەلمێنم کە هونەری ژماردن هەمان توانای حـسێبکردنی تاك و جووتەکانە لەپەیوەندیی پێوانەیی لەگەڵ خۆیان و یەکدیدا.

٤٧- ماتماتیك کاریگەرییەکی هەرە گرینگ و گەشـە پێـدەری هەیـە، هـانی ڕۆح دەدات لەمەڕ ژمارە جیا و تاکەکان بەڵگە خوازی بکـات و بەگـژی ئـەو بابەتگەلـەدا بچێتەوە کە هەڵدەقورتێنرێنە ناو بەڵگە خوازییەوە.

٤٨- ئەو کەسانەی لەناخەوە بەهرە و توانای ماتماتیکیان تێدایـە لـەبواری هـەر هەموو زانستەکانەوە زوو فێر دەبن و زوو شتەکان وەردەگرن. تەنانەت ئەوانەش کەگێل و ساویلکەن ئەگەر فێری ماتماتیك بکـرێن، هـەر هـیچ نـەبێ توانـای زوو وەرگـرتن و بیرتیژییان پێدەگات.

٤٩- ماتماتیك جۆرە زانستێکە، کە لەڕێیەوە دەبێ باشترین تایبەتمەندییەکان فێری دیتران بکرێن و هەرگیزیش نابێ دەستی لێهەڵبگیرێت.

٥٠- هیچ مرۆڤێکی ئاوەزمەند، هێندە جەسوور نییە تاهەمان ئەو شتە دەربڕێت و بیڵێت کە لەلایەن (مەنتق)ەکەیەوە خراوەتە بەر لێکدانەوە و بیر لێکردنەوە.



٥١- بهێڵن با پەروەردەی سـەرەتایی بەشـێوازی سـەرگەرمی و یاریئـامێز بێـت، ئەوسا باشتر دەتوانن ڕووکرد و هۆگریی خۆڕسك بۆ فێربوون بناسن و دەرکی پێبکەن.

٥٢- یەکێك لەسزاکانی بەشداری نەکردن لەسیاسەتدا ئەوەیەکە سەرەنجام دەکەونە ژێر سەیتەرە و دەسەڵاتی ژێر دەستەکانتانەوە.

٥٣- خۆشەویستی ئێمە بۆ منداڵەکانمان لەمەزنترین ئاواتی ڕۆحمانەوە بـۆ نـەمری سەرچاوە دەگرێت.

**کۆتایی**

**دەفتەری سێیەم...**

❊ ❊ ❊

# دەفتەری چوارەم

# فەلسەفە و بیرکردنەوە

*

# کانت

# و

# دیکارت

**من بیر دەکەمەوە، کەواتە (من) هەم.**



**خۆڕاگربە، چونکە تەمەنی درۆ کورتە، هەقیقەت منـاڵی زەمانـە و بەمزوانـە پەیدا دەبێت و پاکیی تۆ دەسەلمێنێ.**





## ژیانی کانت

ئەمانویل کانت (١٧٢٤ — ١٨٠٤) یەکێك بوو لەمەزنترین فەیلەسووفەکانی سەرجەم سەدە و چاخەکان. بەرهەمە گشتگیر و تایبەتمەندەکانی لەمەڕ زانست و رەوشت و جوانناسی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەرجەم فەلسەفەکانی پاش خۆی خستە ژێر کاریگەرییەوە، بەتایبەت قوتابخانە ئەڵمانییەکانی وەك: ئایینی کانت[1] و ئارمانجگەرایی[2].

کانت لەشاری کۆنینگزبرگ (کالینینگرادی ئێستا لە رووسیا) لەدایکبوو و هەموو تەمەنیشی هەرلەوێ تێپەڕ کرد. ساڵی ١٧٤٠ وەك قوتابی بەشی ئیلاهیات (شەریعە) رۆیشتە زانکۆ بەڵام لەناخەوە رووی لە زانستی فیزیا و ماتماتیك کرد، بەتایبەت هۆگری بەرهەمەکانی نیوتن بوو. کانت لەساڵەکانی ١٧٤٥تا ١٧٥٥دا وەکو مامۆستای تایبەتی ماڵان خۆی خەریکی وانە گوتنەوە کرد، تا سەرەنجام توانیی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، پاشان بەماوەی پازدە ساڵ بووە مامۆستایەکی لێهاتوو، و ناوبانگی دەرکرد و ناسرا. سەرەتاکانی ١٧٦٠ بوو کە بە هێرش بردنە سەر شێوازەکانی ماتماتیك و بزر بوونی هزر، فەلسەفەی (لایبنیتز)ی خستە بەر نووکی تیژی رەخنەوە، فەلسەفەیەك کە لەو سەردەمەدا باوترین و زاڵترین فەلسەفەی ناو زانکۆکانی ئەڵمانیا بوو. ساڵی ١٧٧٠ پلەی مامۆستایەتیی مەنتق و متافیزیکی وەدەستهێنا و قۆناغێکی لە ژیان دەستپێکرد، کە توانیی رێژەیەکی سەرسوڕهێنەر لە بەرهەمە سەرەکییەکانی خۆیی تیادا چاپ و بڵاو بکاتەوە. ساڵی ١٧٩٣ لە سەر کێشەی مافی ئایینی، نێوانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار لە(پرۆس)دا گرژ و ئاڵۆز بوو. کانت بیریارێکی لانەواز و دووره پەرێز بوو کەسەرجەم تەمەنی خۆی بۆدۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێك تەرخانکرد: (دەبێ چی بزانین؟:) خاوەن

---

1- kantianism
2- idealism

را و توێژەرانی هاوچەرخ پێیانوایە کە دەرککردنی وردتر لە بیرۆکە تایبەتییەکانی کانت لە توانای هیچکەسدانییە و لەهەمان حاڵدا بەکاریگەرترین بیرمەندی ئەم چاخەی دادەنێن. لە کۆلێژدا زۆرتر بوارە کلاسیکییەکانی خوێند و لە زانکۆشدا ماتماتیك و فیزیای هەڵبژارد. پاش مەرگی باوکی بەناچاری دەستی لە خوێندنی زانکۆ هەڵگرت و بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، بوو بە مامۆستای تایبەت لەناو ماڵە دەوڵەمەندەکاندا. بەڵام ساڵی ١٧٥٥ بەیارمەتیی برادەرێکی، گەڕایەوە زانکۆ و درێژەی بەخوێندنەکەی دا و دکتۆرای وەرگرت. لەماوەی پازدە ساڵی مامۆستایەتیی زانکۆشدا سەرەتا وانەکانی زانست و ماتماتیکی دەگوتنەوە و دواتر پەرەی بەکارەکەیدا کە سەرەنجام سەرجەم بەش و بوارەکانی فەلسەفەی گرتەوە. گەرچی بەرهەم و نووسراوەکانی لەو قۆناغەدا بوونە هۆی ناوبانگ دەرکردنی وەکو فەیلەسووفێکی داهێنەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵی ١٧٧٠ نەیتوانی بگاتە کورسیی مامۆستایەتیی پسپۆڕ لەزانکۆدا، لە ماوەی ٢٧ ساڵی دواتردا هەرخەریکی وانە گوتنەوە بوو لەزانکۆ و ڕێژەیەکی زۆری قوتابیی پێگەیاندن و گەیاندنییە گونینگزبرگ. هەروەك ئاماژەمان پێکرد، داهێنانە نائاساییەکانی کانت لەبواری ئایینداکە بەجێگەی وەحی لەسەر بنەمای لۆژیك و مەنتقگەرایی دامەزرابوون، ئەویان وەك دوژمنی دەوڵەتی پرۆس ناساند و هەربەم هۆیەشەوە ساڵی ١٧٩٢ (فرێدریك ویلیام)ی دووەمی پاشای پرۆس نووسین یان وانە گووتنەوەی لە بارەی ئایینەوە لێ قەدەغە کرد و ئەویش بە ماوەی پێنج ساڵی تەواو خۆی تەسلیمی ئەو حوکمە داسەپاوە کرد، بەڵام دوای مردنی پاشای ناوبراو سەرلەنوێ کارەکەی دەستپێکردەوە و ساڵی ١٧٩٨ (ساڵێك پاش خانەنشین کردنی لە مامۆستایەتیی زانکۆ) کورتەیەك لە دید و بۆچوون و ڕوانگە ئایینییەکانی خۆی چاپ و بڵاوکردەوە. کانت لە دوازدەی شوباتی ١٨٠٤دا کۆچی دوایی کرد.



## فەلسەفەی کانت

بەردی بناغەی فەلسەفەی کانت، کە جاروبار بە فەلسەفەی ڕەخنەیی ناو دەبرێ، لە نووسراوی (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی ــ ١٧٨١)دا پیشاندراوە، کانت لەم بەرهەمەیدا بنەمای (زانستی مرۆیی)ی بەوردی شیکار کرد و (مەعریفەناسی)ی تاکی داهێنا. کانتیش هەروەکو فەیلەسووفەکانی پێش خۆی شێوازەکانی بیرکردنەوەی دابەشکردە سەر دوولایەنی شیکاری و تێکەڵاوی. لایەنی شیکاری وەك دەربڕینی (خانووە ڕەشەکان خانوون) ڕاستی لەم مەسەلەیەدا دیارە چونکە دەربڕینی بەپێچەوانە مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات. بۆیە بەم مەسەلانە دەگوترێ (شیکاری) چونکە تیایاندا ڕاستی لە ڕێگەی شیکردنەوەی (خودی واتا) دەدۆزرێتەوە. بەڵام (تێکەڵاو) بەو مەسەلانە دەگوترێ کە ناتوانین بەڕێگەی شیکاریی ڕووت پێیان بگەین، وەکو (خانووەکە ڕەشە) سەرجەم ئەو مەسەلانەی کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە پێکدێن، مەسەلەی تێکەڵاون. بەپێی بۆچوونی کانت دەکرێ مەسەلەکان دابەشبکرێنە سەر دوولایەنی دیکە کەئەوانیش (ئەزموونی و قیاسی)ن. مەسەلە ئەزموونییەکان بەستراون بەدەرك و ناسینە حسییەکانەوە، بەڵام مەسەلە قیاسییەکان بەوجۆرەنین و خاوەنی نرخ و بایەخی بنەڕەتین. جیاوازیی نێوان ئەم دوولایەنە بەم تەعبیرانەی خوارەوە ئاشکرا دەبێت: (خانووەکە ڕەشە) بۆ مەسەلەی ئەزموونی و (دوو کۆ دوو دەکاتە چوار) بۆ مەسەلەی قیاسی. کانت لە نووسراوی (متافیزیکی زانستی ڕەوشت ١٧٩٧)دا سیستەمی زانستی ڕەوشتیی خۆی، لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراند کە: (ئەقڵ تاکە سەرچاوەی ڕەوشتەکانە). بەبڕوای ئەو هەرچەشنە کردارێك دەبێ لە(هەستی بەرپرسیارێتی)یەکەوە سەرچاوەی گرتبێ کە بە هۆی ئەقڵەوە داڕێژراوە، دەنا هەرکردارێکی دیکە کە لەڕووی یا بەهۆی فەرمانبەری لەیاسا یاخود داب و نەریتەوە ئەنجامبدرێت، ئەوا بەکردارێکی ئەخلاقی ناژمێردرێت. کانت دوو چەشنە فەرمان ناودەبات کەلەلایەن عەقڵەوە دەرچووبن:

فەرمانی گریمانەیی ــ کە داوای ئەنجامدانی کردارێك دەکات، کە بەهۆی دروست یا زەروورییبوونیان دەبێ ئەنجامبدرێن، فەرمان (ئەمرە جەزمی)یەکان بنەمای کارە رەوشتییەکانن کەکانت بەم تەعبیرانەوە روونیان دەکاتەوە: (وابجولێوە ـــ کردارت وارێك بخە ــ کەگوایە بڕیار وایە چوارچێوەی گشتیی کردەوەکانی تۆ بەئیرادە و خواستی خۆت ببێتە یاسای گشتیی سروشت.)

بۆچوونە ئەخلاقییەکانی کانت بەرهەمی لۆژیکیی بڕوای پتەوی ئەون بەئازادیی بنەڕەتیی تاك، هەروەك لە (رەخنەی ئەقڵی کرداری ـــ ١٧٨٨)دا ئاماژەی پێکراوە. کانت ئەم ئازادییە لە سەربەستی نایاسایی و (هەرکەس بۆخۆی)دا نابینێ بەڵکو لە (ئازادیی بەستراو بەمەتانەت و ئازاد بوون بەپەیڕەوی ئاگایانە لە یاسا جیهانییەکان بەپێی ئەمری ئەقڵ)دا دەیبینێت.

**کانت بڕوای وابووکە:**

- دەبێ بەختەوەریی هەر تاکێك لە دروستیی تەکامولّی خۆیدا ببینینەوە.
- جیهان بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئارمانی دەچێت، کە تیایدا ئەقڵ هەموو یاسا دانەرەکان ناچار دەکا بەوەی کە یاساکان بە جۆرێك دابڕێژن، هەڵقوڵاوی خواستی سەرجەم میللەت بن و لەمەڕ هەربابەتێك بەجۆرێك بن کە جەماوەر خۆی وەکو شارۆمەندێك دەیخوازێت و خۆی بۆ خۆی بەجوانی پەیڕەویان بکات.

کانت لەنوسراوی (ئاشتیی ئەبەدی ــ ١٧٩٥)دا پشتگریی لەفیدراسیۆنی جیهانیی دەوڵەتی کۆماریخوازان کرد. کاریگەریی کانت لەهەر فەیلەسوفێکی دیکە لەم چاخەدا زۆرتر بوو، فەلسەفەی کانت بەتایبەتی بەو رێڕەوەی، کە بەهۆی فەیلەسوفی ئەڵمانی (هێگڵ)ەوە گەشەی پێدرا، بناغەیەك بوو کەچوارچێوەی مارکسیزمی لەسەر دانرا. ئەو شێوازە دیالیکتیکییەی کە لەلایەن هێگڵ و مارکسەوە بەکارهێنرا، بەرهەمی ئەو شێوازە بوو کە پێشتر کانت لەکتێبی (دژ بەریی دوو یاسا)دا ئاراستەی کردبوو. فەیلەسوفی ئەڵمانی (یوهان فیختە)ی قوتابیی کانت ئەو شێوە دابەشکردنەی



مامۆستاکەیی (دابەشکردنی جیهان بە دووبەشی عەینی و زیهنی) رەتدەکردەوە و فەلسەفەیەکی ئارمانجگەرایی داهێنا، کە لەناو سۆشیالیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو. (جەی ئێف هێربارت) کە یەکێك بوو لە پەیڕەوانی کانت، زۆربەی بۆچوونەکانی ئەوی خستە سەر سیستەمی پەروەردە و بارهێنانەکەی خۆی لەزانکۆی کونینگزبرگدا.

**دیکەی بەرهەمەکان:**

کانت، جگە لە بەرهەمە فەلسەفییەکانی، وتار و نووسراوی دیکەشی لە بوارە جۆربەجۆرە زانستییەکاندا نووسیوە، بەتایبەتی لە بواری جوگرافیای فیزیکدا. گرینگترین بەرهەمی زانستیی کانت (مێژووی سروشتیی گشتی) و (تیۆری ئەفلاك ـــ ١٧٥٥)ن کە لەمەی دووەمیاندا گریمانەی پێکهاتنی گەردوونی لە هەسارەیەکی گەڕۆکەوە شیکردەوە. ئەم گریمانەیە دواتر بەجیا لەلایەن (پییەر دوولاپلاس)ەوە شەرحی لێکرا. لەناو دیکەی بەرهەمەکانی کانتدا دەکرێ ئاماژە بکەینە سەر: (پێشەکی بۆهەر بابەتێکی متافیزیکی لەئایندەدا ١٧٨٣) و (پێشەکییەکانی متافیزیکای فەلسەفەی سروشتی ١٧٨٣) و (رەخنەی داوەری ١٧٩٠) و (دین لە چوارچێوەی ئاوەزی رووتدا ١٧٩٣).

# گوڵبژێرێك لە وتەكانی كانت

١ـ خۆڕاگربە، چونكە تەمەنی درۆ كورتە، هەقیقەت مناڵی زەمانە و بەمزوانە پەیدا دەبێت و پاكیی تۆ دەسەلمێنێ.

٢ـ زانست، زانیاریی رێكخراوە و ئەقڵیش، ژیانی رێكخراوە.

٣ـ وا هەڵسوكەوت بكە كە بنەماكانی كرداری تۆ ببنە یاسایەك بۆهەموو جیهان.

٤ـ وا بجوولێوە كە گوایە بڕیارە چوارچێوەی گشتیی كرداری تۆ بەخواستی خۆت ببێتە یاسای گشتیی سروشت.

٥ـ بەختەوەریی ئێمە هەر تەنیا خواستی یەزدان نییە، بەڵكو ئێمە خۆیشمان دەبێ خۆمان بەختەوەر بكەین.

٦ـ دید و هزر بنەماكانی زانستەكانی ئێمە پێكدێنن، بەم پێیەش زانست و زانیاری نە لە هزری بێ دید بەدیدێت و نەش لە دیدی بێ هزر.

٧ـ بەهرەی ئەقڵی من چ تیۆری و چ پراكتیكی ئاوێتەی وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بووە:

١- دەبێ چی بزانم؟، ٢ـ دەبێ چی بكەم؟، ٣ـ دەبێ چ هیوایەكم هەبێت؟!.

* * *



# ژیانی دێكارت

رێنییە دێكارت، فەیلەسووفی فەڕەنسی، لە نێوان ساڵەكانی ١٥٩٦ ـــ ١٦٥٠دا ژیاوە. ئەو كوڕی یەكێك لە ئەشراف زادەكان بوو و توانیی سەرتاسەری ئەورووپا بگەڕێت و لەبوارگەلی فراوان و جۆربەجۆری وەكو ماتماتیك، زانست، ماف، پزیشكی، ئایین و فەلسەفەدا خوێندی. ئەو بەتەواوەتی كەوتبۆوە ژێر كاریگەریی بیرمەندەكانی چاخی رۆشنگەری. دێكارت لەزانكۆی پواتییەدا خوێندنی تەواو كرد و لە بەشەكانی ماف و ماتماتیك و میكانیك و دەنگ ناسیدا پلەی زۆر بەرزی وەدەست هێنا. پەیوەندییەكی هەمیشەیی و نەپچڕاویشی لەگەڵ زانای مەزنی ماتماتیك (مێرسن)دا هەبوو. ساڵی ١٦١٩ زانستێكی نوێی دۆزییەوە كەخۆی پێیدەگوت هەندسەی شیكاری، ئەو داهێنانەی خۆی لەگەڵ هاوكارە نزیكەكەی (بەیك مەن) خستە بەرباس و لێكۆڵینەوە. دێكارت لە تەمەنی گەنجیدا لە ناو سوپای زۆر وڵاتدا خزمەتی كرد و دواتر لە هۆڵەندا نیشتەجێ بوو و زۆربەی بەرهەمەكانی خۆی لە بورای ماتماتیكدا هەر لەو وڵاتە گەیاندە ئەنجام. ئەو، لەكتێبی (نووسراوێك لەمەڕ شێواز ـــ١٦٣٧)دا گەلێ تیۆری بنەڕەتیی خستەڕوو. دێكارت بەدوای جەبرێكی سیمبولیدا دەگەڕا تا لەڕێگەیەوە بتوانێت هەرچەشنە هاوكێشەیەك بەهۆی تەكنیكە تایبەتەكانی هەمان هاوكێشە شیكاری و پۆلێنبەندی بكات، كتێبێكیشی لەم بوارەدا نوسی بەناونیشانی (هەندەسە). ئەو وەكو فەیلەسووفێك بەلێكجیا كردنەوەی تیۆرییەكان لە تەكنیك و شێواز، جەبری پاڵفتە كردەوە. بەرهەمەكانی دێكارت هەنگاوێكی گرینگ بوون بەرەو داهێنانی حیسابی دیفرەنسیەڵ و ئەنتیگراڵ هەر بۆیەش سیستەمی تایبەتمەندییەكانیان بەناوی ئەوەوە تۆمار كرد[1]. دەڵێن كاتێك كە خەریكی سەیر كردنی پەڕینەوەی مێشێك بووە لە نزیك بنمیچێكەوە، ئەو سیستەمەی كەشفكردووە، ئەو پەی بەوە برد، كە دەتوانێ رێگای

1- cartesian coordinate system

بالگرتنەوەی مێشەکە بەهۆی ئەندازە گرتنی پانتایی نێوان مێشەکە و دیوار، دیاری بکات. کەشف و داهێنانی هەندەسەی شیکاری لەلایەن ئەوەوە بەیەکێك لەشاکارە هەرە بەرجەستەکانی مێژووی ماتماتیك دەژمێردرێ. دێکارت فەیلەسووفێکی کاسۆلیك بوو، کە ئەو فەلسەفەیەی رەتکردەوە کە لەسەری راهێنرابوو[2] سەرەکیترین فکر و خەیاڵەکانی لەچوارچێوەی مەعریفەناسی[3] دەخولایەوە:

**ئێمە چۆن دەرك بەشتەکان دەکەین.**

بەبڕوای ئەو، ئەقڵ رێگایەکی راستەقینەیە بۆ زانین... سەرچاوە دەرەکییەکان وەك کتێبی پیرۆز، پاپاکان و زانا دینییەکان ناتوانن ببنە خاڵی دەسپێکی زانست. هەربۆیەش ئەو تەنیا تیۆری و بۆچوونێکی پەسەند دەکرد، کە بەتەواوی روون و ئاشکرا بێت و هێندەی ماتماتیك جێگیر و سەلمێنراو بێت، دیارە بۆگەیشتن بەئاوا بۆچوونێکیش، سەرەتا دەبێ گومان بخەینە سەر هەموو شتەکان. تیۆری هەڵقولاوی لەنەست و دەرکی راستەوخۆی بنەڕەتی و سەلمێنراو (نەفسی بیرکردنەوە) خاڵی دەسپێکی فەلسەفەی دێکارت بوو:

**((من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم))**

ئەو هەرلەم خاڵەوە دەسپێدەکات و دەگاتە ئاستی سەلماندنی مەنتقی خاوەند وەکو: ((زاتێکی مەزنتر لەوەی کە لە بیری ئێمەدا بگونجێت). گەرچی دێکارت بۆخۆی لایەنگری دین بوو، بەڵام شکوگومانە زۆرەکانی بوونە هۆی رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ مەرجەعە دینییە سوننەتییەکاندا.

فەلسەفەی دێکارت، دواتر چەمکی (یەزدانگەرایی)ی[4] داهێنا کە بووە هۆی وردترکردنەوەی دین تا ئاستی چەند راستییەکی بنەڕەتی.

2- Scolasticism (شێوازی پەروەردە و فەلسەفەی دینیی چاخەکانی ناوەڕاست)

3- Epistemology

4- Deism(خوا پەرستی بەبێ هەبوونی بڕوا بە پێغەمبەران و دیکەی هاوکێشە دینییەکان)



دێکارت پەیڕەویی لە رەسەنایەتیی ئەقڵ دەکرد. ئەویش هەروەکو زۆربەی فەیلەسووف و رۆماننووس و شاعیرانی سەردەمی خۆی، وجوود و هۆی وجوودی خودی خۆی و ئامانجی دروستکردنی مرۆڤی دەخستە ژێر پرسیارەوە. ئەو دەیپرسی: (من شیاوی کوێم؟).

دێکارت بیری لەوە دەکردەوە تا بزانێ کە ئێمە چۆن دروستبووین و چۆن شکڵ و شوناسمان وەرگرت. ئارەزووی ئەو، دۆزینەوەی راستییەك بوو کە هیچ شك و گومانێك هەڵنەگرێ، هەروەها بڕوای بەجمکییەتی زیهن و جسم هەبوو واتە هەبوون بۆ هەردووکیان بەلێك جیایی قایل بوو. هەرئەم بڕوایەش بووە هۆی دۆزینەوەی راستییەك کە هیچکات نەیتوانی نکۆڵی لێبکات یاخود پەنهانی بکات:

**(من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم).**

پاڤۆلارۆتنبرگ ستراڵ و کارستن جەی ستراڵ لەکتێبی (فەلسەفەی ئێستا)دا دەنووسن: دێکارت بڕوای وایە کە (هەرتەنیا یەك شت راستەقینەی سەلمێنراوی موتڵەقە... هەربۆیەش من ناتوانم وجوودی (خود)ێك ئینکار بکەم کە گومان بکات). بەم پێیەش تەعبیری (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) بۆ دێکارت راستییەکی سەلمێنراوی بنەڕەتییە، کە سەروبەری فەلسەفەی لێوە هەڵهێنجراوە. (من)، کە بیر دەکاتەوە بەئاسانی وەکو بوونەوەرێکی بیرمەند پێناسە کراوە و هەرلەمەشەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گەوهەری سەرەکیی (خود) زیهنییە و لەجسم جیایە. دێکارت تیۆری هاو وێنەکردنی هەقیقەتی داهێنا، هەقیقەت بۆ ئەو وەکو دیاردەیەکی شەخسی مایەوە. ئەو، بڕوای وایە کە ئێمە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بێ واسیتەمان لەگەڵ بیر و فیکری خۆماندا هەیە، ئەوەی دەیبینین بەزیهنی خۆمانی دەسپێرین، ئەگەر حەزمان لەشتێك نەبوو ئەوا ئاوەژووی دەکەینەوە، چاومان و دیکەی ئەندامە هەستەوەرەکانیشمان هەقیقەت ئاوەژوو دەکەن و فریومان دەدەن. دێکارت دەڵێ: (من شتێك بەراستەقینەترین و سەلمێنراوترین هەقیقەت دەزانم کە یا لە هەستەکانم یاخود لە رێگە و بەهۆی هەستەکانمەوە پێمگەیشتبێ... ئەو هەستگەلەش کە هەمانن،

جاروبار فریودەرن. کەوابوو ئاقڵانەتر ئەوەیە پاش ئەوەی تەنانەت یەکجاریش فریویانداین ئیدی هیچکات بڕوای تەواویان پێنەکەین.) چاو و دیکەی هەستەکانی ئێمە دەتوانن راستییەکان ئاوەژوو بکەن و فریومان بدەن، بۆیە پێویستە ئێمە هەم لەهەست و هەم لە زیهنی خۆمان پێکەوە کەڵك وەربگرین، واتە دەبێ سروشت ببینین و بینراوەکان شیکار بکەین، ئەمەیە یاسای هەقیقەت.

بۆ دۆزینەوەی راستی، دەبێ بەتەواوەتی بێلایەن بین، نابێ بهێڵین هەستەکانمان لەمەڕ گەڕان بەدوای راستیدا فریومان بدەن.

دێکارت وێنایەکی تەواو ئاشکرا و جیاوازی لەخوا هەیە، وێنایەك کە نە دەتوانێ و نەش دەیەوێ گومانی لێبکات. بەبڕوای ئەو دەکرێ گومان بخرێتە سەر هەموو راستییەکان، بەڵام بۆ هەقیقەتی وجوودی خوا، هیچ گومانێك ناگونجێ:

"من چ لەخەودابم و چ لە بێداریدا، کۆی سێ و دوو هەر دەکاتە پێنج... چوارگۆشە، لەچوارسووچ زیاتری نییە و ئاشکرایە کە ناتوانین ئەم جۆرە راستییانە شیکار بکەین، لەگەڵ ئەمەشدا تەنانەت دەکرێ ئەم راستییە موتڵەقانەش بخرێنە ژێر پرسیارەوە... دەمێکە بڕوام بەوە هێناوە کەخوا هەیە، خوا توانای موتڵەقە و منی هەربەم شێوەیەی کە هەم ئەفراندووە".

بەبۆچوونی دێکارت نەبوونی بڕوا بەخوا دەبێتە کۆسپێك لە رێی دۆزینەوەی راستییە سەلمێنراوەکاندا، ئەو دەڵێ:

"لەم حاڵەتەدا -نەبوونی بڕوا بەخوا- نەماندەتوانی وەڵامی ئەو دوودڵیانە بدەینەوە، کە لەمەڕ توانا زیهنییەکانی خۆمان هەمانبوون، چونکە بەپێی هەر پێوەر و تیۆرێك گەر من چ بەپێی حوکمی سروشت، چ بەخت، چ بەهۆی پەیوەندیی شتەکان و چ...، هەر ئەمەم کە بووم، ئەگەری ئەوە هەبوو کە من ئەوەندە ناتەواو بم کە هەمیشە ببمە قوربانیی فریو و ئەم ئەگەرە هەردەم لەزیاد بوونیشدا دەبوو هەروەك چۆن ئەو هێزەی کە رەسەنایەتیی بوونی منی بۆدەگەڕایەوە، هەردەم لەکەمبونەوەدا دەبوو، لەبیرمان نەچێت کەگومڕا بوون و فریو خواردن خۆی هەمان ناتەواوییە".



بەم پێیەش دەکرێ بڵێین دوو شت بۆدێکارت راستیی موتڵەقن و هیچ شکو گومانێك هەڵناگرن، کە ئەوانیش (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) و (من بیر دەکەمەوە کەواتە خوا هەیە) بوون. دێکارت ئاگای لەوە هەیە کە (خۆی) بوونەوەرێکی بیرمەندە، بڕوای بەخوا هەیە چونکە وێنایەکی ئاشکرا و سەلمێنراوی لێی هەیە و ناتوانێ ئەو راستییەش بشارێتەوە، کە هەبوونی خۆی بەهۆی بیری خۆیەوەیەتی. ئاکمەن بڕوای وایە کە دێکارت هەربەم ئامانجەوە کتێبی (مەدیتیشن)ی نوسیووە. دێکارت دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە خوا نەك هەر هەیە بەڵکو هەبوونی ئەو ئاشکراتر و سەلمێنراوترە لەهەر شتێکی دیکە بۆئێمە، ئێمە چەندە بەهەبوونی مێز و کورسی (لەبەردەمماندا) بڕوامان هەیە دوو ئەوەندە بەهەبوونی خوا. ئەو لەڕێبازی لێکجیاکردنەوەی هەست و جسم لەنەستی بوونەوەری بیرمەند دەگاتە راستییەکی سەرنجڕاکێش: بە بوونی جسم هیچ هەستێك بوونی نییە " من لەخەوندا ئەو شتانە دەبینم و دەیانناسم کە هی خۆمن، کەوابوو هەستەکانم لەمن جیانین. من هەم... من وجوودم هەیە... ئەمەیان هەقیقەتە، بەڵام تا کەی؟ دیارە... تا کاتێ کە بیر دەکەمەوە. لەوانەیە کاتێ بیرکردنەوەم کۆتاییهات، هەبوونیشم بگاتە کۆتایی. ئێستاکە من هیچ شتێك قبووڵناکەم: زیهن و ئەقڵ و دەرك، واتە ئەو شتانەی کە پێشتر بۆمن نەناسراون. کەوابوو من بوونەوەرێکی واقیعیم و لەراستیدا هەم... چ بوونەوەرێك؟... پێشتر گوتم... بوونەوەرێکی بیرمەند". دواتر دێکارت بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تیۆرییە دەرفەتی ئەوەی بۆدەڕەخسێنێ، کە شتەکانیدیکەش بناسێت. ئەو دەڵێ لەوانەیە خەون ببینێت و هەستەکانی چەواشەی بکەن بەڵام لەهەر حاڵێکدا: "خەیاڵەکانیش ــ ئەگەر هێزێکی چالاك بن ــ بەشێکن لە هەقیقەتی وجودی من، چونکە بەشێك لە بیرکردنەوەی من پێکدێنن. لەلایەکیدیکەوە من بوونەوەرێکم هەستەوەر، بوونەوەرێك کەدیاردە جسمانی و مادییەکان بەهۆی ئەندامە هەستەوەرەکانییەوە دەرکدەکات، بۆ وێنە هەربەڕاستی رووناکایی دەبینم، دەنگ دەبیستم، هەست

بەگەرمی دەکەم و...، ئەمەش لەمندا شتێکە کە پێیدەڵێن هەست و ئەم هەستەش کاتێك بەمشێوەیە راست و دروست بەکار دەبرێت، ئیدی جیا نییە لە بیری من " بەگوتەی خودی دێکارت ئامانجی ئەو لە نووسینی مەدیتیشن کتێبی (بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە) سەلماندنی ئەو راستییە بوو کە لەسەرجەم بوونەوەراندا هیچ شتێك گومان هەڵنەگرتر و راستەقینەتر نییە لە وجوودی خوا: " هەمیشە بیرلەوە دەکەمەوە کە دوو هاوکێشەی لەمەڕ خوا و رۆح بنەمای سەرجەم ئەو هاوکێشەگەلەن کە دەبێ لەڕێی فەلسەفەوە بسەلمێنرێن نەك زانستە دینییەکانەوە، ئەم دوو هاوکێشەیەش (وجوودی خوا و نەمریی رۆح)ن"

دێکارت بۆگەیشتن بەو شێوە سەلماندنە روانگەیەکی فەلسەفیی نوێی داهێنا کە تیایدا بۆدیتنی جیهان لەجیاتی ئەوەی بەشێوەی عەینیی بەستراو سەیری شتەکان بکات روانینی زیهنی و کراوەی هەڵبژارد کە ئەم چەشنە روانگەیەش بووە بناغەی سەرجەم روانگە فەلسەفییەکانی دواتر کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. کردارگەرا، ئەمریکییەکان کەوەکو دێکارت بەرلەوەی فەیلەسووف بن زانا بوون، لە تیۆرییەکانی دێکارت بۆ داهێنانی فەلسەفەی زانست کەڵکیان وەرگرت، فەلسەفەی زانست فەلسەفەیەکە تیایدا هیچ راستییەك پەسەند ناکرێت، ئەگەر بەهۆی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دواترەوە نەسەلمێنرێت. دەکرێ بڵێین ئەگەر دێکارت مابا، ئەو فەلسەفەیەی پەسەند دەکرد و دەبووە پاڵپشتی.

بەدەگمەن بیرمەند و فەیلەسووفێك دەبینرێ کە هێندەی دێکارت پیشاندەری بارودۆخی سەردەمی خۆی بێت. دێکارت روانگەیەکی دوولایەنەو رۆشنبینانەی فەلسەفیی لەمەڕ جیهان هەبوو، هەم لایەنە خراپەکانی دەدیت و هەم لایەنە چاکەکان، هەم لایەنە کەم تەمەنەکە و هەم لایەنە نەمرەکە، هەم زیهنی دەدیت و هەم جسمیش، ئەو هەروەها بەجوانترین و زیرەکانەترین شێوە کەڵکی لە گرینگترین کەرەستەی فەیلەسووفەکان واتە ئەقڵ وەرگرت. بەمشێوەیەش دەیتوانی سەرەڕای هەر شکوگومانێکیش راستییەکان بسەلمێنێ.



مەدیتیشن گرینترین بەرهەمی دێکارتە. لەم بەرهەمەدایە کە تیۆرییەکانی خۆی لەمەڕ متافیزیك و مەعریفەناسی بەتەواوی خستەڕوو، لەم نووسراوەیەیدا سەرچاوە و هاوکێشەکانی سروشت دەخاتەبەر لێکۆڵینەوە و شیکاری. لە مەدیتیشنی دوەمدا هەوڵی شێکاریی سروشتی زیهنی مرۆڤ دەدات، ئەو، لەم بەرهەمەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە توانای لێکدانەوەی شکگەرایی هەردەم ئامادە، ئەوی کردۆتە مەلەوانێك، کە لە ناکاو بکەوێتە ناو ئاوێکی قووڵەوە: " هێندە مشەوەشم کە نەدەتوانم بڕۆمە قووڵایی ئاوەکە و نەش دەتوانم بەمەلە کردن خۆم بگەیەنمە سەرەوەی ئاو"

هەر لە هەمان بارودۆخی مەلەوانێکی پەرێشاندایە، کە ئەو تیۆریگەلە رادەگەیەنێت کە بڕوای تەواوی بەدروستبوونیان هەیە، لەم بیرکردن و قووڵبونەوەدایە کە وای بۆدەچێ گوایە سەرجەم دەرك و ناسینەکانی لەراستیدا درۆ و ناڕاست و ئاوەژوون، ئەو، دەبا بڕوای بکردبا کە، نەیاد بوونی هەیە و نەهەست و نە جەستە و نەهیچ راستییەکی دیکەش. گەرچی لەهەمان حاڵیشدا دەبوو دان بەو ئەگەرەدا بنێت کە هەردەم بەهۆی (وەهمی راست)ییەوە چەواشە کراوە، لەوحاڵەشدا ئەم پرسیارە دەهاتە گۆڕێ کە: مادام ئەو هەردەم فریوی خواردووە... ئایا هێشتاش وەکو بوونەوەرێکی فریو خواردوو بونی هەیە؟ پاشان بۆ ئەوەی بتوانێ بەڕاستی داکۆکی لەتیۆرییەکەی بکات دەبوو دژە روانگەیەکیش رابگەیەنێت، دژە روانگەیەك کە دەسکردە و هیچ بنەمایەکی نییە! ئەو بانگەشەیەکی حاشا هەڵنەگر بڵاودەکاتەوە:

"ئێمە ناتوانین دەرك بە جەستە بکەین، مەگەر تایبەتمەندیی دابەشبوونی بۆ قایل بین بەڵام دەرککردنی زیهن هیچ بەو تایبەتمەندییەوە نەبەستراوەتەوە".

ئەمەش تیۆرییەك بوو کە بەتەواوەتی داکۆکیی لەسەر دەکرد، و بە هێزێکیشەوە داکۆکیی لێدەکرد کە بە هیچ بەڵگەیەکی گرینگیش نەدەتوانرا دژایەتیی بکرێت. بەو پێیە، ئەو دەرکی بەوە دەکرد کە زۆر شتیدیکە دەبێ بخرێنە ژێر گۆمانەوە، لەوانەش سەرجەم تایبەتمەندییەکانی لەش، روومەت، دەست و پێ و دیکەی ئەندامەکانی لەش، هەستەکانی و تەنانەت بڕوا بوونیشی بەوەی کە گوایە ئەو بوونەوەرێکی سەربەخۆ و

جیا لە دیکەی بوونەوەراندا، پانتاییەکی بۆ خۆی داگیر کردووە! لەم هاوکێشەیەدا تەنیا گریمانەیەك کە دەتوانێ بە پێی راستییەکی رووت و جێ متمانەی جیهانی و بە شێوەیەکی موتڵەق دەر ببڕدرێت هەر ئەوەیە کە ئەو وەکو بوونەوەرێکی بیرمەند بوونی هەیە. لە راستیدا ئەو دەزانێت تەنها کاتێك بوونی هەیە، کە بیر دەکاتەوە هەر بەم پێیەش زیهن وەك داهێنەرێك پتر لە جسم شیاوی بڕوا پێکردن و دەرك و ناسینە.

ئەوە (زات)ە کە دیاریدەکات چ شتێ بوونی هەیە و چ شتێکیش بوونی نییە، کە وابوو راستی و هەقیقەتی (زات) زۆرترە لە هی جەستەیەکی ساکاری بێ زیهن،

گێژ بوویت؟!

گێژ مەبە.. بیر بکەرەوە!.



## گوڵبژێرێك لە گوتەکانی دیکارت...

١- من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم.

٢- ئەگەر نەتوانین پەیڕەوی لە خودی هەقیقەت بکەین، دەبێ پەیڕەوی لە شتێك بکەین کە لێیەوە نزیکتر بێت.

٣- ئەفراندن و داهێنانی زۆر ورد لە ماتماتیکدا هەنە، کە دەتوانن زیهنی پرسوجۆکار چێژمەند بکەن و ببنە هۆی پێشکەوتنی هونەرەکان و کەمبوونەوەی زەحمەتی مرۆڤەکان.

٤- دەبێ بڕوا بکەین بەوەی، کە سەرجەم زانستەکان لە ناوەوە پێکەوە بەستراون و فێربوونی هەموویان لە پاڵ یەکدیدا ئاسانترە لە جیا کردنەوەیان، بۆیەش ئەگەر کەسێك بە جیدی و راستگۆیی بە دوای هەقیقەتی شتەکانەوە بێت، نابێ تەنیا زانستێکی تایبەت هەڵبژێرێت بەڵکو دەبێ بزانێت کە هەرهەموو زانستەکان پێکەوەن و بەیەکەوە گرێدراون.

٥- هەر هاوکێشەیەك کە شیکارم کرد، بووە رێسایەك بۆ شیکاریی هاوکێشەکانی دیکە.

٦- ئەگەر بەدوای راستیدا دەگەڕێی پێویستە گەر بۆ یەکجاریش بووە تا ئەو پەڕی توانات هەموو شتێك بخەیتە ژێر شك و گومانەوە.

٧- بۆ پەروەردە کردنی هزر، دەبێ جگە لە فێر بوون و زۆرتر لەویش، خەریکی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە بین.

٨- خوێندنەوەی هەموو کتێبە چاکەکان وەکو گفتوگۆ کردنە لەگەڵ بەرجەستەترین مرۆڤەکانی پێشوو، واتە نووسەرەکانیان، بەڵام نەك گفتوگۆیەکی تەواو رێکخراو، واتە هەروەك ئەوەی کە ئەوان باشترین و جوانترین فکرەکانی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕیبێت.

٩- تەنها هەبوونی نییەتی چاك بەست نییە، گرینگ چۆنیەتیی کەڵك لێوەرگرتن و بەکار هێنانی بەسوودی ئەوشتەیە.

١٠- مرۆڤ ناتوانێ هیچ شتێکی ناباوی نەناسراو دەرك بکات، مەگەر پێشتر فەیلەسووفێك باسی لێوەکردبێ.

١١- یەکەمین بنەما ئەوە بوو کە هیچکات راستییەکم قبووڵنەکرد، تا بەبێ هیچ دوودڵییەك و بە تەواوەتی نەمناسیبێت.

١٢- مەزنترینی زیهنەکان دەتوانن گەورەترین ریسوایی و لە هەمان حاڵیشدا مەزنترین (فەزیلەت) لەناو خۆیاندا جێ بکەنەوە.

١٣- مەرجی یەکەمی وشیاری ئەوەیە، کە هیچکات متمانە بەو شتە نەکەینەوە کە بۆ یەکجاریش فریوی دابین.

١٤- هیچ شتێك جگە لە فکرەکانمان بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندا نییە.

١٥- هەموو کەسێك بەڕادەیەك خۆی بە خاوەنی ئەقڵێکی تەندروست دەزانێ، کە تەنانەت سەختگیر و موشکڵ پەسەندەکانیش شتێکی زۆرتریان ناوێ لەوەی کە هەیانە.

١٦- تا ئێستا هەرچییەکم وەکو راستی و هەقیقەت قبوولکردووە هەمووی لە رێگەی هەستەکانمەوە بووە، لە حاڵێکدا هەندێ جاریش پەیم بەوە بردووە کە هەستەکانم چەواشەم دەکەن، بۆیە مەرجی یەکەمی ژیری لەوەدا دەبینم، کە هیچکات بڕوای تەواو بە شتێك نەکەین کە تەنانەت یەکجاریش چەواشەی کردبین.

١٧- من واتێدەگەم کە هەرگیز ناشێت خوا ئێمەی فریو دابێت چونکە فریودان و چەواشەگەری نیشانەیەکە بۆ ناتەواوی و ناکاملی، گەرچی وێدەچێ توانای فریواندن نیشانەی زیرەکی و دەسەڵاتیش بێت، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا حەزی فریوکاری نیشانەی راستەقینەی ناتەواوی و نالەبارییە و هەربۆیەش لە وجوودی خوادا نییە و نابێت.

**کۆتایی**

**دەفتەری چوارەم...**

* * *

# دەفتەری پێنجەم

## هەنگاوێك تا مانگەشەو

*

## یۆنگ

**من دڵی کۆمەڵگەم کردە نیشانە، وا ڕێك کەوت لە زکی بدەم!**



# ژیانی یۆنگ...

کارل گۆستاو یۆنگ، ۱۸۷۵ - ۱۹٦۱ ڕەوانپزیشکی سویسری و بنیاتنەری پاراسایکۆلۆژیی شیکاری بوو. ئەو بڕوای وابوو کە دەبێ هاندان وەکو توانایییەکی داهێنەرانە و هەمەلایەنەی ژیان بناسین. ، ژینمایەیەك کە دەکرێ لە ڕێگە جۆربەجۆرەکاندا پشتی پێببەسترێت و بە شێوەی جۆراوجۆر لەبەرچاو بگیرێت. یۆنگ بۆ ئەم ژینمایەیە دوو ڕێگای سەرەکیی پیشانداوە: بەرەو ناوەوە، (ناخ، هەرێمی خەیاڵ، تێڕامان و نەست) و بەرەو دەرەوە، (دەرەوەی خود، جیهانی تاکەکان و شتیدی).

کارل گۆستاو یۆنگ لە (٦)ی ئابی (۱۸۷۵) لە گوندێکی بچووکی سویس بەناوی (کەسەڤیل) هاتە دنیا، باوکی (پۆل یۆنگ) کابرایەکی گوندنشین و دایکیشی (ئەمیلی پرایسوێرك یۆنگ) بوو. ئەو، لە بنەماڵەیەکی گەورە و خوێندەواردا پەروەردە کرا، کە لە ناویاندا هەم قەشە و هەمیش کەسانی نا ئاسایی و سەیروسەمەرە پێگەیشتوون.

یۆنگی گەورە، ئەوی هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە فێرە زمانی لاتینی کرد، هەرئەمەش بووە هۆی هۆگریی لەڕادەبەدەری یۆنگ بە زمان و ئەدەب، بەتایبەتی ئەدەبیاتی کەونارا. دواتر یۆنگ جگە لە زۆربەی زمانە نوێیەکانی ئەوروپا، دەیتوانی بەچەند زمانێکی کەونارا، لەوانەش سانسکریت (زمانی سەرەکیی کتێبی پیرۆزی هیندۆسی) بخوێنێتەوەو بنووسێت.

کارل گەنجێکی گۆشەگیر بوو، هیچ گرنگییەکی نەدەدایە قوتابخانە و بەتایبەتیش بێزار بوو لە پێشبڕکێ و هەرچەشنە ڕکابەرایەتییەك. ناردیانە قوتابخانەیەکی شەوانەڕۆژی لە (باسێل)ی سویس و لەوێش کەوتە بەر لێشاوی ئیرەیی و چاوچنۆکییەکی کوشندەوە، ئەویش لەبەرانبەر ئەو گوشارانەدا نەخۆشیی دەکردە بیانوو و بەئەنقەست خۆی دەتلاند و لەهۆش خۆی دەچوو، بەبێ ئەوەی لەم کارەی شەرم



بیگرێت. گەرچی سەرەتا زانستی کەونارا و دێرینەناسیی هەڵبژارد بەڵام دواتر رووی کردە پزیشکی و لەو بوارەدا درێژەی دایێ، لەوکاتەشەوە کە لای دەروونناسی ناودار (کرافت ئەبینگ) دەستی بە خوێندن کرد، زانستی پاراسایکۆلۆژیی وەکو پیشەی سەرەکیی خۆی هەڵبژارد.

دوای دەرچوونیش، لەژێر چاودێریی (ئۆژن بلۆئێر)ی پسپۆڕ و شیکاری نەخۆشیی (شیزۆفرینا) لە خەستەخانەی (بۆرگۆلتزلی) لە (زوریخ)دا دەستی بەکار کرد. ساڵی (۱۹۰۳) لەگەڵ (ئیماراشێن باخ)دا ژیانی هاوسەریی پێکهێنا و سەرەڕای وانە گوتنەوە لە زانکۆی زوریخدا، نۆرینگەیەکی پزیشکییشی بۆ خۆی دانا.

ئەو، کە پێشتر و لە دوورەوە (فرۆید)ی خۆشویستبوو، لە ساڵی (۱۹۰۷)دا لە ڤیەننا چاوی پێکەوت. دەڵێن فرۆید سەرجەم بەرنامە و دیمانەکانی ئەو ڕۆژەی خۆی داوەخستن و هەردووکیان (یۆنگ و فرۆید) بۆ ماوەی سێزدە کاتژمێری تەواو بە بێ پشوودان پێکەوە دانیشتن و گفتوگۆیان کرد، ئەمەش هەمان کارتێکەریی پێکدادانی دوو زەین و مێشکی مەزن بوو، لە ئاکامدا فرۆید هەستیکرد کە یۆنگ دەبێتە پاشای جیهانی دەروونشیکاری و میراتگری راستەقینەی خۆی، بەڵام یۆنگ هیچکات بە تەواوەتی خۆی لە پێناو تیۆرەکانی فرۆید تەرخاننەکرد، بەتایبەتیش کە پەیوەندییەکەیان لە ساڵی (۱۹۰۹) و لە سەفەرێکی ئەمریکادا رووی لە گرژی و ساردبوونەوە کرد.

ئەوان {لەو سەفەرەدا} خەریکی شیکاریی خەونەکانی یەکدی بوون (و ئەمەش زۆرتر وەك سەرگەرمییەك بوو بۆیان تا کار)، بەرە بەرە فرۆید دژایەتی و ناکۆکیی لەبەرانبەر شیکارییەکانی یۆنگ پیشاندا و سەرەنجامیش گوتی باشتر وایە کۆتایی بەو کارەیان بهێنن، چونکە ئەو وا هەستدەکات خەریکە هێز و دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات... یۆنگیش هەستیکرد کە سووکایەتیی پێکراوە.

سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ یۆنگ دەورانی پڕ دەرد و ژانی خودشیکاری بوو و لە هەمان حاڵدا دەورانی سەرهەڵدانی سەرنجڕاکێشترین تیۆرییەکانی کەسێتییەك

بوو کە جیهان بەخۆیەوەی بینیوە. یۆنگ لەدوای جەنگ زۆرتر خۆی بۆ سەفەر تەرخانکرد، ئەو، سەردانی خێڵ و هۆزە جۆربەجۆرەکانی ئەمریکا و ئەفریکا و هیندی کرد. ساڵی ١٩٦٤ خانەنشین کرا، بەڵام هەر لە ١٩٥٥ بەدواوە و پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، بەرەبەرە خۆی لەکۆمەڵ دوور خستەوە و گۆشەنشین بوو تا لە بەرواری حوزەیرانی ١٩٦١ لە زوریخدا کۆچی دوایی کرد.

**تیۆرییەکان: ...**

تیۆریی یۆنگ، رەوان (گیان) دەکاتە سێ بەشەوە: بەشی یەکەمیان ئیگۆ (مـن)ە کە یۆنگ بەهەست ناوی دەبات و نەست زۆر لێیەوە نزیکە. نەست بریتییە لەهەموو ئەو شتانەی کە لەحاڵی ئێستادا هیچ زانیارییەکمان لێیان نییە، بەڵام دەتوانین لێیانمان هەبێت. نەستی تاکەکەسی هەمان ئەو بۆچونەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان لەمەڕ نەستەوە هەیانە. لە نەستدا، هەم هەندێ بیرەوەری هەن کە بە ئاسانی وەبیر دەهێنرێنەوە و هەم بیرەوەریگەلێك کە سەرکوت کراون و نادۆزرێنەوە بەڵام جیان لەو غەریزەگەلەی کە فرۆید باسیاندەکات. ئینجا یۆنگ بەشێك زیاد دەکات، بەشێك کە تیۆری ئەو لەهی دیتران جیادەکاتەوە: (کۆ نەست) کە دەکرێ بە رەوانی میراتی ناوی بەرین. کۆنەست خەزێنەی ئەزموونەکانی مرۆڤە: زانستێك کە لەگەڵی دێینە دنیا، کەچی هیچکات راستەوخۆ لێی ئاگادار نیین. کۆنەست سەرجەم کاروکردارمان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە بەتایبەتی لەبوارە عاتیفییەکەوە، ئێمەش تەنیا لەرێی ئەو کاریگەرییانەوەیە کە ناڕاستەوخۆ پەی بەهەبوونی دەبەین. هەندێ لە ئەزموونەکان کاریگەریی کۆنەست رۆشنتر پیشاندەدەن: ئەوین لەیەکەمین نیگادا، بەئاشنا زانین (ئەوەی کەوا بزانن پێشتر ئەم جێیە یا ئەو کەسەتان دیتووە)، گورج ناسینەوەی هەندێ سیمبولی تایبەت و واتای هەندێ لە ئوستوورەکان... ئەمانە بەهۆی پەیوەندیی کتوپڕی راستییەکانی دەرەوەمان و ئەوانەی ناخمان کە پەیوەستن بە (کۆنەست)مانەوە دەرك دەکرێن. دەکرێ ئاماژە بکەینە سەر چەند نموونەیەکی گرینگتر، لەوانەش: ئەو



بەرهەمە داهێنەرانەیەی کە هونەرمەندانی هەموو جیهان لەهەموو چاخەکان تیایدا بەشدار بوون، ئەزموونە مەعنەوی و عیرفانییەکانی سەرجەم دین و ئایینەکان، خەونەکان، خەیاڵەکان، ئوستوورەکان، داستانی (پەری)یەکان و سەرجەم ئەدەبیاتی لێکچووی جیهان. یەك لەو نموونە بەرچاوانەی کە بەم دواییانە زۆرتر بۆتە جێی باسوخواست و مشتومڕ، نموونەی ئەزموونی کاتی مردنە. کەسانێکی زۆر بەپێشینەی رۆشنبیریی جیاوازەوە کاتێ نزیکبوونەوەی مەرگیان تەجروبە کردووە، بیرەوەریی زۆر لێکنزیك و لێکچوویان هاتۆتەوە یاد. ئەوانە باسیان لە جیابوونەوەی جەستە و بینینی لەش و رووداوەکانی دەوروبەری کردووە. باسیان لەوە گێڕاوەتەوە گوایە ئەوانیان لە توونێلێکی درێژدا بەرەو رووناکییەکی پڕشنگدار راکێشاوە، یا چاوەڕوانیی کەسوکار و کەسێتییە ئایینییەکان بۆ هاتنیان، هەرواش لەوە دواون کە نائومێد بوون لەبەر ئەو ناچارییەی کە دەبێ ئەو حاڵەتە دڵگیرانە بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە ناو لەشی خۆیان.. تۆ بڵێی هەموومان بۆ ئەوە دروستکرابین کە بەو شێوەیە مەرگ تەجروبە بکەین

**کەونە سیمبولەکان[1]:**

بەناوەڕۆکی کۆنەست (کەونە سیمبول) دەگوترێت کە یۆنگ بە: (دەسەڵاتخواز)، (ئامانجی منداڵی)، (بۆچوونی ئەستێرەیی)، (بۆچوونە ئەزمونییەکان) و... ناویان دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینرێت کەچەمکی (کەونەسیمبول) سەرکەوتووە بەسەر دیکەی ناوەکاندا. کەونەسیمبول بریتییە لە حەزێکی رانەهێنراو بۆ تەجروبە کردنی شتەکان بەشێوازێکی دیاریکراو. کەونەسیمبول هیچ شکڵێکی تایبەتی نییە، بەڵام وەکو (بنەمای ساماندەر) ئەو شتانە ساماندەدات و رێکیاندەخات، کە ئێمە دەیانبینین یاخود ئەنجامیاندەدەین، واتە هاوشێوەی کرداری غەریزەکان لای فرۆید: منداڵ سەرەتا دەیەوێ شتێك بخوات، بە بێ ئەوەی بزانێ چیی دەوێت... ئەو، خواستێکی نادیاریکراوی هەیە و بەم حاڵەشەوە تەنیا بەهەندێ شتی دیاریکراو

1- Archetypes

سوکنایی دێت نەك هەموو شتێك. دواتر هەمان منداڵ حەزی خۆی بۆ هەندێ شتی دیاریکراو دەردەبڕێ: شووشەك شیر، شیرینی، پارچە گۆشتێکی برژاو یا...، کەونە سیمبول وەکو چاڵێکی رەش و تاریك وایە کە تەنیا بەو هۆیەوە لێی ئاگادار دەبین، کە رووناکی یا جسمێك بەرەو ناوەوەی خۆی رادەکێشێت.

### کەونە سیمبولی دایك[2]:

کەونە سیمبولی دایك نموونەیەکی رۆشن و بەرچاوە. مرۆڤ دایکی هەیە، هەموومان لە شوێنێکەوە هاتووین کە دایك یا جێگرەوەیەکی دایکی لێ بووە.

لە دەورانی بێدەسەلاتیی کۆرپەییماندا هیچکاممان نەماندەتوانی بەبێ هەبوونی ژیانبەخش و بەخێوکەرێك زیندوو بمێنین، ئەمەش دەبێتە بنەمای ئەو بەڵگەیەی کە: ئێمە وەکو رەنگدانەوەیەکی پانتایی پێگەیەنەری دەوروبەرمان دروستکراوین.. ئێمە، ئامادە بۆ خوازیار بوونی دایك، گەڕان بەدوای دایك، ناسینی دایك و ژیان لەگەڵ دایکدا هاتووینە دونیا. بەم پێیەش کەونە سیمبولی دایك هەمان توانایی سروشتیی ئێمەیە بۆ ناسینی پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ کەسێکدا، کە دایکایەتیمان بۆ دەکات.

بە بڕوای یۆنگ کەونە سیمبول دیاردەیەکی دەرهێنراوە و ئێمەش ئامادەی پیشاندانەوەی ئەوین بە هەموو جیهان و کەسێکی تایبەتیش، واتە هەمان (دایك)ی خۆمان.

تەنانەت کاتێ کەونە سیمبول هیچ کەسێتییەکی تایبەت و ناسراوی نەبێت، ئێمە بۆی دروستدەکەین.. واتە وەکو کەسێتیی ئەفسانەیی ناو کتێبی چیرۆکەکانی لێدەکەین کە ئەمەش دەبێتە کەسێتییەکی وێنەیی لە کەونە سیمبول.

کەونە سیمبولی دایك بە شێوەی دایکی ئەزەلی یا دایکی زەوی لە ئوستوورەکاندا و حەوا یا مریەمی پاکیزە لە نەریتە رۆژاواییەکاندا و هەرواش وێنەگەلێك کە کەمتر

2- The mother archetype



کەسێتی وەردەگرن وەکو کلێسە، جەماوەر، جەنگەڵ یا زەریا بۆ ئێمە جێگیر کراوە. بە بڕوای یۆنگ کەسێك کە دایکی نەبووبێتە وڵامدەرەوەی خواستە سیمبولییەکانی، ئەوا ژیانی خۆی تەرخاندەکات بۆ گەڕان بەدوای ئارامش لە کلێسەدا، ناسینی شوناسی خۆی لە وڵات یا سەرزەویی دایکدا یا قووڵبوونەوە لە سیمای مریەمی پاکیزە یاخود ژیانی ناو دەریا.

### ماننا[3] هێزی رۆحی:

دەبێ سەرنج بدەین و بزانین کە ئەم کەونە سیمبولانە وەکو ئەو غەریزەگەلەی کە فرۆید باسیاندەکات لە هەقیقەتدا زیندوو و ژیاندار نین، بەڵکو زۆرتر بریتین لە خواستە دەروونییەکان. بۆ نموونە تۆ ئەگەر خەون بە شتێکی درێژەوە ببینی، لای فرۆید دەبێتە نیشانەی نێرینەیی پیاو و لە ئاکامدا نیشانەی دیاردەیەکی سێکسی، بەڵام یۆنگ لێکدانەوەیەکی زۆر جیاوازی بۆ قایل دەبێت: تەنانەت گەر تۆ راستەوخۆ خەونت بە نێرینەیی پیاویشەوە دیتبێ ئینجا لەوانەیە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ نیازێکی سێکسیی سەرکوتکراودا نەبێت.

سەیرە، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا وێنە و نیشانەگەلی پەیوەست بە نێرینەیی پیاوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە (کەیس)ە جنسییەکانەوە نەبووە، بەڵکو زۆرتر وەك سیمبولی (ماننا) واتە هێزی رۆحی دەرکەوتوون. ئەویش لە کات و ساتێکدا کە بۆ بەرەکەتی بەری خەرمان، ماسی و... یا دەرمان و تیماری نەخۆشێك ئاهەنگ ساز کراوە و داوای یارمەتی لە ئەرواح کراوە. پەیوەندیی نێوان نێرینەیی پیاوانە و هێز، نێوان توخمی پیاو و دەغڵودان و...، لەناو زۆربەی زۆری کلتوورەکاندا بە جوانی ناسراوە و تەجروبە کراوە.

3- Mana

## سێبەر[٤]:

ئەڵبەت لە سیستەمی یۆنگیشدا باس لە کێسە جنسی و غەریزە ژیارییەکان بە شێوەیەکی گشتی کراوە، کە وەکو بەشەکانی کەونە سیمبول بە ناوی سێبەر ناوزەد کراون  پانتایی نێوان ئەوانە هەڵهێنجراوی دەورانی پێش مرۆیی و دەورانی پاش حەیوانیی ئێمەن، واتە دەورانێك کە غەم و هەمی ئێمە تەنیا ئەوە بوو کە زیندوو بمێنین و وەچەمان لێبکەوێتەوە و دەورانێکیش کە لەمەڕ خودی خۆمان بێئاگا بووین. ئەمەش (بەشی تاریك)ی (ئیگۆ)یە و ئەو کاروکردەوە خراپانەی کە دەتوانین ئەنجامیان بدەین لەم بەشە تاریکەدا تۆمار کراون. لە راستیدا سێبەر بەرییە لە هەستی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی، نە خێرە و نە شەڕ، وەکو ئاژەڵێك وایە.. ئاژەڵێك، هەم دەتوانێ بە دڵنەرمی بەچکەکەی بەخێو بکات و هەمیش دەتوانێ بەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەییەوە شکار بکات، هەردوو کارەکەی لێدەوەشێتەوە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی هیچکامیان هیچ ئیرادەیەك لە خۆی پیشان نادات بەڵکو هەمان ئەو کارە دەکات کە پێویستە و دەبێ بیکات.. ئەو، (بێتاوان)ە.

بەڵام لە روانگەی ئینسانیی ئێمەوە.. جیهانی ئاژەڵ دڕندە و نامرۆڤانە دەبینرێت و هەربۆیەش (سێبەر) بەڕواڵەت شتێکە لەناو زبڵدان و شوێنە پیس و خراپەکانەوە هاتووە و پەیوەستە بەو بەشانەی (بوون)ی ئێمەوە کە لای خۆشمان خراپ و ناپەسەندن.

نیشانەگەلی پەیوەست بە سێبەر بریتین لە: مار (وەکو مار لە باخی بەهەشتدا) و ئەژدیها و دێو و...، ئەم نیشانەگەلەش زۆرتر دەبنە خێوی ئەشکەوتێك یا کانیاوێك و ئەمەش هەمان (کۆنەست)ە.

ئاگادار بن.. ئەگەر ئەمجارە لەخەودا زۆرانتان لەگەڵ شەیتاندا گرت ئەوا لەوانەیە زۆرانبازییەك بێت لەگەڵ زاتی خۆتاندا!.

4- the shadow



## دەمامك[٥]:

دەمامك پیشاندەری وێنەی کۆمەڵایەتیی ئێوەیە. وشەی (پێرسۆنا) کە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای دەمامك هاتووە بە ئاشکرا پەیوەستە بە وشەی (پێرسۆن) بە واتای (کەس) و (پێرسۆنالیتی) بەواتای (کەسێتی) و لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە بە واتای دەمامك. بەم پێیە دەمامك ئەو رووبەندەیە کە ئێوە پێش ئەوەی خۆتان بە جیهانی دەرەوە بنوێنن، لە دەموچاوی خۆتانی دەبەستن. راستە کە دەمامکیش هەر لە کەونەسیمبولێکەوە دەسپێدەکات، بەڵام کاتێ کە ناسیمان ئیدی دەبێتە بەشێك لە (بوون)مان، بەشێك کە زۆر دوورە لە (کۆنەست)ی ئێمە. لە باشترین و خۆشبینانەترین حاڵەتدا دەمامك ئەو بۆچوونە جوانەیە کە حەز دەکەین لەکاتی کاروکرداردا دیتران لەمەڕ ئێمە هەیانبێ، ئەڵبەت دەمامك دەتوانێ وێنایەکی درۆیینیش بێت کە بەکار دەبرێ بۆ دەستێوەردان لە بیروڕاو کاروکردەوەی دیتران. لە خراپترین حاڵەتیشدا دەتوانێ بۆچوونێکی تەواو هەڵە بێت کە تەنانەت خۆشمان لە سروشتی خۆمان هەمانە، هەندێجار بەڕاستی بڕوا دەکەین کە ئێمە هەمانین کە خۆمانی پێدەنوێنین.

## ڕەوانی مێیینە[٦] و رەوانی نێرینە[٧]:

بەشێك لە دەمامکەکەی ئێمە هەمان رۆڵی (نێرومێ)یەتییە کە دەبێ بیگێڕین. سەبارەت بە زۆربەی خەڵکیش چۆنیەتیی ئەو رۆڵە بەهۆی (جنسییەتی مادی)یانەوە دیاریدەکرێت، بەڵام بەبۆچوونی یۆنگ و فرۆید و ئادلەر و دیترانیش، ئێمە هەموومان لە سروشتمانەوە (دووجنسی)ین: کاتێ کە پێ دەنێینە سەرەتای ژیانەوە، واتە لە منداڵدانی دایکماندا ئەندامە جنسییەکانمان نادیار و نەناسراون و بەرەبەرە و لە ژێر کاریگەریی هۆرمۆنەکاندا شکڵی (نێر) یا (مێ) بەخۆوە دەگرن. هەرواش کاتێ

5- the persona
6- anima
7- animus

سەرەتاکانی ژیانی ناوکۆمەڵ، واتە منداڵی و مەلۆتکەیی دەسپێدەکەین، نە نێرین و نە مێ، بەڵام هەر زووبەزوو لەگەڵ هاتنەکایە و ئامادەبوونی ئەو جلوبەرگە شین و پەمەییەی تایبەتی منالان، دەچینە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەوە و ئیدی بە شێوەی نێر یا مێ (ژن یا پیاو) لە قاڵب دەدرێین. لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا جیاوازیی ئەو چاوەڕوانییەی کە لە ژن و پیاو دەکرێت، زۆرتر بۆ ئەو رۆڵەیان دەگەڕێتەوە کە لەمەڕ (وەبەر هێنان) هەیانە، بەڵام هەرئەم جیاوازیگەلە زۆرجار دەبنە هەڵگری گەلێ وردەکاری و لایەن و بواری جۆربەجۆر کە هەموویشیان هەڵقوڵاوی (نەریت)ن، پاشماوەی ئەو چاوەڕوانییە نەریتییانە هێشتاش لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانماندا ماوەتەوە و بەرچاویشە: هێشتاش چاوەڕوانیی ئەوە لە ژن دەکرێ، کە زۆرتر بەخێوکەر و پەروەردەکار بێت تا دەسەڵاتخواز، لە پیاویش ئەوە چاوەڕوان دەکرێ کە بەهێز بێت و لایەنە ئیحساسییەکانی ژیان بنێتە لاوە!

یۆنگ لەو بڕوایەدایە کە هەبوونی ئەم چاوەڕوانییە نیشانەی ئەوەیە، کە ئێمە تەنیا نیوەی تواناکانی خۆمانمان پێگەیاندووە. رەوانی مێیینە ئەو لایەنە ژنانەیە کە لە کۆنەستی پیاواندا ئامادەیە و رەوانی نێرینەش لایەنی پیاوانە و ئامادەی ناو کۆنەستی ئافرەتانە و بە کۆی هەردووکیشیان دەگوترێ: (جووتی لێکنزیك/ لێکچوو[8]).

دەکرێ کەسێتیی کچێك بدەینە پاڵ رەوانی مێیینە کە زۆر دەروونگەرا و دەروونبین بێت، یا جادووگەرێك یاخود دایکی زەوی، هەموو ئەم کەسێتییانەش تێکەڵی ئیحساساتی قووڵ و بەهێزی ژیانن. هەرواش دەکرێ کەسێتیی پیرەمێردێکی زانا یا جادووگەرێك یاخود کۆمەڵە پیاوێك بدەینە پاڵ رەوانی نێرینە، کە زۆرتر بەرەولای لۆژیکیبوون، واقیعبینی و تەنانەت بەڵگەخوازبووندا دەکشێن.

دوو رەوانی نێرینە و مێیینە کەونە سیمبولێکن، کە بە هۆیانەوە پەیوەندی دەگیرێت بە کۆنەستەوە بە شێوەیەکی گشتی و ئەو پەیوەندییەش زۆر گرینگە، هەروەها کەونە سیمبولێکیشن کە ژیانی ئەشق و ئەویندارانەی ئێمەیان لە ئەستۆدایە.

8- syzygy



بە پێی ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانی، ئێمە هەمیشە بەدوای نیوەکەی دیکەی خۆماندا وێڵین: نیوەیەك لە جنسی دژبەرمان کە خواکان لێمانیان زەوت کردووە. کاتێ کە لەیەکەمین نیگادا ئاشقی کەسێك دەبین، نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە کەسێکمان دۆزیوەتەوە کە بۆشایی کەونە سیمبولی رەوانی نێرینە یا مێیینە لە ناخماندا بەتەواوەتی پڕ دەکاتەوە.

**کەونە سیمبولەکانیتر:**

بە بڕوای یۆنگ رێژەیەکی دیاریکراو بۆ کەونەسیمبول لە ئارادا نییە، کە بکرێ بە ئاسانی ناو ببرێن و بخرێنە پاڵ یەکدی و لەبەر بکرێن، کەونەسیمبولەکان یەکدی دادەپۆشن، هەندێ کاتیش بە پێی پێویست تێکدەئاڵێن و لە یەکدیدا دەتوێنەوە و خاوەنی لۆژیکێکی ئاساییش نین. هەندێ لەو کەونەسیمبولانەی کە ئەو ناویان دەبات ئەمانەی خوارەوەن:

جگە لە (دایك) کەونەسیمبولی پەیوەست بە دیکەی ئەندامانی خێزانیش هەیە.. کەونەسیمبولی باوك نکوڵیی لێناکرێ.. زۆرتریش بە شێوەی کەسێکی رێنوێن، یا خاوەن دەسەڵات دەردەکەوێت.. کەونەسیمبولی خێزانیش هەیە کە نوێنەری بڕوامەندی بە پەیوەندیی خوێنی و هەروەها ئەو پەیوەندییانەشە کە گەلێ قووڵتر لە پەیوەندیگەلی هەڵقوڵاوی دەلیل و بەڵگە و هۆکارە ئاگاییانەکان ریشە دادەکوتێ.. کەونەسیمبولی منداڵ هەیە کە بە شێوەی منداڵی تازە لەدایکبووی مەلۆتکە و هەرواش گیاندارە ورد و بچووکترەکان لە ئوستوورە و هونەرەکاندا پیشاندەدرێ.. ئەوەی کە دەبینین لە ئاهەنگەکانی (کریسمەس)دا رێز لە (عیسای منالّ) دەگیرێت، ئەوە نیشانەی کەونەسیمبولی منالّ و پیشاندەری ئایندە و بوون و لەدایکبوونەوەی دووبارە و بەختەوەرییە.

سەیرە کە کریسمەس کەوتۆتە کۆتایی پاییز و سەرەتای وەرزی زستان، زەمەنێك، کە لە نەریتە سەرەتاییەکانی وڵاتانی باکووردا نیشانەی داهاتوو و سەرلەنوێ

لەدایکبوونەوەیە. خەڵك لە سەردەمە کۆنەکاندا، لەو کات و ساتەدا ئاهەنگیان دەگێڕا و ئاگریان دەکردەوە تا بە هۆیەوە بانگێشتی هەتاو بکەنەوە بۆلای خۆیان.

کەونەسیمبولی منداڵ جاری وا هەیە لەگەڵ کەونەسیمبولەکانیدیکەدا تێکدەئاڵێت و دەبێتە هۆی پێکهاتنی (منداڵ/خوا) یا (منداڵ/قارەمان).

زۆربەی کەونەسیمبولەکان هەمان کەسێتیی ناو رۆمانەکانن و کەسی یەکەم یا پاڵەوانی چیرۆك یەکێکە لە سەرەکیترینیان، ئەویش هەمان کەسێتیی بەهێز و لەنێوبەری ئەژدیهایە، لەڕاستیدا ئەو، نوێنەری (ئیگۆ/من)ێکە کە لەقاڵبی ئەودا قارەمانی چیرۆك دەناسرێت و هەردەم لەشەڕدایە لەگەڵ ئەو (سێبەر)انەی کە لە شکڵ و شێوازی ئەژدیها و دێو و...دا خۆ دەنوێنن. بەڵام قارەمانیش هەمیشە وەکو چڵەدارێکی وشك و بێڕۆحە، هەر هیچ نەبێ، ئەوا بێ ئاگایە لە شێوازەکانی کۆنەست. (لۆك)ی (سکای والکەر) لە فیلمی (شەڕی ئەستێرەکان)دا نموونەیەکی تەواوە لە قارەمانی چیرۆك، قارەمان دەیەوێ کچێك رزگار بکات، ئەوکچە سیمبولی پاکی و بەرائەت و بە تەعبیرێکی رۆشنتر نوێنەری ساویلکەییە. لە سەرەتای چیرۆکی جەنگی ئەستێرەکاندا شازادە (لیا) کچی ناو چیرۆکەکەیە بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی چیرۆکەکە، ئەو بە دۆزینەوەی هێزی (جەبری) واتە کۆنەست، دەبێتە رەوانێکی مێیینە و شەریکێکی بەرانبەر بۆ لۆك کە لە بنەڕەتدا برای خۆیەتی. پیرەمێردێکی دانا ئامۆژگاریی پاڵەوان دەکات، ئەو پیرەمێردە شکڵێکە لە رەوانی نێرینە و کۆنەست لای پاڵەوان ئاشکرا دەکات. لە چیرۆکی جەنگی ئەستێرەکاندا، سەرەتا (ئۆبیڤەن کێنۆبی) و دوای ئەویش (یودا) رۆڵی ئەو پیرەمێردە زانایە دەبینن، ئەوان شتگەلێك لەمەڕ هێزی جەبری فێری لۆك دەکەن و هەرچەند لۆك کامڵتر و پێگەیشتووتر دەبێت ئەوان دەمرن و دەبنە بەشێك لە وجوودی لۆك.

لەوانەیە سەرتان لە کەونەسیمبولێك کە لە قاڵبی (باوکی تاریك)دا پیشاندراوە، سوڕبمێنێت، (سێبەر) کەسێتیی هەمان (باوکی تاریك)ە کە خاوەنی بەشە تاریکەکەی



هێزی جەبرییشە، دواتر دەردەکەوێت کە ئەو، هەمان باوکی (لۆك و لیا)یشە و کاتێ کە دەمرێت، دەبێتە پیرەمێردێکی زانا.

کەونەسیمبولی ئاژەڵیشمان هەیە کە پیشاندەری پەیوەندیی مرۆڤە بە جیهانی گیاندارەکانەوە و ئەسپی بە وەفای قارەمانی چیرۆك نموونەیەکی راستەقینەیەتی.

مار، زۆرتر نیشانەی کەونەسیمبولی ئاژەڵە و بەتایبەتیش دەبێتە رەمزی ئەقڵ. بەهەرحاڵ گیاندارەکان لە ئێمەی مرۆڤ زۆرتر لەگەڵ سروشتی خۆیان لە پەیوەندیدان، لەوانەیە رۆبۆتە بچووکە ئەرکۆمەندەکان، کەشتییە ئاسمانییەکان و رۆکێتەکانیش سیمبولێك بن لەو گیاندارانە.

فێڵبازەکانیشمان هەن، کە زۆرتر وەکو جادووگەر، یاخود قەشمەرێك پیشاندەدرێن، رۆڵی ئەوان وەستاندنی چالاکییەکانی قارەمان و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە و دەردیسەرە. لە ئوستوورەکانی ئەسکەندەناڤیدا زۆربەی ئەو کێشە و گرفتانەی دێنە سەر رێی خواوەندەکان، بەهۆی ئەو فێڵ و تەڵەکانەوەیە کە لە لایەن (لۆکی)ی (نیمچە خوا)وە دادەڕێژرێن.

هەندێ کەونەسیمبولی دیکەش هەن، کە باس کردنیان تا ئەندازەیەك سەختە، یەك لەوانە مرۆڤی سەرەتاییە کە لە دینە رۆژاواییەکاندا بەشکڵی حەزرەتی (ئادەم) پیشاندراوە، یەکێکیدی، کەونەسیمبولی (خودا)یە کە پیشاندەری نیازی ئێمەیە بە دەرککردنی بوونەوەران.. واتا بەخشین بە رووداوەکان و بە یەکپارچەیی دیتنیان بە شێوەی زنجیرەیەکی هەدەفمەند.

کەونە سیمبولە (دوو جنسی)یەکانیش کە هەم نێرن و هەم مێ، پیشاندەری پێکەوە کۆبوونەوەی دژبەرەکانن.. ئەمەش بیروبۆچوونێکی ئێجگار گرینگە لە تیۆرەکانی یۆنگدا.

لە هەندێك لە هونەرە دینییەکاندا، حەزرەتی عیسا بە شێوەی (پیاوێکی مێ) پیشاندراوە، هاوشێوەی ئەو کارەش لە چیندا کەسێتیی (کوان یین)ە کە یەکێکە لە (قدیس)ەکان، ئەویش بە شێوازێکی ژنانەی ئەوتۆ وێنا کراوە کە بۆتە ئیلاهە (خوا ژن)ی بەزەیی و میهرەبانی.

گرینگترین کەونەسیمبول، کەونەسیمبولی (خود)ە، خود یەکگرتنی کۆتایی کەسێتییە و بە شێوازی گۆ و خاچ و (ماندالا) کە شکڵێکی تایبەتی ئوستوورەییە و یۆنگ شەیدای وێنا کردنی بووە، پیشاندەدرێت. ماندالا بەو رەسمانە دەگوترێ کە بۆ چاودێریکردن بەکاردەبرێن چونکە دەتوانن سەرنجی بینەر بۆ ناوەند (سەنتەر) رابکێشن. ماندالا دەتوانێ بە سادەیی شکڵێکی هەندەسی یاخود شووشە رەنگاوڕەنگ و وێنەییەکانی پەنجەرەیەك دەربهێنرێت، ئەو کەسێتییانەی کە زۆرتر لە هەمووان نوێنەری (خود)ن بریتین لە: حەزرەتی عیسا و حەزرەتی بوودا، دوو مرۆڤ کە بە بۆچوونی زۆربەی زۆری خاوەنڕایان گەیشتوونەتە لوتکەی تەکامول و پێگەیشتوویی، ئەڵبەت لە بیروبۆچوونی یۆنگدا تەکامولی کەسێتی تەنیا پاش مردن دەستەبەر دەبێت و بەس.

**کۆی هێزە رۆحییەکان:**

تا ئێستا لەمەڕ ناوەڕۆکی رۆح قسەمان کرد، ئێستایش با بگەڕێینەوە سەر بنەمای هەڵسوکەوتەکانی. یۆنگ لەمبارەیەوە سێ خاڵی سەرەکی دەخاتە پێشچاو:

خاڵی یەکەم، خاڵی دژبەرەکانە: هەر ئارەزوویەك گورج دژبەرەکەی خۆی دەخاتە ناو بیری مرۆڤەوە، من ئەگەر بۆچوونێکی چاکم هەبوو بە ناچار لە سووچێکی بوونمدا بۆچوونێکی خراپی دژ بەوەی پێشووم دەبێت، لەڕاستیدا ئەمە خاڵێکی هەرە بنەڕەتییە: بۆ تێگەیشتن لە واتای (خێر) دەبێ لە واتای (شەڕ)یش تێبگەین، هەربەمجۆرەش ناتوانین (سەرەوە) بەبێ (خوارەوە) و (ڕەش) بە بێ (سپی) ببینین و بیناسین.. "ئەم فکرە لەتەمەنی یازدەساڵیمدا کەوتە مێشکەمەوە.. جاروبار هەوڵمدەدا یارمەتیی ئەو گیاندارە بچووك و بێ ئازارانەی جەنگەڵ بدەم، کە نەخۆش یا زامدار دەبوون، بەڵام هەمیشە لەوە دەترسام کە لەسەروبەندی کارەکەمدا بیانکوژم. جارێکیان ویستم (دان) بدەمە بەچکە چۆلەکەیەکی نەخۆش، کاتێ هەڵمگرت، ئەوەندە سووك بوو، دەترسام گەر تۆزقاڵێك لەناو دەستمدا بیگوشم بمرێت، هیچ لەم فکرەشم رازی نەبووم، بەڵام بەهەرحاڵ فکرێك بوو، کەوتبۆوە مێشکم و بوونی هەبوو".



بە بڕوای یۆنگ، ئەوە دژبەرییە کە هێز یاخود ژینمایەی رۆحی دروستدەکات. دژبەری، وەکو دوو جەمسەری (باتری)یەك یا یەکالاکردنی گەردیلەیەکە، ئەوە رووبەڕووبوونەوەیە کە وزە دەبەخشێت.. رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە وزەیەکی مەزن و بە پێچەوانەش رووبەڕووبوونەوەیەکی بچووك وزەیەکی کەم بەرهەمدێنێ.

خاڵی دووەم، (بەرابەری)یە.. ئەو وزەیەی کە لەئەنجامی رووبەڕووبوونەوەکە دروستبووە بە شێوەیەکی یەکسان دەدرێتە هەردوو لا، واتە کاتێ من بەچکە چۆلەکەکەم بەدەستەوە بوو، توانای ئەوەم هەبوو بیپارێزم و لە مردن رزگاری بکەم لە هەمان حاڵدا ئەو توانایەشم هەبوو بۆ کوشتنی. من خۆم ساغکردەوە لەسەر ئەوەی کە یارمەتیی بدەم، بۆیەش ئەم لایەنەی توانایەکەم کەوتە گەڕ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەبوو بۆ رزگارکردنی چۆلەکەکە بیانکەم. بەڵام لێرەدا پرسیارێك قوت دەبێتەوە: ئەی لایەنی دووەمی توانایەکەم چیی لێدێ؟، ئەمەیان بەستراوە بە چۆنییەتیی روانینی تۆ سەبارەت بەو کارەی کە هێشتا خۆت بۆ ئەنجامدانی ساغ نەکردۆتەوە، ئەگەر ئاگایی و زانیاریت لەبارەیەوە هەبێت و ئەگەر رووبەڕووی ببیتەوە و گەر لە هەستی خۆتدا هەڵیگری، ئەوا ئەو هێزوتوانایەش بەتەواوەتی تەرخاندەبێت بۆ پێشکەوتنی رۆحت، بە واتایەکی دیکە تۆ گەشە دەکەیت. بەڵام ئەگەر وا بنوێنی کە هیچکاتێ ئاوەها فکرێك نەکەوتۆتە مێشکت، ئەگەر فکرەکەت سەرکوت بکەیت و بیشاریتەوە، ئەوا ئەو توانایە وەردەچەرخێ بۆ دروستبوون و گەورە بوونی (گرێ)یەك. گرێ، گەلاڵەی ئەو فکر و ئیحساسە سەرکوتکراوانەیە کە لەسەر یەك کەڵەکە دەبن، کۆ دەبنەوە و دوایش وەکو هەسارەیەك لەچواردەوری بابەتێکدا کە لە رێگەی کەونەسیمبولێکەوە بەدیهاتووە، دەکەوێتە جووڵە و سووڕانەوە. ئەگەر ئینکاریی ئەوە بکەیت کە هیچکات بیرت لە کوشتنی جوجکەی باڵندەیەك نەکردۆتەوە، ئەوا ئەو فکرە بەبڕوا و بۆچوونێك تێدەگەی کە لە رێگەی (سێبەر) واتە بەشی تاریکی ناختەوە سەریهەڵداوە. یا ئەگەر پیاوێك ئیحساساتی خۆی ئینکار بکات و حەشاریان بدات، ئەوا ئیحساسەکانی وەردەچەرخن بەرەولای کەونەسیمبولی رەوانی مێینە و...،

کێشەکە لێرەوە دەسپێدەکات: ئەگەر بەدرێژایی هەموو تەمەنت، خۆت وا بنوێنی کە مرۆڤێکی چاکیت و تەنانەت ئامادەش نیت بیر لە درۆ و دزی و کوشتن بکەیتەوە، ئەوا بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە کاری چاك دەکەیت، توانای بەشەکەی دیکەی (بوون)ت لە دەوروبەری (سێبەر)دا وەکو (گرێ)یەك کۆ دەبێتەوە. گرێیەك کە لەناختدا دەژیت و بەرەبەرە گەروتر دەبێت تا رادەیەك کە بەسەرتدا زاڵدەبێت، ئەوکاتەش لەوانەیە هەمیشە خەونی ئاڵۆز ببینی، کە بۆ وێنە جووجکەیەکت خستۆتە ژێر پێت و خەریکی دەیپلیشێنیتەوە! گەر ئەم دۆخە زۆر بخایەنێت ئەوا (گرێ)یەکە بە تەاوەتی زاڵتر دەبێت بەسەرتدا و دەبێتە خاوەنی تۆ و دووریش نییە کە ببێتە هۆی تێکچوون و تووشبوونت بە (دوو کەسێتی).

لە فیلمی (سێ چەهرەی حەوا)دا، پاڵەوانی یەکەمی فیلمەکە رۆڵی ژنێکی دڵنەرم و داوێنپاك دەگێرێت، کە سەرەنجام تێدەگات کە گوایە بەشەو لەماڵ چۆتە دەرەوەو شێتانە لەگەڵ پیاواندا رایبواردووە. ئەو جگەرەکێش نەبوو، کەچی لەناو جانتاکەیدا جگەرە دەبینێ، مەشروب ناخواتەوە، کەچی بەیانیان لەگەڵ سەرێشەیەکی خومارانەدا لەخەو را دەبێت، ژنێکی سۆزانی نەبوو، کەچی خۆی لە جلوبەرگێکی جلفانە و سۆزانیانەدا دەبینێتەوە. هەرچەند ژمارەی ئاڵۆزی و ناکۆکییەکانی دووکەسێتی زۆر نین، بەڵام تووشبووەکانی حەزدەکەن هەمیشە بکەونە ناو کێشمەکێشی زێدەڕۆیی لەنێوان رەش و سپیدا.

خاڵی کۆتاییش خاڵی (کەمبوونەوەی توانا)یە: ئەویش واتە راکێشرانی دژبەرەکان بۆ لای یەکدی کە بەم هۆیەشەوە لە کۆتاییەکانی تەمەندا وزەی مرۆڤ کز دەبێت و کەمدەبێتەوە.

یۆنگ، ئەم فکرەی لە (ڕەوان)ەوە وەرگرت، کز بوونی وزە لە بواری (ڕەوان)دا پەیوەستە بە راکێشرانی سەرجەم سیستەم و لایەنەکان بۆ لەکار کەوتن، واتە هەموو وزەی تاك بەتەواوەتی دەبێتە دوو بەشەوە، بۆ وێنە.. ئەگەر لە سووچی ژوورێکدا سەرچاوەیەکی وزەبەخش هەبێت، بەهۆیەوە سەرجەم ژوورەکە گەرم دادێت. لە گەنجێتیدا



هەردوو جەمسەری دژبەر لە زیادەڕۆییدان و بەم هۆیەشەوەیە کە ئێمە وزەیەکی زۆرترمان هەیە. بۆ نموونە: گەنجەکان لە جیاوازیی نێوان ژن و پیاودا زیادەڕۆیی دەکەن: کوڕەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە زبر و بەهێز ببینرێن و کچەکانیش لە بەرامبەردا هەوڵدەدەن خۆیان لەوپەڕی ناسکی و نەرمیی ژنانەدا پیشانبدەن. لە بوارە جنسییەکانیشدا هەر تووشی زیادەڕۆیی دەبن. سەرەڕای ئەمانەش گەنجەکان هەردەم لە کۆتاییەکەوە بەرەو کۆتاییەکی دیکە هەڵدێن: جارێك سەرکێش و لاسار دەبن و جارێکیش روو لە مەزهەب دەکەن. زۆربەمان تا تەمەنمان بەرەو ژوورتر بڕوات، زۆرتر لەگەڵ رواڵەتەکانی خۆماندا دەگونجێین.. کەمتر دەکەوینە دوای ئارمانگەرایی ساویلکانە و باشتر دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەموومان تێکەڵاوێکین لە چاك و خراپ. رەگەزی دژبەری ناخمان کەمتر ئازارمان دەدات و زۆرتر دەبینە دووجنسی. لەتەمەنی پیریشدا ژن و پیاو تەنانەت لە (لەش)یشدا دەبنە هاوشێوە. ئەمەش بەرهەمی بەگژا چوونەوەی دژبەرەکانی ناخ و بینینی هەردوو لایەنەکەیە کە پێیدەگوترێ (کامڵبوون).

**خود:**

مەبەستی (زیندەگی) ناسینی (خود)ە. (خود) کەونەسیمبولێکە کە پیشاندەری پێگەیشتن و کامڵبوونی سەرجەم دژبەرەکانە، بەچەشنێك کە سەرجەم بەش و بوار و لایەنەکانی کەسێتیمان بەشێوەیەکی هاوبەش و یەکسان دەربکەون، ئەوکاتەیە کە ئێمە: هەم پیاوین و هەم ژن و لەهەمانکاتدا هیچکامیش نین..

هەم ئێگۆین و هەم سێبەر و لەهەمانکاتدا هیچکامیش نین..

هەم چاکین و هەم خراپ و لەهەمانکاتدا هیچکامیش نین..

هەم بەئاگاین و هەم بێئاگا و لە هەمانکاتدا هیچکامیش نین..

هەم یەك (تاك)ین و هەم سەرجەم خیلقەتین و لە هەمانکاتدا هیچکامیش نین.

لەم حاڵەتەشدا کە دژبەری نەما، وزەش نامێنێ، بۆیە جوولەمان کەمتر و هێواشتر دەبێتەوەو دوای ئەوەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش پێویستمان هەر بە جوولە نابێت.

بۆ ئەوەی هاوکێشەکە لەوە زیاتر تێکەڵاوی رازورەمز نەبێت، وەکو سەنتەرێکی نوێ یا دۆخێکی گونجاوتر بۆ (ڕەوان) بیری لێبکەنەوە:

لە تەمەنی لاویدا سەرنجێکی وردتر و قووڵتر دەدەنە ئیگۆ و نیگەرانی تێکچوونی دەمامکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆتانن.. کە تەمەنتان بەرەو ژوور دەکشێ (وایش دانێن کە بەڕادەی پێویست گەشەتان کردبێت و پێگەیشتبن)، ئەو سەرنجدان و قووڵبوونەوەیەتان لە ئیگۆ زۆرتر و قووڵتر دەبێتەوە و نزیکتر دەکەونەوە لە جەماوەر و لە ژیان و تەنانەت لە خودی بوونەوەرانیش، ئەو کەسەی کە خۆی ناسیوە، کەمتر خۆبەزلزان و خۆ ویستە.

لە ناو دیکەی تیۆرەکانی یۆنگدا دەکرێ ئاماژە بە (هاوکاتبوون)، (دەروونگەرایی)، (کارکردەکان)و (تاقیکاری/بەراورد) بکەین کە شیکردنەوەی هەموو ئەمانەش لەم کورتە نووسینەدا ناگونجێت. خەڵکانێك هەن کە دەزانن یۆنگ قسە و بیروڕا و تیۆری زۆری پێیە. بەڵام زانایان و لەناو ئەوانەشدا دەروونناسەکان لەگەڵ یۆنگدا کێشەیان هەیە. ئەو نەك هەر نەست بە سەلمێنراو دەزانێت (کە ناوەڕۆکەکەی بە ئاسانی ناکەوێتە بەر دیدی چاوی تەجروبی)، بەڵکو کۆنەستیش هەر بە سەلمێنراو دەزانێت کە نە لە رابردوو لێی ئاگادار بووین و نە لە ئایندەشدا بە تەواوەتی دەیناسین.

لە راستیدا یۆنگ روانگەیەکی هەیە کە لە بنەڕەتدا دەبێتە خاڵی بەرانبەری رێبازی سەرەکیی (کەمخوازی) لە دەروونناسیدا: یۆنگ لە بەرزترین ئاستەوە دەسپێدەکات، ئەو تەنانەت لە (مەعنەویەت)ەوە دەسپێدەکات و نزمترین ئاستەکانی (دەروونناسی و فیزیۆلۆژی)یان تێدا دێنێتە دەرەوە. بەڵام تەنانەت ئەو دەروونناسانەش کە ستایشی کامڵخوازیی تیۆرەکانی و بیروڕای دژە کەمخوازیی ئەو دەکەن، لەگەڵیدا تەبا و ئاسوودە نین.

یۆنگیش هەروەکو فرۆید هەوڵدەدات هەموو شتێك لەناو سیستەمی دڵخواز و جێپەسەندی خۆیدا شیبکاتەوە. لە تیۆرەکانی ئەودا هیچ شوێنێك بۆ بەخت و بارودۆخ و رووداو نابینرێت. لە تیۆرەکانیدا کەسێتی و ژیان بەهەموو لایەن و بوارەکانییەوە



بەڕادەیەکی زۆرتر لە پێویست شیکراونەتەوە. دیتوومانە کە تیۆرەکانی ئەو، جاروبار ئەو قوتابییانەی زانکۆ بۆلای خۆیان رادەکێشن کە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعدا کێشەیان هەیە.

کاتێك کە جیهان، بەتایبەتی جیهانی کۆمەڵایەتی زۆر سەخت و ئاڵۆز دەبێت، هەندێکەس بەرەو لای خەیاڵ پاشەکشێ دەکەن و هەندێ خوو بە تەلەڤزیۆنەوە دەگرن بەڵام هەندێکیدیکەش پەنا وەبەر ئەو ئایدیۆلۆژییانە دەبەن کە بە رواڵەت هەموو شتێکیان شیکردۆتەوە، هەندێکیش روو لە مەزهەبە عیرفانییەکان دەکەن.. مەزهەبگەلێك کە باس لە وێنا هەرە ئاڵۆزەکانی فریشتە و دێو و بەهەشت و دۆزەخ دەکەن و بە بێکۆتایی و بێ بڕانەوە لەسەریان دەدوێن، هەندێکیدیش روو لە یۆنگ دەکەن. ئەم کارەش خۆی لەخۆیدا خراپ نییە بەڵام هیچ یارمەتییەکی ئەو کەسانە نادات کە پەیوەندییان بە واقیع و راستییەکانەوە نییە. ئەم رەخنەیەش بنەماکانی تیۆری یۆنگ نالەرزێنێ بەڵکو هەر ئەوەندەیە وەبیرمان بهێنێتەوە کە پێویستە هەندێ هەڵوەستە لەبەرچاو بگرین.

### خاڵە پۆزەتیڤەکان:

تەجروبەی (مییەرز بریگەز) و زۆر تەجروبەی دیکەش هەن کە لەڕووی بنەما و کارکردەکانی یۆنگەوە دامەزراون، چونکە بنەما و کارکردەکانی یۆنگ تاکەکان دابەش ناکاتە سەر لایەنی چاك و خراپ، هیچکات هەڕەشە ئامێز نین، بەڵکو هانی تاکەکان دەدەن کە هەرچی زۆرتر ئاگادار ببنەوە لە (بوون)ی خۆیان و زۆرتر خۆیان بناسن. لەوانەیە کەونە سیمبولەکان لە نیگای یەکەمدا وەکو سەیرترین تیۆری یۆنگ بکەونە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو راستییە سەلمێنراوە کە ئەوان لە شیکاریی ئەفسانە و چیرۆکی پەرییەکان و سەرجەم ئەدەبیات و وێناگەرایی هونەری و شیکردنەوەی مەزهەبدا رۆڵێکی ئێجگار پۆزەتیڤ و کاریگەریان هەبووە. ئەوان بەڕواڵەت هەڵگری رێژەیەکی زۆر لە (یەکە خۆ شیکاری)یەکانی ئێمەن، زۆرکەس بڕوایان وایە کە ئەو

ئەفسانە و چیرۆك و كەسایەتیانە هەمیشە و هەردەم لەم دنیایەدا بوونیان هەیە و ئێمە تەنیا وردەكارییەكان سەرلەنوێ یەكدەخەینەوە. ئەم بۆچوونەش ئەوە دەسەلمێنێ كە كەونە سیمبولەكان ئاماژەن بە هەندێ لە پێكهاتە قووڵەكانی زەینی مرۆڤ.

لە روانگەی دەروونناسییەوە، ئێمە بە پێكهاتەیەكی دیاریكراو دێینە دونیا: بە شێوازێكی دیاریكراو دەبینین، بە هەمان شێوەی دیاریكراو دەبیستین و هەر بەهەمان شكڵی دیاریكراو هەڵسوكەوت دەكەین و بیروڕا دەگۆڕینەوە، ئەویش چونكە بەشەكانی ناو لەشی ئێمە بە شێوەیەكی دیاریكراو دروستكراوین. لانیكەم یەك دەروونناس پێشنیاری ئەوەی كردووە كە ئێمە پێویستە بەدوای ئەو پێكهاتەیەدا بگەڕێین كە لەگەڵ كەونە سیمبولەكانی یۆنگدا كۆك و تەبا بێت و یەكبگرێتەوە!

سەرنجام دەبێ بڵێین كە یۆنگ چاوی ئێمەی بە رووی جیاوازییەكانی نێوان گەشەی مندالآن و گەشەی گەورەترەكاندا كردۆتەوە. منالەكان لە داهێنانەكانیاندا بە جیاكردنەوەی شتێك لە شتێكی دیكە، پیشانیدەدەن كە بە ئاشكرا گرینگی دەدەنە خالە لێكجیاوازەكان:

" ئەمە چییە"، "بۆچی ئاوایە و ئاوەها نییە"،

" ئەوان لە چ جۆرێكن".

ئەوان، چالاكانە بەدوای دۆزینەوەی فرە جۆریدان و زۆربەی خەڵك، بەتایبەتی دەروونناسەكانیش بە ئەندازەیەك كەوتوونەتە ژێر كاریگەریی ئەم بابەتەوە كە وای بۆ دەچن گوایە راهێنان و فێر بوون واتە لێكجیا كردنەوە، واتە فێربوونی (شت)ی زۆرتر و جۆراوجۆرتر.

بەلام یۆنگ ئاماژە بەوە دەكات كە گەورەترەكان بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر دژبەری و جیاوازییەكاندا، زۆرتر خوازیاری (یەكپارچەیی)ن، ئەوان زۆرتر بەدوای پەیوەندیی نێوان شتەكاندا دەگەڕێن: واتە ئەوەی كە شتەكان چۆن لەگەڵ یەكدیدا جووتدەبن.. چۆن هەركامیان وەكو یەكدی ئەویتر دەخەنە ژێر كاریگەری و چۆن هەرهەموویان دەكەونە خزمەتی (گشت)ەوە.



ئێمە دەمانەوێ واتا ببەخشین بە شتەكان.. واتاكەیان بدۆزینەوە.. نیاز و مەبەستی هەبوونیان بزانین.

منالەكان، جیهان لێك جیا دەكەنەوە كەچی گەورەترەكان هەوڵدەدەن دووبارە پێكەوەی بدوورنەوە!

**پەیوەندییەكان:**

لە لایەكەوە، یۆنگ هێشتاش پەیوەستە بە رەگوڕیشە فرۆیدییەكانی خۆیەوە، ئەو، تەنانەت زۆرتر لە لایەنگرانی فرۆیدیش گرینگی دەداتە نەست، لەوانەیە بتوانین بڵێین كە ئەو درێژبوونەوەی لۆژیكیانەی رووكردی فرۆید بێت لە دۆزینەوەی هۆكارەكانی هەموو شتێك لە رابردوودا. فرۆیدیش لەمەڕ ئوستوورەكان، بۆ وێنە (ئۆدیپۆس) و ئەوەی كە چۆن كار دەكەنە سەر رۆحی نوێ، قسەی كردووە. لە لایەكیدیكەوە، خالی هاوبەشی زۆرن لەگەڵ فرۆیدییە نوێیەكان، ئۆمانیستەكان (لایەنگرانی قوتابخانەی رەسەنایەتیی مرۆڤ) و ئەگزیستانسیالیستەكان (پەیڕەوانی قوتابخانەی ژینگەرایی)دا. ئەو، بڕوای وایە كە ئێمە بۆ ئەوە دروستكراوین تا پێشبكەوین.. تا لەرێگەی دروستدا هەنگاو بنێین، ئەوجۆرەی كە فرۆیدییەكان و رەفتارگەراییەكان بۆیدەچن، دروست نەكراوین تا تەنیا خۆمان لەگەڵ هەلومەرجەكاندا بگونجێنین. مەبەستی ئەو لە (ناسینی خود) بە ئاشكرا باس لە (بە واقیعكردنی خود) دەكات. یەكسانبوون یا زاڵبوونی دژبەرەكان لە تیۆری دیترانیشدا هەیە: ئالفرێد ئادلەر، ئۆتۆڕەنك، ئەندریاس ئەنگیاڵ، دێڤید بێكن، گاردنەر مۆرفی و رۆلۆمەی، هەر هەموویان ئاماژەیان كردۆتە سەر یەكسانبوونی دوو حەزی دژبەرو جیاواز. دوو حەز كە رێگای یەكێكیان بەرەو قازانجی تاك و ئەویتریان بەرەو سوودی كۆمەڵ دەڕوات. (رۆلۆمەی) باس لە رەوانێك دەكات كە پێكهاتووە لە چەند (خودا شێوە)یەك، بۆ وێنە حەز لە سێكس، ئەشق یا دەسەلات، ئەمانەش هەركام لەجێی خۆیاندا پۆزەتیڤن بەلام ئەگەر هەركامێكیان زاڵبوون بەسەر تەواوی كەسێتیدا، ئەوا ئێمە دەكەوینە ژێر هێز و ركێفی دێوەكان یاخود نەخۆشییە دەروونییەكانەوە!

به كورتی، ئێمه بۆ پەره پێدانی واتا چ لەمەڕ نیشانەكان یا خەونەكان یاخود ڕەنگدانەوەی ئازاد، قەرزاری یۆنگین. ئەگەرچی فرۆیدیش تەعبیرگەلێكی نەگۆڕی دایە دەست (بە تایبەتی لە بواری جنسەوە)، یۆنگ واتایەكی ئوستوورەیی و بەبێ گەلاڵەی پێشوەختەی پیشاندا، تەعبیرێك كە تیایدا هەمووشتێك دەتوانێ واتای هەبێت.. هەموو شتێك.

دەبێ بڵێین، شیكاریی ئەگزیستانسیالیستی بە تایبەتی سوودی لە تیۆرەكانی یۆنگ وەرگرتووە.

# گوڵبژێرێك لە (وتە)كانی یۆنگ

١- بە بێ یاریکردن لەگەڵ خەیاڵدا (فەنتازیا)، هیچ بەرهەمێکی داهێنەرانە خەلق نەدەبوو، ئێمە زۆرتر لەوەی بۆی دەچین قەرزاری یاریی خەیاڵ (فەنتازیایین).

٢- پێڵاوێك کە بۆ پێی یەکێك دەشێت، پێی یەکێکیدیکە دەگوشێت، گەڵاڵە و پەیڕەو پرۆگرامێك بۆ ژیان بوونی نییە کە بۆ هەمووان بشێت و بگونجێت.

٣- زانست هەر تەنیا نەبەستراوە بە (حەقیقەت)ەوە، بەڵکو پشتی بە هەڵەکانیش بەستووە.

٤- ئەو سەرکەوتنانەی کە کۆمەڵگە شایانی ئەوەیان دەزانێ پاداشت بکرێن، بە نرخی سووکایەتیپێکردن و بچووك کردنەوەی کەسێتی دەستەبەر دەبن.

٥- مرۆڤ بەرێز و پێزانینەوە یادی مامۆستا و فێرکارە بەرجەستەکانی خۆی دەکاتەوە، بە سوپاسیشەوە لەو کەسانە دەڕوانێت کە ئیحساسەکانیان نەوازش کردووە، پرۆگرامی خوێندن وەکو خاڵێکی سەرەکی و سەرەتایی پێویستە بەڵام وەزە و تین رەگەزێکی ژیانبەخشن بۆ گەشەی رۆح و هەرواش رۆحی منداڵ.

٦- هەرشتێك کە سەبارەت بە دیتران ئازارمان دەدات، دەتوانێ بیشمانگەیەنێتە بەشێك لە ناسینی خۆمان.

٧- مرۆڤ، مادام لە حاڵی تێپەڕاندنی دۆخە بێ نەزمەکانی ژیاندایە، دیارە کە بە بێ کێشە نییە.

٨- ئەفراندنی شتێکی نوێ بە هۆی (هۆش)ەوە نییە، بەڵکو بە هۆی (غەریزە)یەکەوەیە کە لە نیازە دەروونییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. زیهنی داهێنەر هەمیشە لەگەڵ بابەتە دڵخوازەکاندا یاریدەکات.

٩- لە روانگەی دەروونناسییەوە هیچ شتێك ئەوەندەی (ژیانی نەژیاو)ی باوك و دایك کار ناکاتە سەر پانتایی دەوروبەر بەتایبەتیش سەر منداڵەکانیان.



١٠- رووبەڕووبوونەوەی دووکەسێتی وەکو پێکگەیشتنی دوو مادەی شیمیاییە، ئەگەر کارلێکێك روو بدات، هەردووکیان دەگۆڕدرێن.

١١- لە شوێنێکدا کە ئەشق حاکم بێت، حەزی دەسەڵات بوونی نییە و لەو شوێنەشدا کە دەسەڵات زاڵە، ئەشق بوونی نییە.. یەکێکیان ئەویدی دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە.

١٢- ئەوەندەی ئاگادارین، تاقە مەبەستی هەبوونی مرۆڤ ئەوەیە کە رۆشناییەك بخاتە ناو (تاریکایی هەبوونی سیرف)ەوە.

١٣- من دڵی کۆمەڵگەم کردە نیشانە، وا رێك کەوت لە زکی بدەم!

١٤- هەموو شتێك بەستراوەتەوە بەوەی کە ئێمە چۆن سەیری شتەکان دەکەین نەك بەوەی کە شتەکان خۆیان (چی)ن.

١٥- مرۆڤ بە خوێندنەوەی مێژووی زەینی بەشەر زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم راستییەوە کە گەشەی زەین هەمان پەرەسەندنی چوارچێوەی ئاگاییەو هەر هەنگاوێکیش کە مرۆڤ لەم رێبازەدا هەڵیگرتووە، پڕ زەحمەتترین و دەرداویترینی پێشڤەچوونەکانی بووە.

١٦- سەرجەم شاکارەکانی مرۆڤ لە فەنتازیای داهێنەرانەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیەش ئێمە بۆمان نییە فەنتازیا بە کەمبایەخ بزانین.

١٧- هەندێجار لە واقیعی نێوان ژێری و هەستی مرۆڤانەی تاکدا ئەوەندە ناتەبایی و جیاوازی دەبینرێت کە مرۆڤ بە ناچار ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات کە: ئایا باشتر نەبوو ژێری و زیرەکییەکەی کەمتر بوونایە؟!

١٨- بەبێ هەژان، گۆڕینی (تاریکی) بۆ (ڕووناکی) و (وەستان) بۆ (جووڵە) ئیمکانی نابێت.

١٩- هێز و وزە داهێنەرەکان بە ئاسانی دەتوانن تێکدەر و خراپ بن، کێشەکە هەر تەنها بەستراوە بە کەسایەتیی ئەخلاقیی تاکەوە کە خۆی بۆ کام لە کارە چاك یا خراپەکان تەرخان دەکات. خۆ ئەگەر تاك بێبەشبوو لە کەسێتیی ئەخلاقی، ئەوا هیچ مامۆستا و فێرکارێك ناتوانێ ئەو شتە لە ناخیدا دروست یاخود جێگیر بکات.

٢٠- تا شتەکان وەرنەگرین (قبووڵ نەکەین) ناتوانین بیانگۆڕین.. مەحکوومکردن، ڕزگاریدەر نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی دەسدرێژی.

٢١- بە دڵنیاییەوە ئێمە بەرەو پێش دەچین.. ئەگەر من (مووسا) بم، تۆش (یوشع)یت و هەردووکیشمان دەبینە خاوەنی سەرزەویی مژدەدراوی (دەروونپزیشکی)، هەرێمێك کە تەنیا دەتوانم لە دوورەوە و هەر بە خەیاڵ بیبینم.

٢٢- پەیڕەویکردنی عاتیفە و ئیحساسات، رووکارێکە بۆ داپۆشینی دڕندەیی.

٢٣- کاتێ لە یەکێك تێناگەن، بە (نەزان) لە قەڵەمی دەدەن!

٢٤- هەموو کەسێك لەسەریەتی خۆی لە دیتران جیا بکاتەوە و بەسەر پێی خۆیەوە بوەستێ، تایبەتمەندییە (جەمعی)یەکان رەوتی ئەنجامدانی ئەم کارە دەشێوێنن. ئەو تایبەتمەندییانە وەکو گۆچانن بۆ ئیفلیج.. وەکو پەناگەن بۆ ترسنۆك.. وەکو جێی نوستنن بۆ تەمبەڵ و هەرواش وەك (خانەی تایبەتی منداڵان)ن بۆ خەڵکی نابەرپرس.

٢٥- دیداری ئێمە لەگەڵ (رۆح القدس)دا لە کەشوهەوای ئاسایی و جێگیرکراوی ژیانی رۆژانەی کرێکار یا سەرمایەدارێکدا مەیسەر نابێت، بەڵکو لە نائەمنیی دەرەوەی ئابووریی ئینسانی.. لە پانتاییەکی بێسنوور.. لە شوێنێکدا کە مرۆڤ بە تەنیا لەگەڵ (مەشییەتی ئیلاهی)دایە، روودەدات.

٢٦- تەنانەت لە بڵندترین لووتکەشدا جیا نیین لە (خێر و شەڕ)، هەرچەند حەسارە نەناسراوەکانی خێروشەڕ زۆرتر تەجروبە بکەین، دادوەریی ئەخلاقیمان لەرزۆکتر و (ون)تر دەبێت.

٢٧- سەرجەمی خیلقەت (زیهنی)یە و خەون تەماشەخانەیەکە تیایدا مرۆڤ هاوکات شانۆ و ئەکتەر و بەڕێوەبەری شانۆ و سەناریست و بینەر و رەخنەگریشە.

٢٨- تەنانەت ژیانێکی بەختەوەرانەش ناتوانێ بەدوور بێت لە کەمێك تاریکایی، وشەی خۆشبەختی ئەگەر تێکەڵاوی خەم نەبووبا واتای خۆیی لە دەست دەدا، وا باشترە شتەکان بە سەبر و ئارامییەوە بەهەمان شێوە وەربگرین و قبووڵیان بکەین کە لە رێگاوە دەمانگەنێ.



٢٩- ئەگەر شتێکت بۆ داهێنان نییە، سەرلەنوێ خۆت دابهێنەوە.

٣٠- ئێوە شێتێکم پیشانبدەن تا من تیماری بکەم!

٣١- تەنها ئەو کاتە بیناییتان شەفاف دەبێ کە دەڕواننە دڵی خۆتان، ئەوکەسەی کە سەیری دەرەوە دەکات، خەون دەبینێ.. ئەوەشی کە سەیری ناوەوەی خۆی دەکات، بێدار و بەئاگا دێتەوە.

٣٢- ئەگەر شتێك لە ئاکاری منداڵەکەماندایە کە حەز دەکەین بیگۆڕین، دەبێ سەرەتا تێفکرین و بزانین ئایا ئەوە هەمان ئەو شتە نییە کە دەبێ لە ناخی خۆماندا بیگۆڕین؟!.

**کۆتایی**

## ژێدەرەکانی کتێبی (کاروانی ئەندێشە)


١- رود ارام و کنفوشیوس/ پرستو ابراهیمی/ چاپ اول ١٣٨٣/ تهران، انتشارات سوگند.

٢- شوکران شیرین، ارسطو و سقراط/ زهره زاهدی/ چاپ دوم ١٣٨٢/ تهران، انتشارات اندیشه عالم.

٣- خاك و ملکوت، افلاطون/ زهره زاهدی/ چاپ دوم ١٣٨٢/ تهران، انتشارات اندیشه عالم.

٤- فلسفه و تفکر، کانت و دکارت/ زهره زاهدی/ چاپ دوم ١٣٨٣/ تهران، انتشارات سوگند.

٥- یك گام تا مهتاب و یونگ/ زهره زاهدی/ چاپ دوم ١٣٨٣/ تهران، انتشارات سوگند.


***   ***   ***



## پێزانین نیشانەی ئەمەك و وەفاداریی ئەشەڤەنییە


*سوپاسی فراوانم بۆ:*

*ئەدهەم عەباسی (ئەشا) بۆ پیتچنین نەخشەی ناوەوەی ئەم بەرهەمە.*

*هاوڕێی هێژام کاك عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا کە زەحمەتی پێداچوونەوەی هەر پێنج دەفتەرەکەی گرتە ئەستۆ.*

*هیوادارم کامەران بن و نمونەیان زۆرتر بێت.*



جەلیل عەباسی (قەقنەس)

هەولێر ٢٠٠٦/٨/٥

E-mail: pirshaliar@yahoo.com